ناوازەکان

د.محەمەد ڕاتب نابلسی

وەرگێڕانی

محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دکتۆر محەمەد ڕاتب نابلسی

ناوازەکان

وەرگێڕانی
محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

ناوی کتێب: ناوازەکان

ناوی نووسەر: دکتۆر محەمەد ڕاتب نابلسی

وەرگێرانی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٠

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٩٢٦)ـی ساڵی (٢٠٢٠)ـی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

پێرست

پێشەکیی وەرگێڕ ١٣
پێشەکی ١٧
پشتبەستن بە خوای گەورە ١٩
ئارامیی دەروونیی ٢٠
دنیا... هەر خەم و خەفەت و چەرمەسەرییە ٢١
جۆرەکانی ئارامگرتن ٢٢
سامان و فەڕ و بەرەکەت ٢٣
چۆنێتی گەیشتن بە ئامانج ٢٤
لەگەڵ خوای گەورە بە ٢٥
یەکەمین بە! ٢٦
بەخت و شانسەکان لە دنیادا چۆن دابەش دەکرێن؟ ٢٧
نهێنیی بەختەوەری ٢٨
ڕزگاربوون لە چاڵ و لەمپەڕەکانی ژیان ٢٩
ڕزق و ڕۆزیت چۆن دەپارێزی؟ ٣٠
من خوام هەیە، خۆمم ڕادەست کردووە و باشترین پشتیوانمە ٣١
گەورەترین بەخششی خوایی ٣٢
ڕاستییەکانی باوەڕ و شیرینی باوەڕ ٣٣
جیاوازی نێوان سەرکەوتن و ڕزگاربوون ٣٤
ئایا بەخشینی نیعمەت بە مرۆڤ ڕێزلێگرتنە؟ ٣٥

پاككردنه‌وه‌ی ده‌روون ٣٦
فه‌رمانكردن به‌ چاكه‌ و ڕێگیریكردن له‌ خراپه‌ ٣٧
پێوه‌ری به‌راوردكردنی مرۆڤه‌كان به‌ یه‌كتر ٣٨
دادپه‌روه‌ری و چاكه‌كاری ٣٩
حه‌ڵاڵ... سوودێكی ئاڵوگۆڕپێكراوه‌ ٤٠
ئایا خوای گه‌وره‌ به‌ چ نیعمه‌تێك خۆشه‌ویستانی خۆی تایبه‌ت كردووه‌؟ ... ٤١
تاقیكردنه‌وه‌ی سه‌خت ٤٢
گوته‌ی جوان و شیرین ٤٣
زانست مه‌زنترین نیعمه‌ته‌ ٤٤
دڵی ساغ و سه‌لیم ٤٥
بانگه‌واز بۆ لای په‌روه‌ردگار په‌یامه‌ ٤٦
بازرگانی له‌گه‌ڵ خوای گه‌وره‌دا ٤٧
جوانترین و خۆشترین شت له‌ دنیادا ٥٠
نوێگه‌ریی له‌ ئاییندا ٥١
جووله‌ به‌پێی ئامانج ٥٢
ئایینه‌كه‌ت نه‌فرۆشی! ٥٣
سه‌رده‌می شته‌ ماددییه‌كان ٥٥
كاسبی حه‌رام ٥٦
ئایینه‌كه‌ت له‌ كوێیه‌! ٥٧
بیركردنه‌وه‌ له‌ دروستكراوانی خوای گه‌وره‌ ٥٨
كارتی براوه‌ ٥٩
تۆ بۆچی له‌ دنیادایت؟ ٦٠
ناسینی خوای گه‌وره‌ ٦١
كێ ڕه‌گه‌زی كۆرپه‌له‌ دیاری ده‌كات؟ ٦٢
وه‌حی ڕێنمایی ئه‌قڵ ده‌كات ٦٣
چاكه‌ ته‌نها له‌ گوێڕایه‌ڵی خوای گه‌وره‌دایه‌ ٦٤

بانگهێشت کراون بۆ لای بەزەیی خوای گەورە ٦٥
نزیکی نەکەون ٦٦
بەختەوەریت بە دەستی خۆتە ٦٧
ئوممەتێك بوو تێپەڕی ٦٨
هەڵەی ڕەفتاریی... بەرئەنجامی هەڵەی بیر و بۆچوونە ٦٩
مرۆڤ بۆچی دۆڕاوە؟ ٧٠
حەز ڕێگای چوونتە بۆ بەهەشت ٧١
خانووی خەڵەتێنەر ٧٢
مافی خەڵکی ٧٣
ڕەمەزان مانگی گوێڕایەڵی و پەرستشەکانە ٧٤
خۆشویستنی هاوسەر ٧٥
پەرستنی دڵسۆزانە ٧٦
مامەڵەی خوای گەورە لەگەڵ لاوی مسوڵماندا ٧٧
هەژارییەك کە بەری تەمبەڵییە ٧٨
پەیوەندیی خۆشەویستی نەك ناچاری و زۆرەملێ ٧٩
کات بەفیڕۆدان ٨٠
مەترسی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ٨١
بەرهەمی نوێژ ٨٢
بەرژەوەندی تایبەت و دەقی شەرعی ٨٣
ڕۆژوو پەرستشی دڵسۆزییە ٨٤
لە حیکمەتەکانی ڕۆژوو ٨٥
پارێزگاریی و ئارامگرتن ڕێگای سەرکەوتنن ٨٦
بەڵگەیەك لە بۆشایی ئاسماندا لەسەر قودرەتی خوا ٨٧
بەڵگەیەك لە بەدیهێنانی مرۆڤدا ٨٨
لووی تیمۆس و ئامێری بەرگری ٨٩
باوەڕ بە خوای گەورە بناغەی تەندروستی دەروونییە ٩٠

تێکشکان لە ناخدایە ٩١
نزیکبوون لە خوای گەورە ٩٢
مردن کۆتایی بە هەمووشت دێنێ ٩٣
دوای بەخەرجدانی هەر هەوڵێك ڕازیبوون دێت ٩٤
بیرکردنەوە لە دروستکراوانی خوا... چاوا ٩٥
بێبەشکردن خودی بەخشینە ٩٦
داوای شکۆمەندیی هەر لە خوای گەورە بکە ٩٧
مەرجەکانی سەرکەوتن ٩٨
بەخەرجدانی بەزەیی و نەرمونیانی لەگەڵ ژێردەستەکاندا ٩٩
پێگە و پایە و ڕێزی هاوسەر لای مێردەکەی ١٠٠
حەج گەشتی تەمەنە ١٠١
بەزەییهاتنەوە بە منداڵاندا ١٠٢
پاداشتی چاکەکاری ١٠٣
خوای باڵادەست چۆنچۆنی سوپاست دەکات؟ ١٠٥
کردەوە چ کات دەبێتە پەرستش؟ ١٠٦
کارە چاکەکان... دەتپارێزن لە شتە خراپەکان ١٠٧
کردەوەی بچووکیش لای پەروەردگار هەر گەورەیە ١٠٨
واتای ڕاستەقینەی سیلەی ڕەحم ١٠٩
زەکاتی کات ١١٠
بەهای تەمەن لە ناوەڕۆکیدایە نەك لە ماوەیدا ١١١
مەبەست لە سەردانی خزمان ١١٢
خوا عەیبەکانی داپۆشیوی... نەکەی بیاندرکێنی ١١٣
عەیبداپۆشەر بە ١١٥
یەکەمین سیفەت لە ئافرەتی باوەڕداردا ١١٦
ژیانی باوەڕدار لەنێوان دادپەروەریی و چاکەکاریدا ١١٧
بە شتە ئەرێنییەکان دەست پێ بکە ١١٩

جیاوازیی نێوان سەرپێچیکار و خراپەکاریی لەخۆبایی... .... ١٢٠
داپۆشینی شەرمگا لە ئیسلامدا ١٢٢
نزیککەوتنەوە لە خوای گەورە بە ناوە پیرۆزەکانی ١٢٣
مرۆڤ و جوانی ڕاستەقینەی ١٢٤
جوانخاس... کەسێکە شێوە و ڕەوشتی جوان بن ١٢٥
پەروەردگارم... کەسێ تۆی لەدەست داوە چی دەست کەوتووە... .... ١٢٧
بەدبەختی و گومڕایی دەرئەنجامی دوورییە لە خوا ١٢٨
نەگبەتی و ناسینی خوا... پێکەوە کۆنابنەوە ١٢٩
لەزەتی هەستیی تا سەر نییە ١٣٠
چەمکی جوانی و مانا فراوانەکانی ١٣١
دنیا خانووی تاقیکردنەوەیە... قیامەتیش خانووی خۆشنوودییە ١٣٣
زانستخوازی ١٣٤
ڕامکردن هەم بۆ ناسینە و هەم ڕێزلێگرتنە ١٣٦
سێ نیعمەت ١٣٧
ئەو تایبەتمەندییە کە حەج لە پەرستشەکانی تر جیا دەکاتەوە ١٣٩
ڕێنمایی و ئامۆژگاری لەسەر حەج ١٤١
حەج دیمەنێکی بچووککراوەی مەحشەری مەزنی ڕۆژی قیامەتە ١٤٣
حیکمەت لە هەڵبژاردنی شوێنی حەج ١٤٤
ڕۆژی عەرەفە ١٤٥
حەج پەرستشێکە یەکسانی تیایدا دەدرەوشێتەوە ١٤٧
ئاشتەوایی لەنێوان خەڵکیدا ١٤٨
کامڵترین بەدیهێنان ١٤٩
بۆ بینابیتان ناخەنە کارا! ١٥٠
ژیر ئەو کەسەیە بۆ ئاییندەی بژی ١٥١
چەمکی ئەرێنی لە بەڵا و کارەساتدا ١٥٢
باوەڕدار ژیانی خۆی لەسەر بەخشین بونیات دەنێ ١٥٣

ئەوەش بەدیهێنراوی خوای گەورە ١٥٤
یاسای سەرپەرشتیکردن و فەرامۆشکردن ١٥٥
پەروەردگارمان مامەڵە لەگەڵ ئاواتخواستندا ناکات! ١٥٧
واتای فراوانی کۆچ ١٥٨
مەشقە کردارییەکانی کۆچکردن ١٦٠
نموونەیەکی پێغەمبەرانە لەسەر پشتبەستن ١٦١
پاڵنەر و بنەمای باوەڕ بۆ کۆچکردن ١٦٢
خوا لەگەڵماندایە ١٦٣
زانست چ کات دەبێتە فەرز؟ ١٦٤
زانستی خوا ئاگادارە بە سەرتدا... توانایشی دەتگاتێ ١٦٦
ئەدەبی بانگهێشت بۆ سەر سفرەی میوانداری ١٦٧
هەڵسوکەوتی خوای گەورە لەگەڵ بەندەکانی ١٦٨
شیفابەخش تەنها خوای باڵادەستە ١٦٩
چاکترینی چاکەکان ئەوەیە خوا بپەرستی هەروەك لە بەرچاوتدا بێت .. ١٧٠
نەخۆشی یەکێکە لە هۆکارەکانی پەروەردەی مرۆڤ ١٧١
ئەمە فەزڵی پەروەردگارمە ١٧٢
دەشێ ئوممەتی ئیسلامی خەوی لێ بکەوێ، بەڵام نامرێت ١٧٤
چۆن ڕزگارمان ببێت لە کێشەکانمان؟ ١٧٦
مافی قورئانخوێندن ١٧٧
ڕوونکردنەوە شەیتان ڕاودەنێ ١٧٨
نزا و پاڕانەوە چەکی باوەڕدارە ١٨٠
نادیار (غیب) هەر لای خوایە ١٨١
لەنێوان بەندە و پەروەردگاریدا نێوەندگیر بوونی نییە ١٨٢
لە مەرجەکانی گیرابوونی نزا و پاڕانەوە ١٨٣
ئەو شتە هەڵبژێرە کە هەمیشەیی و نەبڕاوەیە ١٨٤
دڵ شوێنی بەختەوەرییە ١٨٥

گەورەترین سزا! ١٨٦
ئەگەر خوای گەورە خۆشیویستی ١٨٧
ترس لە گوناه و تاوان ١٨٩
دنیا فریودەرە، زیانگەیەنەرە و تێدەپەڕێ ١٩٠
پەرستشە ڕەفتارییەکان ١٩١
شەرم (حەیا) هێمای هەبوونی باوەڕە ١٩٢
هەماهەنگی لەنێوان دروستبوونی مرۆڤ و پێداویستییەکانی ١٩٤
سروشتی پاکی مرۆڤ تەبایە لەگەڵ ڕێبازی خوای گەورە ١٩٥
هەوا بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی گەورەیی خوا لەم بوونەوەرەدا ١٩٦
دووڕوو کەسێکە لەسەر حیسابی ئایینەکەی هەموو خەڵکی ڕازی دەکات .. ١٩٧
کاریگەریی سووڕانەوەی زەوی لە ژیانی مرۆڤدا ١٩٨
نیعمەتێك کە ئێمە گوێی پێ نادەین! ١٩٩
خواپەرستیی ئاسنامە ٢٠٠
هەرکەس بێدەنگ بێت لە وتنی ڕاستی شەیتانی لاڵە ٢٠١
شەرم (حەیا) نیشانەی کامڵییە، بەڵام شەرمنی عەیبەیە ٢٠٢
متمانەی پتەو بە خوای گەورە مایەی دڵنیایی و دامەزراوییە ٢٠٤
پاڕانەوە خواپەرستییە ٢٠٥
دەوڵەمەندی و هەژاری دوای چوونە خزمەت پەروەردگار دەردەکەون ... ٢٠٦
مرۆڤ چ کات بەختەوەرە ٢٠٧
سەرئەنجامی هەموو مەسەلەکان لای خوای گەورەن ٢٠٨
مرۆڤ بە لاوازیی دروست بووە ٢٠٩
دەق ڕێنماکاری کەسی ژیرمەندە ٢١١
مردن گەورەترین ئامۆژگارییە بۆ مرۆڤ ٢١٢
سەرجەم کارەکان بە دەستی خوای گەورەن ٢١٣
هیدایەتی خوا بۆ هەموانە ٢١٤
نیعمەتی هیدایەت ٢١٥

هیدایەت پێویستی بە هەوڵدان و بە کاتبەخەرجدانە ٢١٦
هاوکاریکردنی لانەوازان کەمترین ئەرکی سەرشانمانە ٢١٧
دەرگای ئاسمان ٢١٩
نارەوا هەرچەندە زۆر بێت هەر نابێتە ڕەوا ٢٢٠
حەقیقەتی بەڵا و تاقیکردنەوە ٢٢١
پەروەردگار تەنها کردەوەی پاك وەردەگرێ ٢٢٢
تاوانی دوژمنانمان بێداریان کردینەوە ٢٢٣
مرۆڤ ئازادە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە ٢٢٥
هەر ڕووداوێك حیکمەتێکی تێدایە ٢٢٦
پرسی قەزا و قەدەر پاساو نییە بۆ کەمتەرخەمیکردن ٢٢٧
بەسەربردنی کات لە شتانی سوودبەخشدا ٢٢٩
باڵوێزی ئایینەکەت بە ٢٣٠
بڵاوبوونەوەی گوناهەکان هۆکاری لەناوچوونی گەلانە ٢٣١
حەرامکردنی سوو ٢٣٢
چەمکی (لایەنگیریی و پەرگیریی) بنەمایەکی سەرەکییە لە ژیانی... .... ٢٣٣
پێوەری ڕاستەقینە پیادەکردنی ڕێبازی خودایە ٢٣٤
لایەنگیریی لەنێوان باوەڕداراندا... بەڵگەی ڕاستگۆیی باوەڕیانە ٢٣٥
کردەوە چاکەکان لە ژمارە نایەن ٢٣٦
قورسایی مرۆڤ لای پەروەردگار... بە ڕادەی قورسایی کردەوە... .... ٢٣٧
بە حەز و ئارەزووەکان بەرز دەبینەوە! ٢٣٨
ئەمانەتپارێزیی بە هەموو جۆرەکانی ئەرکی سەرشانمانە ٢٤٠
ڕکوع نواندنی ملکەچییە بۆ پەروەردگار... . سوژدەش داواکردنی... .... ٢٤١
ئایین، خواییە (توقیفی)یە... ناچێتە ژێر هیچ هەموارکردن... .... ٢٤٣

پێشەکیی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووود و صەڵەوات لەسەر پێشەوامان پێغەمبەر موحەممەد(ﷺ) و لەسەر خانەوادە و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.

مامۆستا دکتۆر (موحەممەد ڕاتب نابلسی) زانایەکی گەورە و بانگخوازێکی دیاری جیهانییە، بانگخوازێکە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، لە باکوورەوە بۆ باشوور کەسێکی ناسراوە، جێگە دەستی لە پەروەردەکردن و بانگەواز و خزمەت بە ئیسلام لەبەرچاوە.

ئەم پێشەکییەمان بریتییە لە خستنەڕووی هەڵوێستی ئەم زانا گەورەیە بەرانبەر بە دەستەڵاتی سیسی و میسر، کە فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەر موحەممەد مورسیدا (بە ڕەحمەت بێت) دەکرد. -جگە لەم هەڵوێستەی لە چەندین بۆنەی تردا قسەی لەسەر ئەو ستەمە کردووە- لێرەدا تەنها ئەم هەڵوێستەی بێ زیاد و کەم دەخەینە ڕوو، هەر بەم گوتەیەشی کۆتایی بەم پێشەکییە دێنم، چونکە ئێمە لەم کتێبەدا باس لە هەندێ لە وتە نایابەکانی مامۆستا دەکەین، هەر بۆیە ئەم گوتەیەی دەکەینە دەسپێکی ئەو گوتە نایابانەی کە لەم کتێبەدا تۆمار کراون.

ئەم لێدوانەی ئاماژەیە بۆ عەبدولفەتتاح سیسی و دەستەڵاتە ستەمکارەکەی، لە کاتێکدا کە لە یەک ڕۆژدا (٤) هەزار مرۆڤی -لە گۆڕەپانی ڕابیعەی عەدەوییە- کوشت، کەچی دێت دادگایی کەسێک دەکات کە لە ژیانیدا یەک مرۆڤی نەکوشتووە! ئەم لێدوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، لەنێویاندا پێگەی (خلیج ئۆنلاین)،

کە لە بەرواری ٢٥ / ٦/ ٢٠١٩دا لە ئانوساتی پێشەکەشکردنی وتارێکیدا بڵاوی کردەوە، دەڵێ: (کاتێ کە بینیم لە سەرتاسەی وڵاتانی جیهاندا نوێژی جەنازە لەسەر (مورسی) دەکرێ، گریام، چونکە ئەوە نیعمەتێکی خواییە... لە ڕاستیدا ئیسلام زۆر بەهێزە... هەرچەندە ئەم پیاوە تەنها یەک ساڵ حوکمی میسری کرد، بەڵام دەستکەوتی سەرسووڕهێنەری پێشکەش کرد).

لە وتەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: (با چەند گرتەیەکتان لە مێژووی ئیسلامیی بۆ بخەمە ڕوو:

یەکێکیان: باسی گەورە دادوەرێکە کە لە سەردەمی خەلیفە (مەئموون)دا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی لە کارەکەی پێشکەش کرد، داوای کرد واز لە کاری دادوەریی بێنێ، خەلیفە مەئموون پێی وت: بۆ داوای وازهێنان دەکەیت؟ دادوەرەکە وتی: دوو ڕۆژ لەمەوبەر دوو کەسی ناکۆک بە یەک کە داوایان لەسەر یەکتر هەبوو هاتنە لام، یەکەمیان سینییەک خورمای بەنرخی پێشکەش کردم، منیش ڕەتم کردەوە، ڕۆژی دواتر دڵم حەزی وابوو حەق لای ئەو خاوەن سینییە خورمایە بێت، ئەمە لە کاتێکیشدا کە لێم وەنەگرتبوو، ئینجا پرسیاری لە خەلیفە کرد و وتی: ئەی ئەگەر لێم وەربگرتایە ئایا چ حاڵێکم بەسەر دەهات؟ بەڕێزان ئێمە لە ڕابردوودا بەمشێوەیە بووین، بەها و پرەنسیپەکان حوکمیان دەکرد، بەڵام لەم سەردەمەدا وانییە، چونکە ئەو بەها و پرنسیپانە لای زۆربەی زۆری دادوەرانی ئەم سەردەمە ونبوون و نەماون)، ئینجا درێژەی بە وتەکانی دا و وتی: (پێغەمبەرمان (ﷺ) پێمان دەفەرموێ: دوو دادوەر بەرەو دۆزەخ و یەک دادوەریش بەرەو بەهەشت. ئایا -ئەو دادوەرانە- بۆ قسەیان نەکرد، ئایا نەیانزانی مورسی کە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن مرۆڤێکی بێتاوانە؟ دڵنیام ئێوە باش باش دەزانن -بەو دادوەرانە دەڵێ کە بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ (مورسی)

دەرکرد- ئەو دادوەرە ئەوەندەی کە شارەزایە بە خۆی زۆر لەوە زیاتر شارەزایە و دەزانێ کە مورسی بێتاوانە).

دواجار وتی: (توێژینەوەیەکی تێروتەسەلم لەسەر دەستکەوتەکانی ئەو یەک ساڵەی مورسی هەیە کە حوکمی میسری کرد، ئەوەندە دەستکەوتی سەرسووڕهێنەری هەیە کە فەرمانڕەوایانی میسر لە ماوەی (١٠٠٠) هەزار ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانیوە بیکەن، کەچی هەر حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرد).

خوێنەری بەڕێز فەرموو ئەوە تۆ و ئەوە وتە نایابەکانی مامۆستا کە لە باوەڕێکی یەقینی و قووڵ و هەست بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵقووڵاون. خوای گەورە پاداشتی بەخێری بداتەوە و ئێمە و ئێوەش بێبەش نەبین لە بەرەکەت و لە پاداشتی خێری ئەم هەوڵەی. بەو ئومێدەی مایەی قبووڵی پەروەردگار بێت.

وەرگێڕ

محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

٢٠٢٠/٧/١١

سلێمانی

پێشەکی

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و صەڵەوات لەسەر پێشەوامان موحەممەد و لەسەر ماڵبات و هەموو هاوەڵانی، پاشان...

خوای گەورە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا شەرەفمەندی کردم بە بانگەوازکردن بۆ ئایینەکەی، ئەوەش فەزڵ و بەخششی ئەو زاتەیە لەسەرم کە هەموو وتار و وانە و بابەتەکانم کە لە ماوەی کاروانی بانگەوازمدا بەجێم گەیاندوون تۆمار کراون، یان وێنەیان گیراوە، زۆرێکیان لە ڕادیۆ عەرەبی و جیهانییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، یان لە کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانەوە خراونەتە بەرچاو. برایانێکی بەڕێز –کە خۆشم دەوێن و ڕێزیان دەگرم- داواخواز بوون کە برگەی تایبەت و جیاکار لە مێژووی ئەم بانگەوازەم هەڵبژێردرێ کە بابەتێکی گرنگ، یان چیرۆکێکی کاریگەر، یان گوتەیەک یان پەندێکی پڕمانایان تێدایە، جا بۆ چوون بە دەم ئەو پێشنیارەوە هەستاین بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتانە کە بوونەتە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، ئەوەندە هەیە بزانرێ کە من پابەند نەبووم بە پۆلێنکردنی بابەتەکان لە چەند بەشێکی دیاریکراودا، بەڵکوو ئەوەم پێ باش بووە بابەتی هەمەجۆر بن، بە جۆرێک کە خوێنەر بتوانێ لە کاتی خوێندنەوەیدا لە تیشکخستنەسەر ئایەتێک یان فەرموودەیەکەوە بگوێزیتەوە بۆ ڕەوشتێکی بەرزی ئیسلامی، بۆ سەرگوزەشتەیەکی کاریگەر، بۆ بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی گەورەیی خوای گەورە لە مرۆڤ و لە گەردووندا، بۆ زیاتر ناسینی فەرماندەری

بالآدەست، یان شارەزابوون لە فەرمانێک لە فەرمانەکانی، ئینجا بەرەو بابەتێکی هاوچەرخ کە پەیوەندی بە ئایین و ئوممەتەکەمانەوە هەیە، ئەم کتێبە لە بابەت و شێوازەکانیدا هەمەڕەنگە بە جۆرێ کە خوێنەر لە توانایدا بێت لە حاڵەتی نیشتەنی و سەفەردا هەڵیبگرێ، تیایدا لە هەر باخێک گوڵێک بۆن دەکات، لە هەر لاپەڕەیەکیدا سوودمەند دەبێت لە زانیارییەکی نوێ، ئینجا ئەو زانیارییە لای خۆی دەپارێزێ تا هەرکات بیەوێ بیگوێزێتەوە بۆ هەرکەس کە پێیخۆشە، ئەویش لە ڕێگای هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییەوە.

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە ئەم هەوڵە سوودی خۆی بگەیەنێ، سوپاسی ئەو برا بەڕێزانەم دەکەم کە پشکیان هەبوو لە هەوڵدان بۆ بەجێگەیاندنی ئەم کارە، هەر لەو برا بەڕێزەوە کە هەستاوە بە دەرهێنانی دەقەکان، تا ئەو بەڕێزەی کە پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی بۆ کردووە، هەتا دەگاتە ئەو بەڕێزەی کە هەستاوە بە دەرهێنانی ئەم کتێبە و چاپکردنی، لەنێویاندا ناوی بەڕێز دکتۆر بیلال نورەدین دەهێنم، سەرەتا و کۆتا سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەم.

پشتبەستنی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی دەستبگرین بە هۆکارەکانەوە و وابزانیین هەموو شتێکن.

پاشان بێین پشت بە خوای گەورە ببەستین و وابزانین هۆکارەکان هیچ نین...

ئەگەر هاتوو بە ئۆتۆمبێلەکەت لە سەفەرێکدا بوویت، ئایا پشتبەستن لەم حاڵەتەدا چییە؟

پشتبەستن... ئەوەیە سەیری هەموو پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکەت بکەیت، مەکینە... ڕۆن... ئیستۆپ و تادوایی

سەیری هەمووشتێك بکەیت تیایدا، بۆ ئەوەی لەوپەڕی ڕێکوپێکی و ئامادەسازیدا بێت...

ئینجا لەدوای ئەوەوە لە هەرە قووڵایی دڵتەوە بڵێیت:

ئەی پەروەردگارم تەنها تۆ پارێزگاریت و پشتم تەنها بە تۆ بەستووە.

پشتبەستن :

بریتییە لەوەی دەست بگریت بە هۆکارەکانەوە و وابزانی هەمووشتێکن...

پاشان پشت بە خوای گەورە ببەستیت و وابزانیت هۆکارەکان هیچ نین...

( ) الرعد: ٢٨

ئەم ئایەتە واتایەکی قووڵی هەیە...

مانای ئەوەیە کە بەختەوەریی تەواوەتی لە زیکری خوای گەورەدایە

ژیانی تەڵخ و تاڵیش کاتێك دێت کە خاوەنەکەی ڕوو لە زیکری خوای گەورە وەربگێڕێ

( ) طه: ١٢٤

ئەمە گوفتاری بەدیهێنەری هەمووی بوونەوەرە...

سەروەت و دارایی بە تەنها خاوەنەکەی بەختەوەر ناکات...

ئافرەت بە تەنها نابێتە مایەی بەختەوەری...

پلە و پایە بە تەنها نابێتە هۆی بەختەوەری...

تەندروستیی باش بە تەنها نابێتە هۆی بەختەوەری...

گومانی تێدا نییە کە خوای گەورە نیعمەتی تەندروستی و زیرەکی و جوانی و هێزی بە زۆرێك لە بەندەکانی بەخشیوە...

بەڵام ئارامی دەروونی -واتە دڵنیایی دڵەکان- بە ڕادەیەك دەبەخشێ بە هەندێ لە کەسە پاك و هەڵبژاردەکان لە بەندەکانی

دنیا... هەر خەم و خەفەت و چەرمەسەرییە

ئێمە دەناڵێنین بە دەست چەرمەسەرییەکانەوە...
چونکە دنیا بە سروشتی خۆی ماندووکەرە...
ئێمە لە خەمی تەندروستیماندایین و لە دڵەڕاوکێدا دەژین...
نەخۆشییەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن...
هەندێك لەو نەخۆشییانە ژیانی مرۆڤ دەکەنە دۆزەخێك کە لە توانای بەرگەگرتندا نییە... لە دنیادا چەندین نەخۆشی مەترسیدار و کارەساتبار هەن، کەمیی ئاو و نەمانی خۆراك بوونیان هەیە...
دنیا پڕە لە گرانی نرخی شمەکەکان... پڕە لە دوژمنانی خۆسەپێن...
لە دنیادا مۆتەکەی ئابڵۆقەدان، یان مۆتەکەی شەڕی ناوخۆ هەیە...لە دنیادا هەلی کار زۆر زۆر کەمە و ڕێگاکانیش داخراون...
جا ئەگەر کەسێك ئەم پرسیارە بکات و بڵێ:
ئەی پەروەردگارم ئایا ئەم هەموو ناڕەحەتی و چەرمەسەرییانە بۆ؟

وەڵام:

چونکە تۆ ئەی مرۆڤ لە ماڵی کارکردندایت، نەك لە ماڵی پاداشتوەرگرتن...
جا ئەگەر لە کارکردن بۆ ماڵی پاداشتوەرگرتن کەمتەرخەم بوویت... ئەوا خوای گەورە لێرە دووچاری خەم و خەفەتت دەکات.

ئارامگرتن بریتییە لەوەی ئارام بگری لەسەر گوێڕایەڵی و خواپەرستی...

هەروەها ئارام بگری لەسەر سەرپێچینەکردن...

ئارام بگری لەسەر قەزا و قەدەری خوای گەورە...

فڵانەکەس هەندێ نەخۆشی هەیە... ئەوێکی تر داهاتی سنووردارە...

ئەوێکی تریش پەیوەندی لە کارەکەیدا بەوجۆرە نییە کە خۆی دەیەوێت...

کەس نییە بێ کێشە و بێ گرفت بێت...

ئەگەر خوای گەورە قەدەری بۆ کەسێك وەها بێت کە منداڵی نەبێت، ئەوا دەیکاتە نەزۆك...

چونکە کەسی نەزۆکی باوەڕدار، ڕازییە لە پەروەردگاری...

بە زمانحاڵی دەڵێت:

ئەی پەروەردگار سوپاس بۆ تۆ، ئەمە قەدەری تۆیە و منیش قبووڵمە...

کەواتە ڕازیبوون بە قەزا و قەدەرێکی ناخۆش بەرزترین پلەی باوەڕی دڵنیاکەر و ڕاستەقینەیە...

سامان و فەڕ و بەرەکەت

خوای باڵادەست **فەڕ و بەرە**کەت دەخاتە ماڵ و سامانێکی کەمی حەڵاڵەوە...

ئەوکات مرۆڤ بە شێوەیەکی بێسنوور سوودمەند دەبێت لێی...

دەبا ماڵ و سامانەکەت حەڵاڵ **بێت**، چونکە فە**ڕ و** بەرەکەت لە سامانی حەڵاڵدایە و ئارامیی دەروونیی **تێدایە...**

لە یەک کاتیشدا گەشە دەکات و خاوەنەکەی **بەرز دەکاتەوە...**

کەسێک دەناسم توانی ماددەیەکی خۆراکی کە **(دۆی بەستوو) بوو** بەبێ شیر دروست بکات...

لە ماددەکانی تر دروستی کرد، سەرکەوتنێکی گەورەی **تێیدا بەدەست** هێنا، بە ملیۆنەهای دەست کەوت...

بەڵام ئەقڵی تێکچوو و تووشی نەخۆشییەکی کوشندەی پیس هات...

سامان و دارایی مەسەلەیەکی گەورەیە و دواتر لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەمان لەسەری لێ دەکرێ...

هەر کەسێک لەبەر خوای گەورە واز **لە** شتێك بێنێت...بە حەتمی کە خوای گەورە لە دین و لە دنیایدا قەرەبووی دەکاتەوە بە باشتر لەوە...

چونکە تۆ کە لەپێناو ڕەزامەندی **ئەو** زاتەدا **شتێکت واز** لێ **هێناوە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە بیرت ناکات**

پێش چل ساڵ حیکمەتێکم خوێندووەتەوە لە بیرم ناچێتەوە...
(بە دڵنیاییەوە ئەو بڕیارەی کە مرۆڤ لە بارەی چارەنووسی خۆیەوە دەریدەکات ئەگەر بێتو لە ویست و ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕێکی ڕاستەقینەوە دەرچووبێت دەگمەنە ڕۆژان و زەمانە بتوانن هەڵیبوەشێننەوە)
بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان پێتان دەڵێم:
هەرچیت دەوێ لە خوای گەورەی داوا بکە... جا ئەگەر داواکەت ڕاستگۆیانە و ڕەوا بێت و نرخەکەییت دابێت...
کە ئەویش بریتییە لە هەوڵێکی هاوتا لە ئاست داواکەتدا (
) الإسراء: ١٩
ئەوا بە دڵنیاییەوە کە دەگەیتە ئامانجەکەت... ئەمەش ڕاستییە.
چونکە پەیوەندیت لەگەڵ خوای گەورەدا، پەیوەندییە لەگەڵ ئەو زاتەدا کە هەموو شتێك بە دەستی ئەوە...
ئەو زاتە کە فەرموویەتی پێت: بەندەکەم داوا بکە پێتدەبەخشرێت، هیچ ئەرکێکیش ناخەمە سەرت جگە لە تاکە داوایەکم نەبێت ئەویش ئەوەیە بە ڕاستگۆیانە داوا بکە...
ڕاستگۆیانە داوا بکە دەتدەمێ...
ئەمەش ڕێسایەکە پێچەوانەی هەموو ئەوەیە کە دەوترێ:
بارودۆخە سەختەکان، داهاتی کەم، فشارکان گەورە و پڕووکێنەرن...
چونکە بەڵێنەکانی خوای بەهێز و باڵادەست لە سەرووی هەموو زەمان و شوێنێکەوەن...
بەڵێنەکانی خوای گەورە لە سەرووی هەموو پێشبینییەکەوەن...
بەڵێنەکانی خوای باڵادەست لە سەرووی هەموو بارودۆخێکەوەن
(   ) الطلاق: ٢





بەر لەوەی بابەتێك پێشكەش بكەیت، یان وانەیەك بڵێیتەوە...
بەر لەوەی نەشتەرگەرییەك ئەنجام بدەیت...
بەر لەوەی هەستیت بە ئەنجامدانی كارێك...
مەعلوم كە پێویستیت بە یارمەتی خوای دەبێت و دەڵێیت: ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە...
پەروەردگار من لاواز و نەتوانام، خۆت پشتم بگرە و بەهێزم بكە...
پەروەردگارم من نەزانم خۆت فێرم بكە...
ئەی پەروەردگار من هیچ دانایيەكم نییە، خۆت حیكمەتم فێر بكە...
كاتێكیش كە سەلماندت هەژار و نەتوانایت و پێویستت بە خوای گەورەیە...
ئیتر یارمەتی خواییت بۆ دێت...
ئەوكات دەبیتە بەهێزترین كەس...
دەبیتە حەكیمترینی خەڵكی...
دەبیتە بەتواناترینی كەسەكان...
تۆ هەموو كاتژمێرێك نەك هەموو ڕۆژێک پێویستیت بەم وانەیە هەیە...

كەواتە كاتێك هەژار و پەككەوتەی لە بەردەستی پەروەردگاردا، ئیتر یارمەتی خوای گەورەت بۆ دێ...

((باوەڕداری بەهێز چاکتر و خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە باوەڕداری لاواز)) صەحیحی موسلیم

من بانگهێشتتان دەکەم بۆ سەرکەوتن...

جا ئەگەر لە دنیادا کەسێکی هەر دەخۆیت و دەخۆیتەوە و دەخەویت.

ئەوا تۆ بەمجۆرە تەنها یەکێکیت لە حەوت هەزار ملیۆن مرۆڤ...

نە پێش دەکەویت و نە دوا دەکەویت...

ئەی بۆ نابیتە کەسێکی سەرکەوتوو؟

بانگەواز بۆ لای خوا پێویستی بە تەوفیق و سەرکەوتن هەیە...

بانگەواز بۆ لای خوای گەورە پێویستی بە ڕێکوپێکی و توندوتۆڵی هەیە...

تۆ پێویستیت بەوەیە پلەی یەکەمیت هەبێت لە پسپۆڕییەکەتدا

ئەگەر پزیشکیت... ببە بە یەکەمین پزیشك

ئەگەر پارێزەریت... یەکەمین پارێزەربە

ئەگەر ئەندازیاری... ببە بە یەکەمین ئەندازیار

ئەگەر بازرگانیت... ببە بە یەکەمین بازرگان

چونکە سەرکەوتن پێویستی بە پلان و لێبڕان و بەردەوامیی و ئیرادەی بەهێز هەیە

لە ڕاستیدا بەخت و شانسەکان لە دنیادا بە شێوەی تاقیکردنەوە دابەش کراون...

چونکە دنیا کەسی دەوڵەمەند و کەسی هەژاری تێدایە...

بابەتی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند دەوڵەمەندییە.

بابەتی تاقیکردنەوەی هەژاریش هەژارییە...

لەوانەیە دەوڵەمەندەکە سەرکەوتوو بێت و لەوانەشە شکست بخوات...

لەوانەیە هەژارەکەش سەرکەوتوو بێت و لەوانەشە بکەوێت...

لەوانەیە هەژار لە تاقیکردنەوەی هەژاریدا سەر بکەوێت...

لەوانەشە دەوڵەمەند لە تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندیدا بکەوێت...

هەژار پێویستی بە ئارامگرتن هەیە... لەوانەیە ئەگەر کەسێکی حەڵاڵخۆر و بەقەناعەت بێت، سەر بکەوێت... ئەگەر بەو بەشە کە خوا پێیداوە پێی ڕازی بێت، سەر بکەوێت و لە خوا ڕازی بێت...

سەرکەوتوو بێت ئەگەر بڵێ: ئەی خوای گەورە ژیانی ڕاستەقینە بریتییە لە ژیانی ڕۆژی دوایی...

وەك وتراوە:

ئای کە چاکەی دەوڵەمەندان لەگەڵ

هەژاراندا چەند شتێکی جوان و نایابە...

بەڵام لەوەش نایابتر...

بێنیازی هەژارانە بە ماڵ و سامانی

دەوڵەمەندان

نهێنیی بەختەوەری

بەختەوەری لە ناخی خودی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ...
چونکە تۆ پێویستیت بە شتی هیچ کەسێك نییە...
تۆ پێویستیت بەوەیە دامەزراو بیت لەسەر فەرمانی
خوای گەورە...
پێویستیت بەوەیە پەیوندی بکەیت بە خواوە...
پێویستیت بەوەیە یادی خوای گەورە
بکەیت...
پێویستیت بەوەیە نوێژ بکەیت...
پێویستیت بەوەیە شەونوێژ بکەیت...
پێویستیت بەوەیە قورئان بخوێنی...
تۆ پێویستیت بەوەیە چاوت بگری
لە ئاست قەدەغەکراوەکانی
حوادا...
پێویستیت بەوەیە زمانت
بگریت و پارچەکانی
جەستەت بپارێزی...

کەواتە بەختەوەریی لە ناخ و خودی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ...
ئەوەش شتێکە لە بۆ هەموومان ڕەخساو و بەردەستە.

(ومن يتق الله يجعل له مخرجا ويرزقه من حيث لا يحتسب) الطلاق: ٢-٣

هەرکەس لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا لە خوا بترسێت و پارێزگار بێت،
سەرکەوتوو دەبێت...
هاوسەرێکی ئایینپەروەر هەڵدەبژێرێت...
خوای گەورەش دەرووی خێری لێ دەکاتەوە و لە ناڕەحەتی ژیانی
هاوسەرگیریی ڕزگاری دەکات...
هەرکەس لە خوا بترسێ و پارێزکار بێت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا...
لە قۆناغی سەرەتای تەمەندا لەسەر گوێڕایەڵی و پەرستشکردنی خوای گەورە
پەروەردەیان بکات...
ئەوا دواتر لە مەسەلەی دڵڕەنجاندنیان ڕزگاری دەبێت...
هەرکەس پارێزکار بێت لە دەستخستنی ماڵ و سامانیدا...
خوای گەورە دەیپارێزێ لە بەهەدەردانی ماڵ و سامانیدا...
هەرکەس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا پارێزگار بێت و لە خوا بترسێ...
خوای گەورە ڕزگاری دەکات لە داڕووخانی کۆمەڵایەتی

هەرکەس لە خوا بترسێ و پارێزکار بێت...
ئەوا بە دڵنیاییەوە خوای گەورە دەرووی خێری لێ دەکاتەوە و ڕزگاری دەکات لە
لەمپەڕەکانی دنیا...
ڕزق و ڕۆزیی بە شێوەیەك بۆ دەنێرێ کە خۆی حیسابی بۆ نەکردبێت و
نەهاتبێت بە خەیاڵیدا.

رزق و رۆزیت چۆن دەپارێزی؟

یەکێك لە هەرە گرنگترینی هۆکارەکانی زیادبوونی ڕزق و ڕۆزی...
سوپاسگوزارییە...

خوای گەورە دەفەرموێ: (لَئِن شَكَرْتُمْ لَأ) إبراهیم: ٧

جا مادامێ تۆ سوپاسگوزاریی لەسەر نیعمەتەکانی خوای گەورە...
ئەوا دڵنیابە کە ئەو نیعمەتانەت لەناو ناچن، بەڵکوو بە ویستی خوای گەورە بۆت زیاد دەکرێن

تۆماڵێکت هەیە... کاتێك دەچیتەژوورەوە بڵێ:
ئەی پەروەردگارم سوپاس بۆ تۆ کە ئەم ماڵەت پێبەخشیوم و منت لەم ماڵەدا حەواندووەتەوە...

تۆ کارێکت هەیە... بڵێ: ئەی پەروەردگارم سوپاس بۆ تۆ کە بەم کارەم ڕێزت لێ گرتووم...

تۆ خاوەنی بڕوانامەیەکی زانستیت... بڵێ: پەروەردگارم سوپاس بۆ تۆ کە لەم خوێندنەمدا ئاسانکاریت بۆ کردم...

خوا هاوسەرێکی پێداویت، ئەوەندە گوێ دەبیستێ و چاو دەبینێ خۆشی دەوێیت و خۆشت دەوێ...
بڵێ: ئەی پەروەردگارم تۆ بەم هاوسەرەم ڕێزت لێ گرتووم...

چونکە کاتێ تۆ نیعمەتەکانی خوای گەورە دەبینیت و سوپاسگوزارییان لەسەر دەکەیت...
ئەوا ئەم نیعمەتانە جێتناهێڵن و لێت وننابن، بەڵکوو بە ویستی خوای گەورە زیاتر و زیاتر دەبن.

نیعمەتەکان بە سوپاسگوزاریی زیاتر و بەردەوام دەبن.



یەکێك لە نیشانەکانی باوەڕی باوەڕدار...
ئەوەیە ڕازی بێت بە قەزا و قەدەری پەروەردگار...
جا ئەگەر ڕاستڕەو و بەردەوام بێت لەسەر فەرمانی خوای گەورە...
کاتێ بە ڕێگایەکدا بڕوات و ڕاستڕەو و دامەرراو بێت...
هەموو هۆکارەکانی بگرێتە بەر و پشت بە پەروەردگاری جیهانیان ببەستێ...
بەڵام دواتر بینی کە ڕێگاکەی لێ داخراوە...
ئەوا ئەو کات با بڵێ: من خوام هەیە، خۆمم ڕادەست کردووە و باشترین پشتیوانمە.
کاتێك لە هەر کارێك لە کارەکانتدا...
هەموو هۆکارەکان بەکار دێنی وابزانە کە ئەوە هەموو شتە...
پاشان پشت بە خوای گەورە ببەستە و وەها بزانە کە هۆکارەکان هیچ نین...
کەچی حیکمەتی خوا بڕیاری وەهایە کە سەرکەوتوو نەبیت لەو کارەتدا...
ئەو کات هەر ڕازییە بە قەزا و قەدەری خوا و بڵێ:
من خوام هەیە، خۆمم ڕادەست کردووە و باشترین پشتیوانمە.

حیکمەت (دانایی) گەورەترین بەخششی خوایە...
تۆ بە دانایی و ژیریی بەختەوەر دەبیت بە هاوسەرێك كە جوانییەكەی مامناوەندە.
بەبێ دانایی و ژیریی دەكەویتە نەگبەتی و ناڕەحەتی بەبوونی هاوسەرێكی زۆر جوان.
تۆی ئافرەتیش بە دانایی بەختەوەر دەبیت بە هاوسەرێكی كەمدەرامەت.
بەبێ دانایی دەكەویتە نەگبەتی و ناڕەحەتیەوە لەگەڵ هاوسەرێكدا كە داهاتەكەی بێسنوورە.
تۆ بە دانایی بە سامانێكی كەم كاروباری بژێویت بەڕێوە دەبەیت.
بەبێ دانایی سامانێكی زۆر بەهەدەر دەدەیت...
تۆ بە دانایی دوژمنان دەكەیتە دۆست و هاوڕێ...
بەبێ دانایی هاوڕێكان دەكەیتە دوژمن لە خۆت...
خوای گەورە دەفەرموێ:

( )

البقرە: ٢٦٩

ڕاستییەکانی باوەڕ و شیرینی باوەڕ

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((سێ سیفەت هەن لە هەر کەسدا بوونیان هەبێت، ئەوا تامی شیرینی باوەڕ دەچێژێ: ئەو کەسە کە خوا و پێغەمبەرەکەی لە لای خۆشەویستتر بن لە هەر شتێکی تر، هەر کەسی خۆشویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوویت، سێیەمیان هەر وەك چۆن پێیناخۆشە فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ، بە هەمان شێوە پێیناخۆش بێت بگەڕێتەوە سەر بێباوەڕیی دوای ئەوە کە خوا ڕزگاری کرد لێی))
صەحیحی موسلیم

شیرینی باوەڕ شتێکە و ڕاستییەکانی باوەڕ شتێکی ترە

ڕاستییەکانی باوەڕ

بریتین لە کۆمەڵێك زانیاریی... لە بیر و هزر... لە حوکمی شەرعیی. فەتوا... دەق... شیکارکردنی دەقەکان و تەفسیرکردن...

ئەمانە ڕاستییەکانی باوەڕن...

بەڵام شیرینی باوەڕ...

بریتییە لەوە کە ئەگەر نەڵێیت: من بەحتەوەرترین کەسم...

ئەوا دەڵێین: تۆ تامی شیرینی باوەڕت نەچەشتووە...

بۆ نموونە: ئەگەر دەتەویت ببیتە دەوڵەمەندترین کەس...

ئەوا خۆت وەها تەڵقین بکە ئەوەی لە دەستی پەروەردگاردایە متمانەپێکراوترە لەوەی لە دەستی خۆتدایە...

ئەگەر دەتەوێت ببیتە بەهێزترین کەس... پشت بە خوای گەورە ببەستە.

ئەگەر دەتەوێت ببیتە بەخشندەترین و بەڕێزترین کەس... لە خوا بترسە و پارێزگار بە.

جیاوازی نێوان سەرکەوتن و ڕزگاربوون

جیاوازی زۆرە لەنێوان سەرکەوتن و ڕزگاربووندا.
ڕزگاربوون واتە بردنەوەی قیامەت.
ڕزگاربوون... بریتییە لە دەستخستنی ڕەزامەندی خوای باڵادەست.
ڕزگاربوون... ئەوەیە مرۆڤ لە دنیادا نهێنی بوونی خۆی بەجێ بگەیەنێ.
ڕزگاربوون... ئەوەیە نزیك بیت لە خوای گەورەوە.
ڕزگاربوون... ئەوەیە مرۆڤ خۆی ڕابێنێت گوێڕایەڵی خوای گەورە بێت.
ڕزگاربوون... بریتییە لەوە مرۆڤ بە کردەوەی چاك نزیك ببێتەوە لە پەروەردگار...
کەواتە ڕزگاربوون بریتییە لەوە سەرکەوتوو بیت لەگەڵ خوای گەورەدا...
ڕزگاربوون سەرکەوتنە لە بردنەوەی قیامەتدا...
ڕزگاربوون ئا ئەمەیە...
بەڵام سەرکەوتن...
دەگونجێ مرۆڤ سەرکەوتوو بێت لە
نووسینی کتێبێکدا.

ئەمە ڕزگاربوون نییە، بەڵکوو سەرکەوتنە.
لەوانەیە مرۆڤ سەرکەوتوو بێت لە کارێکدا کە
مایەی ڕەزامەندی خوای باڵادەست نەبێت...
دەکرێ مرۆڤ سەرکەوتوو بێت لە کارێکدا کە ببێتە هۆکار بۆ
وێرانکردنی مرۆڤایەتی...
ڕاستە سەرکەوت و جەنگێکی بردەوە، بەڵام ئوممەتێکی وێران کرد!
ڕزگاربوون چەمکێکی گشتگیرە...
واتە: سەرکەوتوو بیت لە پەیوەندیت لەگەڵ خوادا و لە کارێکدا کە مایەی
ڕەزامەندی خوایە و
لە ماڵێکیشدا بەپێی بەرنامە و ڕێبازی خوای گەورە.
بەڵام سەرکەوتن لە بەشێکی دیاریکراودایە.
ڕزگاربوون سەرکەوتنە لەگەڵ پەروەردگاردا.

ئایا بەخشینی نیعمەت بە مرۆڤ ڕێزلێگرتنە؟

هەریەك لە بەخششەكانی خوای گەورە... هەریەك لە بەش و پشكەكانی دنیا...
هەریەك لەو تایبەتمەندییانە كە بەخشراون بە مرۆڤ
نە نیعمەتن و نە سزا و نەگبەتین...
بەڵكوو تاقیكردنەوەن و لەسەر ڕۆشایی چۆنێتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵیاندا هەڵدەسەنگێنرێن...

ماڵ و سامان نیعمەتە .. ئەمە ئەگەر هاتوو لە گوێڕایەڵی خوادا خەرج بكرێ...
ماڵ و سامان سزا و نەگبەتییە... ئەگەر لە سەرپێچیكردنی خوادا خەرج بكرێ
پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((ئیرەییپێبردن تەنها لە دوو شتدا دروستە: كەسێك خوای گەورە نیعمەتی قورئانخوێندنی پێ بەخشیبێت و بە شەو و بە ڕۆژ دەوری بكاتەوە، كەسێكیش خوای گەورە ماڵ و سامانێكی پێ بەخشیبێت، بە شەو و بە ڕۆژ لێی ببەخشێ)) صەحیحی موسلیم
كەواتە با هەركەسە و لە شوێنی خۆیەوە بزانێ كە...

بەخشینی خوا ڕێزلێنان نییە... نەدان و قەدەغەنەكردنیشی بێبەشكردن نییە...
بەڵكوو بەخشینی تاقیكردنەوەیە و بێبەشكردنی دەرمانە.

(قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا) الشمس: ٩

ڕزگاربوونی ته‌واوه‌تی، سه‌ركه‌وتنی ته‌واوه‌تی، له‌ پاكژكردنه‌وه‌ی ده‌رووندایه‌.

نرخی پاكژكردنی ده‌روون چوونه‌ به‌هه‌شته‌...

چونكه‌ مرۆڤ بۆ به‌هه‌شتێك به‌دی هێنراوه‌ كه‌ پانتاییه‌كه‌ی ئاسمانه‌كان و زه‌وییه‌...

نرخی ئه‌و به‌هه‌شته‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ده‌روونت پاك بكه‌یته‌وه‌...

واته‌ یه‌كه‌مجار ژێرباری بكه‌یت له‌سه‌ر گوێڕایه‌ڵی خوای گه‌وره‌...

ئینجا دواجار به‌و ده‌روونه‌ته‌وه‌ بڕۆیته‌ خزمه‌تی خوای گه‌وره‌...

ئه‌وكات ده‌روون له‌ هه‌موو خه‌ڵته‌ و پیس و چه‌په‌ڵییه‌كانی پاك ده‌بێته‌وه‌...

فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگیریکردن لە خراپە

(كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ) آل عمران: ١١٠

(كُنتُمۡ) واتە: (ئێوە چاكترین ئوممەتێكن كە ڕەوانە كرابێت بۆ خەڵكی) هۆی چاكبوونتان بریتییە لەوەی كە (فەرمان بكەن بە چاكە و ڕێگیریی بكەن لە حراپە و باوەڕی پتەوتان بە خوای گەورە هەبێت)...

كاتێك ئوممەت واز دێنێ لە فەرمانكردن بە چاكە و ڕێگیریكردن لە خراپە...

كاتێ فیتنە و ئاژاوەگێڕی دەبینێ و بێدەنگە لێی...

كاتێك سەرپێچی و گوناهكردن دەبینێ چاوی لێدەپۆشێ و پشتگوێی دەخات...

كاتێ كەسێكی گەورە، یان بەهێز دەبینێ كە كارێكی خراپی كردووە و لە بەرانبەریدا بێدنگی هەڵدەبژێرێ...

كاتێ ئوممەت وازدێنێ لە فەرمانكردن بە چاكە و ڕێگیریكردن لە خراپە...

ئەو كات ئوممەت وەك هەر ئوممەتێكی تری لێ دێت و هیچ بەها و بایەخێكی نییە لای خوای گەورە.

كەواتە هۆی چاكبوونی ئەم ئوممەتە... فەرمانكردنیەتی بە چاكە و ڕێگیریكردنیەتی لە خراپە.



بەهاكان جۆراوجۆرن

دنیاویستان کەسانی دەوڵەمەند و بەهێز و زیرەکەکان بە گەورە و بە ڕێز ڕادەگرن...

هەروەها ئەوانەش کە خوای گەورە ڕواڵەتی جوان و زیرەکی و زمانپاراوی پێ بەخشیون...

خاوەنی کاریگەرییەکی گەورە و کەسایەتییەکی بەهێز بن...

ئەمانە پێوەری دنیاویستانن...

بەڵام بەهاکان بە پێوەرەکانی قورئان...

بریتین لەو بەهایانە کە هەندێ لە مرۆڤەکان دەدەن بەسەر مرۆڤەکانی تردا...

ئەوانیش تەنها دوو بەهان

بەهای زانست و بەهای کارکردن...

(قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر: ٩

(وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا) الأنعام: ١٣٢

کەواتە بەها ڕاستەقینەکان بریتین لە دوو بەها و بەس:

بەهای زانست و بەهای کارکردن...

بەڵام چاکەکاری خۆبەخشییە و بە حەز و ویستی ئەو کەسەیە...

مرۆڤ هەروەك چۆن فەرمانی پێ کراوە بە دادپەروەریی، فەرمانیشی پێ کراوە بە چاکەکاری...

لەوانەیە زۆرێك لە کێشەکان بە دادپەروەریی چارەسەر نەکرێن، بەڵام بە چاکەکاری چارە بکرێن...

دەگونجێ شەرع لەگەڵت بێت... یاسا لە پشتت بێت

بەڵام ئەو کەسەی کە ناکۆکە لەگەڵتدا براتە... دەی چاکەی لەگەڵ بکە و چاکەت بۆی هەبێت.

دادپەروەری ئەوەیە ئەو ماف و قەرزەی کە هی خۆتە وەریبگریتەوە...

بەڵام چاکەکاریی ئەوەیە کە دەستهەڵگری لە هەندێ لەو قەرز و مافەی کە هەتە...

دادپەروەریی ئەوەیە مافت وەربگریتەوە

چاکەکاریش ئەوەیە ببەخشیت...

خوای پاك و بێگەرد فەرمان بە دادپەروەریی و بە چاکەکارییش دەکات...

یەکێك لە زانایان دەڵێت:

چاکەکاری زیادەیەکە

دێتە سەر فەرزی شەرعی.

حەڵاڵ... سوودێکی ئاڵوگۆڕپێکراوە

هەر سوودێك لەسەر زیان دامەزرابێت... حەرامە...
بەڵام سوودی ئاڵوگۆڕپێکراو حەڵاڵە.
دزیی سوودێکی خەڵەتێنەرە بۆ دز، چونکە لەسەر زیانگەیاندن بە شتی دزراو دامەزراوە...
بەمجۆرەش حەرامە...
بازرگان شمەکەکەی لە ناوەندی شارەوە دێنێت...
بە نرخێکی زیاتر لەو نرخەی کە کڕیویەتی دەیفرۆشێت...
بەمجۆرە بازرگان قازانج دەکات... دراوسێی گەڕەکیش پێویستبوونی بە شمەکەکان بە تەنیشت ماڵەکەی خۆیەوە دەبینێت...
سوودی ئاڵوگۆڕپێکراو خولگەی حەڵاڵە...
ئەو سوودەش کە لەسەر زیانمەندیی دامەزرابێت خولگەی حەرامە...
لە ڕاستیدا ئەو کەسە کە نرخی شمەکێکی باش دەدات... پاشان دەبینێت کە ساختەکاریی تێدا کراوە...
ئەوا زیانمەند دەبێت...
سوودی بازرگانی ساختەکار لێرەدا... دەبێتە سەرچاوەی ئەو زیانە کە کڕیار دەیکات
لەبەر ئەوە ساختەکاریی حەرامە...

ئایا خوای گەورە بە چ نیعمەتێك خۆشەویستانی خۆی تایبەت كردووە؟

خوای گەورە دەستەڵاتی بەخشیوە بەو كەسەی كە خۆشی دەوێ.

بەخشیویەتی بەو كەسەش كە خۆشی ناوێ...

بەخشیویەتی بە پێغەمبەر سولەیمان كە خۆشی دەوێ...

بەخشیویەتی بە فیرعەونیش كە خۆشی ناوێ..

ماڵ و سامانی بەخشیوە بەو كەسە كە خۆشی دەوێ..

بەخشیویەتی بەو كەسەش كە خۆشی ناوێ...

بەخشیویەتی بە قاروون كە خۆشی ناوێ

بەحشیویەتی بە هاوەڵانی بەڕێزیش لە وێنەی عوسمانی كوڕی عەففان و عەبدولرەحمانی كوڕی عەوف...

جا مادامێ خوای باڵادەست ئەم شتانە دەبەخشێت بەوانە كە خۆشی دەوێن و بەوانەش كە خۆشی ناوێن...

كەواتە... ئەم شتانە پێوەرێك نین بۆ ڕازیبوونی پەروەردگار...

بەڵام ئایا ئەو شتە چییە كە دەیبەخشێت بەو كەسە خۆشی دەوێ و نایدات بەو كەسەی كە خۆشی ناوێ...

خوای گەورە دەفەرموێ:

(وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤﴾) القصص: ١٤

ئەو شتانە دانایی و زانستن...



تاقیکردنەوەی سەخت

لە ڕاستیدا مەترسیدارترین شتێك -پەنا بە خوا- کە تووشی مسوڵمان دەبێت...

بریتییە لە لاوازبوونی متمانەی بە پەروەردگارەکەی... لاوازبوونی متمانەی بە ئایینەکەی...

ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی ئێجگار سەختە...

لەم تاقیکردنەوەیەدا... دوژمنانی ئایین بەهێز دەبن و ستەم دەکەن و لووتبەرزی دەنوێنن...

ئەمەش بە ئاستێکە کەسێ کە باوەڕەکەی لاوازە دەڵێت: خوا لە کوێیە؟

پاشتر پەروەردگار بەڵگەکانی گەورەیی زاتی خۆی دەخاتە ڕوو تا وا لە کەسی لەڕێلادەر دەکات بڵێت:

لا إله إلا الله

بەردەوامیی هەبوونی متمانە بە خوا و بە ئایینەکەی تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەختە...

گوتەی جوان و شیرین

ەکێك لەوسیفەتانە کەدەبێ لەباوەڕداردابوونی هەبێت گوفتاری جوان وشیـ

((گوفتاری شیرین خێر و چاکەیە)) صەحیحی بوخاری

ئەگەر هاتوو کرێکارێك، یان خزمەتگوزارێکت هەبوو و بە زەردەخەنەوە

پرسیارت لێ کرد و پێتوت:

کوڕەکەم حاڵت چۆنە؟ ئایا ئاسوودەی؟ ئایا ماڵ و خێزانت باشن؟

وانەیە ئەم کەسە بەو وشانەی تۆ بۆ ماوەی مانگێك گەش و دڵخۆش بێت

بە گوتەی جوان دڵەکان دەبەسترێن بە یەکەوە...

وتنی گوتەی جوان و شیرین کارێکە هەموو مرۆڤێك دەتوانێ پێی هەستێت...

چونکە باوەڕدار زمانپاکە و کۆنترۆڵی خۆی دەکات...

باوەڕی هیچ بەندەیەك ڕاست و دروست دەرناچێ هەتا دڵی ڕاست دروست نەبێت...

ـشی ڕاست و دروست دەرناچێ هەتا زمانی ڕاست و دروست و جوان و شیرینبێژ نەبێت...

زانست مەزنترین نیعمەتە

لە ڕاستیدا مەزنترین چاکە **کە خوای گەورە** لەگەڵ مرۆڤدا دەیکات، بریتییە **لە فێرکردنی...**

(وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾) **النساء: ١١٣**

مەزنترین چاکەلەگەڵکردن ئەوە **نییە** پارچە زەوییەك بکڕیت و نرخەکەی سەد ئەوەندەی **خۆی** بەرز ببێتەوە...

ئەوە نییە پلە **و پایەیەکی** بەرزت هەبێت...

ئەوەش نییە سەروەت و **سامانێکی** ئێجگار زۆر کۆ بکەیتەوە...

ئەوەش نییە چەند منداڵێکی **نەجیب** و بەویقارت هەبێت...

ئەوەش نییە سیما و ڕووخسارێکی **جوان** و پێکەوتەت هەبێت...

مەزنترین چاکەلەگەڵکردن **بە دەقی** قورئانی پیرۆز...

کە لە گوفتاری بەدیهێنەری گەورەماندا دەیبینین ئەوەیە خوای گەورە زانستێکت فێر بکات کە لە دنیا و لە قیامەتدا سوودت پێ بگەیەنێ.

چونکە زانست یەکێکە لە هەرە گەورەترین هۆیەکانی گەیشتن بە خوای گەورە.

دڵی ساغ و سەلیم



دڵی ساغ و سەلیم

ئەو دڵەیە کە حەزی ناچێتە سەر شتێك مایەی ڕەزامەندی **خوای گەورە نەبێت...**

باوەڕ بە هەواڵێك **ناکات دژ بێت لەگەڵ وەحی خوای گەورەدا...**

سکاڵای داواکاریی **و دادوەریی خۆی ناباتە لای غەیری شەرعی خوای گەورە...**

جگە لە خوا کەسی تر ناپەرستێ...

خوای گەورە دەفەرموێ:

(يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾)

الشعراء: ٨٨-٨٩

بانگەواز بۆ لای پەروەردگار پەیامە

کاتێك لەپێناو بانگەوازدا هەموو شتێکی گرانبەها و کەمبەهات دەبەخشی، گیانت دەبەخشی...

کاتێك لەپێناو بانگەوازدا دەمریت...

ئەوا ئەو بانگەوازەت بەرز دەبێتەوە و دەگاتە پلەی کاری پێغەمبەران...

بەڵام کاتێك مسوڵمان دەیەوێت لەسەر بانگەواز بژی و بژێوی خۆی لەسەری پەیدا بکات...

ئەوە بەرنامەی خوای گەورە پیادە ناکات، بەڵکوو بازرگانی بە سەرەوە دەکات...

ئەو کات بانگەواز دادەڕووخێ و دەبێتە شتێکی بێبەها و هیچ نرخێکی نییە...

پێشەوا شافیعی (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت:

ئەگەر بژێویم لەسەر سەماکردن بێت، لام باشترە لەوەی لەسەر ئایین بژیم

هاوەڵێکی لوبنانیم هەیە بە سەردان هات بۆ دیمەشق

ئەو کەسێکی بەخشندەیە... سواری ئۆتۆمبێلەکەی بووە و کەوتووەتە ڕێ... لە ڕێگادا داویەتی لە ئۆتۆمبێلێکی عمومی... هەندێ زیانی پێگەیاندووە...

ئەم هاوەڵەم کەسێکی دەوڵەمەندە... زیانی پێناگات لەوەی کە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە چی دەوێت بیداتێ...

جا هەرچەندە هەندێ لە خاوەن ئۆتۆمبێلە عمومییەکان زۆر زۆر تووڕە دەبن گەر بێتو ئۆتۆمبێلەکانیان زیانیان پێبگات...

بەڵام شۆفێری ئۆتۆمبێلە عمومییەکە سەیرێکی هاوەڵەکەم و سەیری تابلۆکەی کردووە...

ئەمەش لە سەروبەندی ڕووداوەکانی شەڕی زایۆنیزمەکاندا بوو بۆ سەر لوبنان... بە زمانێکی شیرین و بە ناسکی بە هاوڕێکەمی وتووە: خوا لێت خۆش بێت.

بەڕاستی شتێکی سەیرە!

نە ئاڵۆزینانەوە... نە خۆگرژکردن... نە تووڕەبوون... نە دەنگبەرزکردنەوە... ئا لەوێدا دڵۆپێک فرمێسك لەسەر کوڵمی هاوەڵەکەم هاتووەتە خوارەوە...

ئایا ئەمە چ لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێ!

ئەو کەسێکە لە ڕووی داراییەوە تێروپڕە... بڕی تێچوونی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەش بە هیچ جۆرێک کاریگەری لە سەری دروست ناکات... ئەی بۆچی گریا؟





پرسیارم لیّ کرد: چی وای لیّ کردی بگریت؟
لە وەڵامدا وتی: پێش دوو ساڵ لە بەیروت ڕێم لە پیاوێك کەوت کە ئۆتۆمبێلێکی سووری پێبوو...
ئەو پیاوە کۆمەڵە ئافرەتێکی باڵاپۆشی لەگەڵدا بوو... بەهۆی ئەوەوە ڕووداوێکی هاتوچۆ هات بە سەرمدا،
منیش لە دڵی خۆمدا وتم: مادامیّ ئەم مرۆڤە و خانەوادەکەی کەسانی پاکیزەن... من نایەم خۆشی ئەو گەشت و سەیرانەیان لیّ تێك بدەم...
هەر بۆیە پێموت: خوا لێت خۆش بێت
منیش دووبارە دەپرسم: ئایا ئەم هاوەڵم بۆچی گریا؟
چونکە ئەو بازرگانییەی لەگەڵ خوادا کردی، ون نەبوو...

دەی سوێندبیّ بەو خوایە کە جگە لەو خوایەکی تر بوونی نییە...
ئەگەر لە کاتی دەستنوێژگرتندا مێروولەیەك ڕزگار بکەیت...
ئەوا ئەو کارەت لای خوای گەورە وننابێت.

لاوازی و ترس و تۆقین!

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ﴿٢٨﴾)
النساء: ٢٨

مرۆڤ بە لاوازیی دروست کراوە... ئەمەش
سیفەتێکە لە ئەسڵی دروستبوونیدایە.
ئەی پەروەردگارمان لەبەر چی؟ لەبەر چی بە لاوازیی
دروستت کردووین؟
مرۆڤ بۆیە بە لاوازیی دروست کراوە تا بەو
لاوازییەی ئاتاجی خوای گەورە بێت...
چونکە ئەگەر بەو لاوازییەی ئاتاجی پەروەردگاری
بێت، ئیتر بەهێز دەبێت...
مرۆڤ هەرکات هەژار و ئاتاج بە خوا بێت،
پەروەردگاری بەهێزی دەکات...
خوای گەورە دەفەرموێ: (۞إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا ﴿١٩﴾)
المعارج: ١٩
مرۆڤ هەروەها بە ترسان و تۆقین و شڵەژان بەدی
هێنراوە...
ترس و تۆقینیش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ
پەنا بباتە بۆ پەروەردگاری...
لە ڕاستیدا ترس و تۆقین سیفەتێکی نەرێنییە لە مرۆڤدا،
بەڵام کاتێك لە جێگای خۆیدا بەکار دەهێنرێ دەبێتە سیفەتێکی ئەرێنی.
کەواتە ترسانت لە خوا هۆکارە بۆ ڕزگاربوونت...
ترسیش بنەمایەکە لە بنەماکانی ئایین...
سەری هەر حیکمەت و داناییەك ترسانە لە خوای گەورە...
کە دەبێت بترسی لەو پەروەردگارە بەهێزە... بترسی لە خوای
بەدەستەڵات... بترسی لە خوای دانا و کاربەجێ.

لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژم خوێندەوە کە باس لە سەدان کەسی سەرکەوتوو دەکات لە ژیاندا

بەڵام زۆرێك لەوان خۆیان کوشتووە!

چونکە تەنها دنیایان ویستووە و قیامەتیان لە بیر چووە...

(وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾)

طه: ١٢٤

یەکێك لە گەورە ئەندازیارانی جیهان دیزاینی یەکەمین پردی شاری ئەستەنبوڵی کێشاوە کە ئاسیا و ئەورووپا دەبەستێت بە یەکەوە

لە ساتی کردنەوەی پردەکەدا خۆی فڕێداوەتە ناو گەرووی بۆسفۆر...

پاشان خەڵکی چوونە ناو ژوورەکەی لە ئوتێلەکەدا...

کاغەزێکیان دۆزییەوە لەناویدا نووسرابوو:

لە ڕاستیدا تامی هەموو شتێکم لەم جیهانەدا کرد، بەڵام لەزەتم لێ وەرنەگرت...

هەربۆیە ویستم تامی مردن بکەم و لەزەتی لێ وەربگرم!

ژیان بەبێ ناسینی خوای گەورە،

ژیانێکی بۆشە... بێبەهایە...

ڕیسوایە... نرخێکی نییە

ئەوانەش کە بە هەڵەداوان

بەدوای دنیادا ڕادەکەن

داماون... هاتوونەتە ناوی و لێیی

دەرچوون...

بێئەوەی تامی خۆشترین شتی

بکەن کە ئەویش

ناسینی خوای گەورەیە.

نوێگەریی لە ئاییندا

ئایین پرسێکی تەوقیفییە.

نە هەموار دەکرێ و نە ئاڵوگۆڕی تێدا دەکرێ و نە پەرەی پێ دەدرێ و نە نوێ دەبێتەوە...

نە شتی دەخرێتە سەر و نە لێی لادەبرێ...

چونکە ئەو لە خوای گەورەوەیە

بەڵام وشەی نوێگەریی لە ئاییندا لێرەدا بەو مانایە دێت، بێین هەرشتێکی لێ دابماڵین کە لە بنەڕەتدا هی ئەو نییە...

هەروەها بێین نوێگەریی بکەین تەنها لە گوتاری بانگەوازماندا...

بەڵام ناوەڕۆکی ئایین هیچ نوێگەرییەك هەڵناگرێ.

(ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ) المائدة: ٣

جووڵە بەپێی ئامانج

قوتابیەك لەسەر دەرگای تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازە لە زانکۆدا...
چەند هاوڵێکی هەیە خۆشیان دەوێ، بەڵام ئەوان نین لە زانکۆدا...
دەیانەوێ لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ باخچە و سەیرانگایەکی جوان...
ئەویش ئەوانی خۆش دەوێت و خۆشیان دەوێ... سەیرانگاکەش زۆر جوانە...
خواردمەنی نایابی تێدایە... دیمەنەکانی زۆر سەرنجڕاکێشن...
بەڵام ئەو لەسەر دەرگای تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازدایە...
ئەگەر بێتو بڕوات لەگەڵیان، ئەوا هەست بە سەغڵەتی دەکات و لە بارێکی دەروونی سەختدایە...
چونکە ئەم جووڵەیە ناگونجێت لەگەڵ ئامانجەکەی ئەودا...
ئەگەر ئەم قوتابییە بە تەنها لە ژوورێکدا دابنیشێ و سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی تاقیکردنەوەکەی بێت...
ئەوەی تێیدایە لێی تێبگات... ئەو کات هەست بە حەوانەوەیەکی دەروونی زۆر دەکات.
ئایا بەڕاست حەوانەوەی دەروونی لە کوێوە دێت؟
حەوانەوە لەو جێگایەوە دێت کە جووڵە بچەسپێت بێت لەگەڵ ئامانجدا...
بە دڵنیاییەوە تۆش هەتا لە پەرستن و پەرستشی خوای گەورەدا نەژیت، هەرگیز ناحەوێیتەوە.
خوای گەورە دەفەرموێ:
(وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾) الذاريات: ٥٦

پێشنوێژێك لە لەندەن...
ڕۆژانە سواری پاس دەبێت لەگەڵ هەمان شۆفێردا...
جارێکیان... سواری پاسەکە بوو و پارچەیەك پارەی زۆری دا بە شۆفێرەکە... شۆفێرەکەش باقییەکەی بۆ گێڕایەوە...
کاتێ پێشنوێژەکە باقییەکەی ژمارد بۆی دەرکەوت کە بیست سەنتی زیاترە لەوەی کە مافی خۆیەتی...
ئەو پێشنوێژی مزگەوتێکە... مسوڵمانە... پارێزگارە... مافی کەسانی تر ڕەچاو دەکات...
کاتێك لەسەر کورسییەکە دانیشت... لە دڵی خۆیدا وتی: هەر دەبێت ئەم زیادەیە بگێڕمەوە بۆ شۆفێرەکە، کاتێ ویستی دابەزێت... کەمێك بە خاو و خلیجکی دادەبەزی و وتی: کۆمپانیای گواستنەوە کۆمپانیایەکی زەبەلاحە و داهاتی زۆرە...
ئەم برە پارە زیادەیە بۆ کۆمپانیا شتێکی ئەوتۆ نییە و کەمە... منیش زۆر پێویستم پێیەتی...
گەر بێتو بیبەم بۆ خۆم شتێکی ئەوتۆ ناکەوێت لە سەرم...



کاتێك ویستی لە پاسەکە دابەزێت... دەستی خستە ناو گیرفانیەوە و بیست سەنتەکەی دا بە شۆفێرەکە...

شۆفێرەکە زەردەخەنەیەکی کرد **و** پێیوت: **ئایا تۆ** پێشنوێژی **مزگەوتیت؟**

وتی: بەڵێ...

شۆفێرەکە وتی: پێش دوو ڕۆژ لە دڵی خۆمدا وتم کە سەردانێکت بکەم لە مزگەوت تا لای تۆ خوا بپەرستم...

بەڵام ویستم بەرلەوە بێم بۆ لات تاقیت بکەمەوە...

ڕاستەوخۆ پێشنوێژەکە کەوت و لە هۆش خۆی چوو...

بەڕاستی بورایەوە، چونکە گەورەیی ئەو تاوانە هات بە خەیاڵیدا کە ئەگەر بهاتایە ئەو پارەیەی بۆ شۆفێرەکە نەگێڕایەتەوە، چەندە تاوانێکی گەورە بوو...

کاتێك هاتەوە هۆش خۆی وتی:

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان کە یارمەتیت دام لەسەر هەق و ڕاستی...

خۆ خەریك بوو ئیسلام بفرۆشم **بە** بیست سەنت!

سەردەمی شتە ماددییەکان

کوڕێکی گەنج کچە لاوێکی خواست... باوکی کچەکە پرسیاری لێ کرد:

کوڕەکەم... ئایا خانووت هەیە؟ وتی: بەڵێ ئەی چۆن...

باوکەکە پێیوت: تاپۆی موڵکدارییەکە بێنە...

ئایا ئۆتۆمبێلت هەیە؟ وتی: بەڵێ هەمە... پێیوت: بەڵگەنامەی موڵکدارییەکەی بێنە...

ئایا کارگەت هەیە؟ ئەویش وتی: بەڵێ...

باوکەکە پێیوت: مۆڵەتە فەرمییەکەیم بۆ بێنە...

وا دەردەکەوێ هەموو کارەکانت تەواون... خانوو و کارگە و ئۆتۆمبێل.

ئینجا کچەکەیی کردە هاوسەری...

ڕۆژێکیان ئەو گەنجە سەردانی باوکی هاوسەرەکەیی کرد لە شوێنی بازرگانییەکەی... ئەمە لە کاتێکدا کە چەند هاوڕێیەکی باوکەکە لای دانیشتبوون...

پێیوتن: ئەمە فلانە کەسە... کچەکەمی خواستووە...

یەکێکیان ڕووی گرژ کرد و هەڵشاخا پیایدا و پێیوت: ئایا ئەمە ڕەوایە، ئەقڵگیرە؟ ئەم گەنجە مسوڵمان نییە...

ئینجا باوکەکە پرسیاری لێ کرد: ئایا تۆ مسوڵمان نیت؟

گەنجەکە پێیوت: تۆ بە هیچ جۆر پرسیاری ئایینەکەمت لێ نەکردم.

تۆ پرسیاری خانوو و ئۆتۆمبێل و کارگەت لێکردم...

منیش دەڵێم: بەڕاستی ئەم سەردەمە سەردەمی شتە ماددییەکانە... بەهای مرۆڤ لە ئەمڕۆدا هەموو بەهاکەی لە ڕووبەری خانووەکەیدایە... لە شوێنەکەیدایە... لە جۆری دیکۆریدایە لە جۆری فەرشەکانیدایە... بەهای لە مۆدێلی کاتژمێرەکەیدایە... لە جۆر و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەیدایە... بەهای مرۆڤ لە جۆری ئەو مۆبایلەیدایە کە هەیەتی... بەهای لە پۆشاک و ئامێر و ڕواڵەتیدایە...

جا کاتێ شتە ماددییەکان زاڵ دەبن و دەبنە هەژموندار...

ئەو کات پرەنسیپ و کەسەکان دەبنە خزمەتکاری شتەکان...

ماڵوێرانیی گەورە لێرەدایە...

کاسبی حەرام

چیرۆکێك دەگێرمەوە...
یەکێك لە قوتابییەکانم خاڵۆیەکی هەیە کە خاوەنی
سینەمایە...
ئاستی کاری سینەماکەی زۆر داڕووخاو و بەدڕەوشتە...
گەنجانی وێڵ و فەوتاو و لادەر و بەرەڵلا بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت...
ئەو پیاوە لەسەر حیسابی ئەو گەنجانە سەروەت و سامانێکی زۆری کۆ کردەوە...
کاتێ تەمەنی گەیشتە چلەکان... نەخۆشییەکی کوشندەی بۆ هات
لە کاتی سەردانکردنیدا دایە قوڵپەی گریان و وتی: لە ڕاستیدا من ئەم
هەموو سەروەتەم کۆ کردەوە تا لە ژیانمدا لەزەتی لێ ببەم...
بەڵام ئەوەتا نەخۆشی زوو هەڵیکوتایە سەرم و لەزەتم لە سەروەتەکەم نەبرد...

کەواتە: نەفامترین و گەوجترین مرۆڤ...
ئەو مرۆڤەیە کە لە تەگبیر و حیساباتیدا... لێپرسینەوەی خوا ناخاتە ناو حیساباتیەوە.

ئایینەکەت لە کوێیە!

ئایین تەنها لە مزگەوتدا نییە...

ڕاستە لە مزگەوتدا... لە وانەیەکی زانستیدا ڕێنمایی خوای بەدیهێنەر وەردەگری...

لە مزگەوتدا... نرخی پایەداریت وەردەگری، ئەویش ئارامیی دەروونییە لە کاتێکدا لە نوێژدایت...

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئایینەکەت لە شوێنەکانی تریشە..

ئایینەکەت لە نووسینگەکەتدایە... ئایینەکەت لە دووکانەکەتدایە...

ئایینەکەت لە بازاڕدایە... ئایینەکەت لە کڕین و فرۆشتنتدایە...

ئایینەکەت لە پیشەکەتدایە... ئایینەکەت لە هەڵسوکەوتتدایە لەگەڵ دراوسێیانتدا...

ئایینەکەت لە کارەکەتدایە... ئایینەکەت لەماڵەکەتدایە...

کەواتە ئایین بریتییە لە تەواوی هەڵسوکەوت و مامەڵەکانت.

کەسێکی زۆر هەژار... داهاتەکەی ڕێگای پێ نادا یەك کەوچك هەنگوین بکڕێ...

لە ژیانیدا تامی هەنگوینی نەکردووە...

کتێبێك لەسەر هەنگوین کەوتە بەردەستی و خوێندیەوە... لە گەورەیی پەروەردگار چاوی پڕبوو لە فرمێسك، وەك سوپاسگوزارییەك سوژدەی برد بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو زانست و شارەزاییەی کە خوای گەورە کردییە نیعمەتێك لە سەری...

ئەو هەژارە کە بۆی نەلواوە یەك کەوچك هەنگوین بخوات...

بەڵام بەو خوێندنەوەیە ئامانجی گەورەی لە دروستکردنی هەنگوین بۆ جێبەجێ بوو...

ئەو مرۆڤەش کە بە شێوەیەکی بەردەوام هەنگوین دەخوات، بەڵام بیری نەکردووەتەوە لەو نیعمەتە گەورەیەی پێی بەخشراوە ئەوا گەورەترین ئامانجی لە دروستکردنی هەنگویندا لە کار خستووە!

تەنها لە لایەنە ماددییە سادەکەی سوودمەندبوو بووە.

هەر بۆیە ئامانجی گەورە لە پێدانی نیعمەت ئەوەیە هەمیشە بیر لە دروستکراوی خوای گەورە بکەیتەوە...

کارتی براوە

لە ئەمڕۆدا مسوڵمانان جگە لە منداڵەکانیان
کارتی تری براوە لە دەستیاندا نەماوە...
لەوابەیە ئەم گوتەیە گوتەیەکی بەئێش و
ئازاردەر بێت...
بەڵام ڕاستییە تاڵەکە هەزار جار
باشترە لە گومانێکی حەوێنەر و
خەڵەتێنەر...
ئەگەر مرۆڤ گەورەترین سەروەت
لە زەویدا کۆ بکاتەوە...
گەیشتە مەزنترین پلە و پایە تیایدا...
باڵاترین بڕوانامەی لە بڕوانامەکان بەدەست
هێنا...
پاشتر ببینێ کە کوڕەکەی بەوجۆرە نییە
حوای گەورە ڕازی بێت لێی...
ئەوا ئەو کەسە بەدبەختترین کەسە!



تۆ بۆچی لە دنیادایت؟

پاڵەوانێتی ئەوەیە باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت بێنی...
ئەوەیە کار بۆ قیامەت بکەیت...
ئەوەیە حەز و خواستەکانت بگوێزیتەوە بۆ قیامەت...
بشزانی کە بۆچی لە دنیادایت؟
تۆ بۆیە لە دنیادایت
تا خوای گەورە بناسیت...
تا بە ڕێبازەکەی خۆت ڕێك بخەیت...
تا چاکەکار بیت لەگەڵ دروستکراوانیدا...
دەبا ناسین و شارەزایی و ڕێکوپێکی و چاکەکاریی هۆکاری چوونە بەهەشت بن...
ئەو بەهەشتە کە پانتاییەکەی ئاسمانەکان و زەوییە...
بەهەشتێك کە نە چاو لە وێنەیی بینیوە... بە پێشتر بەرگوێی کەوتووە... نە بە خەیاڵی مرۆڤدا هاتووە.

ناسینی خوای گەورە بنەمای ئایینە...
جا ئەگەر فەرماندەت ناسی، پاشان فەرمانەکەییت زانی...
ئەوا لەپێناو گوێڕایەڵیی فەرماندەدا هەمووشت بەخت دەکەیت...
بەڵام ئەگەر فەرمانەکەت زانی، بەڵام فەرماندەکەت نەناسی...
ئەوا جۆرەها پێچ لێدەدەیت تا خۆت قوتار بکەیت لە فەرمانی فەرماندەکەت...
ناسینی خوای گەورە بنەمای ئایینە...
ناسینی فەرمانیشی بنەمای پەرستنە...
ناسینی دروستکراوانیشی بنەمای چاکبوونی دنیان.



کێ ڕەگەزی کۆرپەلە دیاری دەکات؟

هەندێ کەس هەن کاتێ هاوسەرەکەی کچێکی دەبێت زۆر زۆر تووڕە دەبێت... هەندێ پیاویش هەن ئەوەندە گەوجن ئەو هاوسەرەی تەڵاق دەدات کە کچی دەبێت...

ئەمە لە کاتێکدا زانست سەلماندویەتی کە ئافرەت بە هیچ جۆر پەیوەندی بە دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلەوە نییە...

چونکە ئەو لایەنەی ڕەگەزی کۆرپەلە دیاری دەکات دڵۆپە ئاوی پیاوەکەیە... نەك هێلکەی ئافرەت...

ئەم ڕاستییە لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوە زانستییانەوە هاتووە کە پەیوەندن بە زانستی کۆرپەلەوە...

لە قورئانی پیرۆزدا دەخوێنینەوە کە دەفەرموێ:

(وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ ﴿٤٦﴾) النجم: ٤٥-٤٦

بەدیهێنەرمان دەفەرموێ:

لە نوتفەیەك (دڵۆپێك ئاوی پیاو)... نەیفەرمووە لە هێلکەیەك...

وەحی ڕێنمایی ئەقڵ دەکات

ئەم چاوە تا هەر ئاستێکی بەرز تیژبین بێت...
هەر بەبێ بوونی ڕووناکییەکی گەیەنەر کە بکەوێتە نێوان مرۆڤ و
بینراوەکانی دەوروبەری ئەوا هیچ جۆرە بەهایەکی نییە.
ئەگەر بێتو کەسێکی نابینا لەگەڵ مرۆڤێکی تیژبیندا لە ژوورێکدا دابنیشێ
کە هیچ ڕووناکییەکی تێدا نەبێت
ئەوا هەردووکیان یەکسانن لە بینیندا!
جا هەروەك چاو بەبێ ڕووناکی هیچ بەهایەکی نییە...
بە هەمان شێوە ئەقڵیش بەبێ وەحی کە ئاڕاستەی بکات نرخێکی نییە...

ڕووناکیی بۆ چاو وەك وەحی وایە بۆ ئەقڵ.



کاتێك ئاشت دەبیت لەگەڵ خوادا... ئەوەش بە پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەی ئەو کات تۆ ئاشتیت لەگەڵ خودی خۆتدا...

لە ڕاستیدا ئەو باوەڕدارەی ڕێبازی خوا جێبەجێ دەکات دەکەوێتە ئارامییەکی دەروونییەوە...

دڵنیایی بۆ دروست دەبێت... ئارام و حەواوەیە... هێمن و دڵجێگیرە... ڕەزامەندە... هەست بە بردنەوە دەکات... خەیاڵی ئاسوودەیە...

ئەم حاڵەتە ئەرێنیانەش ئەوەندە زۆرن ئەگەر دابەش بکرێن بەسەر خەڵکی شارێکدا بەشیان دەکات...

بانگهێشت کراون بۆ لای بەزەیی خوای گەورە

کەسێك پێیوتم: لە وەرزێك لە وەرزەکاندا... قازانجێکی ئێجگار زۆرم کرد...
ویستم بەبێ هاوسەرەکەم برۆم بۆ وڵاتێکی دوور
تا برە پارەیەکی زۆر لە حەز و ئارەزووەکاندا خەرج بکەم...
کاتێ ئەم کەسە گەیشتووەتە ئەو وڵاتە...
هەستی بە ئازارێکی زۆر کردووە لە پشتیدا... کەوتووەتە نەخۆشخانە...
پشکنین نەخۆشییەکەی بۆ دەستنیشان کردووە کە لوویەك لەناو شادەماری پشتیدایە...
ڕاستەوخۆ **گەشتەکەی** کۆتایی پێ هێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ شام.
بەردەوام لە هاتوچۆدا بووە لەم مزگەوتەوە بۆ ئەو مزگەوتەی تر...
لەم پزیشکەوە بۆ پزیشکێکی تر...
پاشتر دەرکەوتووە کە دەستنیشانکردنەکەی هەڵەیە، **نەخۆشییەکەی** سادەیە!

پوختەکەی ئەوەیە کە:
ئەگەر خوای گەورە خۆشیویستی.. دەتبات بۆ لای خۆی.

نزیکی نەکەون

خوای گەورە دەفەرموێ: (تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا) البقرە: ١٨٧

زینا حەرامێکە لە حەرامەکانی خوای گەورە...

نزیککەوتنەوە لێی خاوەنەکەی دەخاتە ڕیزی کەسە سووك و ڕیسواکانەوە...

نزیککەوتنەوە لێی بەوە ڕوودەدات تاك بکەویت لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا...

نریککەوتنەوە لێی بەوە دێتە جێ کە چاو نەپارێزێ لە نامەحرەم...

نزیککەوتنەوە لێی بەوە دێتەجێ برۆیت بە ڕێگایەکدا کە پیسبووبێت بە ئافرەتانی ڕووت و بێئابڕوو

نزیککەوتنەوە لێی بەوە دێتە جێ شتێکی ئارەزوو ورووژێەر بحوێنیتەوە... یان شتێکی ورووژێەر ببینیت

هەموو ئەمانە نزیککەوتنەوەیە لە زینا...

جا هەرکەسێ بڕوای بە گوفتاری خوا نییە... خۆی گومانی وایە کە کەسێکی چاکە...

وتی: من متمانەم بە خۆم هەیە... ئیرادەیەکی بەهێزم هەیە!

پاشان بێت نزیك ببێتەوە لە قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە...

ئەوا لەناکاودا دەگاتە گەورەترین بەدڕەوشتی و کاری خراپە

پێغەمبەری ڕێزدار(ﷺ) دەفەرموێ:

((با کەستان تاك نەکەوێت لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا، چونکە شەیتان دەبێتە سێیەمیان))

ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی ڕاستە.



برایەکی بەڕێز هەیە پزیشکی ددانە...
جارێك مامۆستایەکی ئافرەتی هەژار سەردانی کردووە...
ددانەکانی پێویستییان بە ڕاستکردنەوە بووە...
هەر جارێ کە زەردەخەنەی کردبێ... عەیبی ددانەکانی دەرکەوتووە... بە جۆرێ شەرمی لە خۆی کردووە.
بەڵام بڕی پارەی چارەسەرەکەی زۆر بووە... ئەو مامۆستایەکی هەژارە... چونکە ئەو بڕە پارەیە لە سەرووی توانای ئەوەوە بووە... پۆزشی بۆ دکتۆر هێناوەتەوە و ویستوویەتی بڕواتە دەرەوە...
پزیشکەکە پێیوتم: من نییەتم هێنا هەستم بە چارەسەرکردنی لەسەر حیسابی خۆم...
ئەوەش لەبەر خاتری خوای گەورە...
بۆیە پێموت: من ئەم کارەت وەك دیارییەك بۆ دەکەم... ئەویش ڕازی بوو...
پزیشکەکە پێیوتم: ئەو مامۆستایە نزیکەی شەش مانگ دەهاتە لام و چارەسەرم بۆ دەکرد...
منیش بە حوکمی نزیکیم لێی سوێند دەخۆم بە خوای گەورە کە ئەو پزیشکە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا لە لووتکەی بەختەوەریدا بوو...
کەواتە بەختەوەریت لە دەستی خۆتدایە... تۆ خاوەنی ئەوی...
خزمەتی خەڵکی بکە و ڕاستگۆبە...
ئەمانەتپارێز بە... بەقەناعەت بە... لەسەرخۆبە... لێبووردەبە...
چاکەکاربە...
لە کاتی خۆت و هەوڵی خۆت ببەخشە... دەبیتە بەختەوەرترین کەس...
هەروەك وتراوە:
ئەگەر دەتەوێ بەختەوەر بیت... کەسانی تر بەختەوەر بکە...

خوای گەورە دەفەرموێ:

(تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾) البقرة: ١٣٤

پرسی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان ئوممەتە پێشووەکاندا چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە...

بۆچی ئەو ڕووداوە مێژووییانە بێنینەوە یاد و پاشان لەپێناو ئەواندا بکەوینە شەڕ لەگەڵ یەکتریدا...

خوێن بڕژرێ...

ئایا ئەو خوێنڕشتنە چ سوودێکمان پێ دەگەیەنێ؟

ئەو ناکۆکییانە لە کوێدا و لە چیدا سوودی بۆ ئێمە هەیە؟ هیچ

ئەوان ئوممەتانێك بوون تێپەڕین و تەواو.



هەڵەی ڕەفتاریی...
بەرئەنجامی هەڵەی بیر و بۆچوونە

هەر زیانێك تووشی مرۆڤ ببێت...
هەر کێشەیەك بێت بەسەر مرۆڤدا...
هەر تاقیکردنەوە و بەڵایەك بەرۆکی
مرۆڤ بگرێ...
بە دڵنیاییەوە بەهۆی هەڵەی ڕەفتارییەوەیە...
کە ئەویش دەرئەنجامی هەڵەیەکە لە بیر و بۆچووندا...
جاری وا هەیە باوکێك دەمرێت و منداڵی کوڕ و کچ جێدێڵێت...
یەکێك لە کوڕەکانی کەسێکی بەهێزە...
ئەو لەنێوان براکانیدا کوڕە گەورەیە... زاڵە بەسەر براکانیدا...
ئینجا دێ هەموو سەروەتەکە دەبات بۆ خۆی... هەندێ سەروەتی کەم و بێبەها بۆ برا و خوشکەکانی جێدێڵێت...
گومان و بۆچوونی وایە کە ئەوە هێز و تەمەن و هەژموون و دەسەڵاتیەتی حوکمی ئەو مەسەلانە دەکات...
وا گومان دەبات هەموو ئەوەی کە دەیکات مافی خۆیەتی...
حیساب و لێپرسینەوەی خوایی نەخستووەتە ناو حیساباتیەوە...
ئایا ئەنجامەکەی چییە؟
سوێند بە خوا چیرۆکی زۆرم بیستووە
دەرئەنجامی زۆربەیان... ئەوەیە ئەو سەروەتە زۆرەی کە برا گەورەکە لە برا و خوشکەکانی زەوتی کردووە...
تەنها بۆ ماوەیەك لەزەتی لێ بردووە...
دواتر هەروەك با بیبات هەر هەمووی بەفیڕۆ چووە...
یەکێك لەو جۆرە کەسانە دەناسم کە دواتر ناچار بوو ببێتە ژمێریار لای ئەو برایانەی کە بێبەشی کردن لەو سەروەتەی کە مافی خۆیان بوو و ئەو لێی زەوت کردن.

هەر مرۆڤێك بەر لەوەی خوای گەورە
بناسێت دۆڕاوە...

([illegible])

العصر: ١-٢

هەر مرۆڤێك لە دۆڕاندایە...
ئایا بۆچی دۆڕاوە؟
چونکە تێپەڕبوونی کات و تەمەن وردە
وردە لە کاری دەخات...
لە ڕاستیدا مرۆڤ بۆ چەند ڕۆژێکە...
هەر کە ڕۆژێک تێپەڕی... بڕێ لە
تەمەنی ئەو تێدەپەڕێ...
بێننە بیرتان کە مرۆڤێك تەمەنی لای
خوای گەورە ٦٩ ساڵ و هەشت مانگ و
چوار ڕۆژ و پێنج کاتژمێر و ١٨ خولەك
و ٤ چرکەیە
ئا ئەمە تەمەنیەتی...
هەر کە چرکەیەك تێپەڕی... ئەو کەسە
نزیك دەبێتەوە لە کۆتایی تەمەنی...

کەواتە تێپەڕبوونی کات هەر هەموومان
لە کار دەخات

حەز نهێنی پەیوەندیتە بە خوای گەورەوە
حەز نهێنی نزیکیتە لە خواوە...
حەز نهێنیی بەپیرەوەچوونە بۆ لای
خوای گەورە...
حەز نهێنیی بردنەوەی بەهەشتە...
ئەگەر کەسێك حەزی لە شتێك نەبێت... ئایا چۆن نزیك ببێتەوە لە خوای گەورە!
خوای گەورە ئەم حەز و ئارەزووانەی کردوونەتە پەیژەی بەرزبوونەوە کە لێیەوە دەگەیتە پەروەردگارت...
ئارامگران بە بەدەستنەهێنانی حەز و ئارەزووەکانیان بەرز دەبنەوە...
کاتێ سوپاسگوزاریشن لە حاڵەتی بەدەستهێنانیان لە حەڵاڵدا، ئەوا بە هەمان شێوە بەرز دەبنەوە
بەڵام شتێکی مەحاڵە... هەزار هەزار جار مەحاڵە...
کە ئیسلام بێبەشکردنی تێدابێت...
چونکە هەر حەزێك کە خوای گەورە لە مرۆڤدا دایناببێت...
بە دڵنیاییەوە لە بەرانبەریدا کەناڵێکی حەڵاڵی بۆ داناوە تا لە ڕێگای ئەو کەناڵە حەڵاڵەوە بەجێی بگەیەنێ...
مرۆڤیش لەسەر ئەو حەزە پاداشتی چاکەی هەیە!
خوای گەورە حەزی سێکسی لە مرۆڤدا دروست کردووە...
هاوسەرگیریشی کردووەتە ڕێگای تێرکردن و خاڵیکردنەوەی ئەو حەزە...
ئینجا ئەگەر مرۆڤ هات ڕێگای حەڵاڵی بۆ گرتە بەر ئەوا پاداشتی هەیە لە سەری.

هەرگیز لە ئیسلامدا بێبەشکردن بوونی نییە.

دنیا فریودەرە
فریودانەکەشی...
ئەوەیە کە بە قەبارەیەکی زۆر گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەبیرێ...
گەنجێکی قۆشمەچی لە شوێنکارێکی بازرگانی کار دەکات...
ئەم گەنجە شوێنکارەکەی گسک دەدات... ئینجا زبڵەکەی دەخستە ناو قوتوویەکی جوان و سەرنجراکێشەوە...
پاشان بە کاغەزی دیارییەکی گرانبەها بەرگی ئەم قوتووەی دەگرت...
دەهات بە شریتێکی سووریش گرێی دەدا...
وەك بڵێی ئەم قوتووە پارچەیەك ئەڵماسی گرانبەهای تێدا بێت...
ئینجا دەهات بە تەنیشت شوێنکارە بازرگانییەکەدا دایدەنا...
کەسێك بەوێدا تێدەپەڕێ وا دەزانێ ئەڵماسی تێدایە...
هەڵیدەگرێت و بەپەلە دەڕوات...
گەنجەکەش شوێنی دەکەوێ...
ئینجا ئەم مرۆڤە دوای دووسەد مەتر ڕێکردن هەڵدەستێ بە کردنەوەی کاغەزی دیارییەکە...
پاش ماوەیەکی تر ڕێکردن قوتووەکە دەکاتەوە...
دەبینێ کە زبڵی شوێنکارەکەی تێدایە...
دەکەوێتە جنێودان و قسەی ناشیرین و دەڕوات!

ئەو نائومێدییە کە بەسەر ئەم مرۆڤەدا هات...
بەسەر هەر کەسێکی تردا دێت کە دنیای خۆش دەوێت و هەڵپەیەتی بەدوایدا...

نوێژ و ڕۆژوو و حەج، ئەو پەرستشانەن کە دەبنە مایەی لێخۆشبوون لەو گوناهانەت کە لەنێوان خۆت و خوای گەورەدان...

بەڵام ئەو شتانەی لەنێوان تۆ و خەڵکانی تردان ئەوا دەخوازێ ئەو مافانە بگێڕیتەوە بۆیان، یان داوای گەردنئازادییان لێ بکەیت...

هەرکەس وابزانێ ڕۆژووی ڕەمەزان و نوێژ، یان حەجی ماڵی خوا سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن و پاکی دەکەنەوە لە هەموو ئەو گوناهانەی کە ئەنجامی داون و هەروەك ئەو ڕۆژەی لێ دێتەوە کە لەدایکبووە تەنانەت بەو گوناهانەشەوە کە لەنێوان خۆی و خەڵکیدا ئەنجامی داون ئەوە بەهەڵەدا چووە..

چونکە هەرکەس قەرزی لەسەر بێت، یان هەر مافێکی تری خەڵکی لەسەر بێت... ئەوا پەرستش نابێتە مایەی لێخۆشبوون لێیان.

ئەو مافانە لە ڕەمەزاندا ناسڕدرێنەوە.

بە دڵنیاییەوە کە دەبێ مافەکانی خەڵك بگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان...

یان ئەوان لێت خۆش ببن...

ئەوە تەنها گێڕانەوەی ئەو مافانە یان لێخۆشبوونە لێیان... کە مافی خەڵکی لە سەرت ناهێڵنەوە...

بەڵام ئەو شتانەی لەنێوان خۆت و خوای گەورەدان... ئەوا خوای گەورە بەو پەرستشانە و بە بەزەیی خۆی لێت خۆش دەبێت...

ڕەمەزان مانگی گوێڕایەڵی و پەرستشەکانە

زۆر بەداخەوە
مانگی ڕەمەزان لای زۆرێك لە مسوڵمانان...
بووەتە مانگی دەعوەت و ڕازاندنەوەی سفرەی خوان و
شەوچەرە و زنجیرە دراماکان و تەلەفزیۆن...
ئەگەر مسوڵمان بڕوات بۆ تەراویح...
دەیبینی کاتێ دەگەڕێتەوە سەیری زنجیرە دراماکان دەکات..
لە بەردەم تەلەفزیۆندا تا پارشێو شەونخونی دەکێشێ...
لەوانەیە لە کۆڕێکیشدا دابنیشێ کە هی غەیبەتکردن و
دووزمانی بێت...
کاتێ هەندێ لە مسوڵمانان وا تێگەیشتوون کە ڕۆژوو بریتییە
تەنها لە وازهێنان لە خواردن و خواردنەوە...
ئەوانە کەوتوونەتە هەڵەیەکی زۆر گەورەوە...
خوای باڵادەست بێنیازە لەوەی مسوڵمان واز لە خواردن و خواردنەوەکەی
بێنێ و کاری پێی نییە...
بەڵام دەیەوێت مرۆڤ لەم مانگەدا بەرز ببێتەوە و باڵا بکات...
نە غەیبەت و نە دووزمانیکردن و نە پێهەڵخلیسکان...
نە سەیرکردنی ئەو بەرنامانە کە خوای گەورە ڕازی نییە پێیان...
نە شەوبردنەسەر بە تێکەڵاویی نامەحرەم، یان گرتنی کۆڕی قەدەغەکراو...
ئیسلام داوای جیاکاری دەکات... هانمان دەدات بۆ پابەندیی پێیەوە...
چونکە تۆ کاتێ لە ڕەمەزاندا... مەرجەکانی ڕۆژوو جێبەجێ دەکەیت...
ئەوا دوای ڕەمەزانیش بیر لەوە دەکەیتەوە کە پابەند بیت بە ڕۆژووی ڕەفتارییەوە...
واتە ڕۆژووشکاندنت دوای ڕەمەزان تەنها خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە...
بەڵام ڕەفتار و ڕەوشتت... ئەوا دوای ڕەمەزانیش بەهۆی هیدایەتی
ڕۆژووەوە هەر بەردەوام دەبێت...
بەمجۆرەش وامان لێ دێت ئامانجەکانی مانگی ڕەمەزان دەستەبەر بکەین...

هاوسەرگیریی سوننەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)
هاوسەری چاکەکار نیعمەتی دنیایە...
خۆشویستنی هاوسەر بەو سیفەتە کە نیعمەتی خوایە بەشێکە لە بەشەکانی خۆشویستنی خوای گەورە...
هاوسەر ئارامیی و ئاسوودەییە...
ئەو دایکی منداڵانە...
خۆشەویستیت بۆ هاوسەرەکەت ڕێزت لای خوای گەورە بەرز دەکاتەوە...
شەیتانیش چەندەها چالاکی جۆراوجۆری هەیە...
ئایا گرنگترین و مەترسیدارترین چالاکی شەیتان کامەیە؟
بە دڵنیاییەوە بریتییە لە لێکترازاندنی دوو هاوسەر...
ئەو وەسوەسە و دوودڵی دروست دەکات تا پیاو و هاوسەرەکەی لە یەك داببڕێ و جیا ببنەوە...
تەواوی هەوڵی دەخاتە گەڕ تا پیاو ڕقی لە هاوسەرەکەی بێت...
بەڵام باوەڕ داوا دەکات کە پیاو هاوسەرەکەیی خۆش بوێت و ڕێزی لێ بگرێ...

ئاماژەیەکی زۆر ناسك و جوان، ئومێدەوارم لاتان ڕوون بێت...

هەر وڵاتێك یاسا و سیستمی ڕێنمایی یاسایی بە خۆی هەیە...زۆرێك لە شتە حەرامکراوەکان لە هەموو وڵاتاندا بە شێوەیەکی گشتی گونجاون لەگەڵ ئاییندا...

بۆ نموونە دزیی لە ئاییندا حەرامە... لە یاسای گشتیشدا قەدەغەیە...

جا ئەگەر کۆمەڵێك لە خەڵکی بەڕێوەبەرێکی ترسێنەر و زاڵیان هەبێت...

خاوەنی زانیاری تێروتەسەل بێت و هۆکارەکانی ڕێکخستنێکی زۆر باڵای بۆ کارەکانی هەبێت...

ئایا ئەو کەسانە لەو دەترسن، یان لە خوای گەورە دەترسن...

لە ڕاستیدا لەم حاڵەتەدا ئێمە نازانین کام لەو کەسانە دزی ناکات...

ئایا لە ترسی خوای گەورە دزی ناکات؟

یان لە ترسی لێپێچینەوە؟

خوای گەورە هەندێ لە فەرمانەکانی لە ئاییندا وەها داناوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە یاسای زەوییەوە نییە...

هیچ یاسایەك لەسەر زەویدا نییە جگە لە ئایینی خوایی کە ڕێگیریت لێ بکات لەوەی سەیری ئافرەتێ بکەیت کە حەڵاڵی خۆت نەبێت...

ئەمە مانای ئەوەیە کاتێ تۆ چاو دادەخەیت لە نامەحرەم...

بەم کارەت دەیسەلمێنی کە بەدیهێنەرەکەتت خۆش دەوێ...

لەسەر زەویدا جگە لە خوای گەورە...

لایەنێك نییە بتوانێ لەسەر ئەمە لێپرسینەوەت لێ بکات...

ئەی لاوی مسوڵمان...

سوێند بێت بەو خوایە کە جگە لەو زاتە هیچ خوایەکی تر بوونی نییە... ئەگەر لە قورئاندا جگە لەم ئایەتە هیچ ئایەتێکی تر باسی لاوان نەکات، ئەوا هەر ئەمەیان بەسە.

(أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾) الجاثية: ٢١

مەحاڵە و هەزار هەزار جار مەحاڵە...

کە گەنجێکی پایەدار و ڕاستگۆ... تەوبەکار... پاکداوێن... چاوداپۆش لە نامەحرەم... گوێکەڕ لە ئاست بیستنی حەرام... زمانی بگرێ لە وتنی حەرام... ڕێکوپێك بێت... گوێڕایەڵی دایبابی بێت...

بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ هەروەك چۆن مامەڵە لەگەڵ گەنجێکی بێکۆنترۆڵ و بەرەڵڵادا... لادەردا... دەکرێ... لەگەڵ گەنجێکدا کە نوقم بووبێت لەناو ئەو حەز و هەوا و هەوەس و لەزەتانەی کە خوا بازاڕییە پێیان.

کەواتە ئەی گەنجەکان دەست بگرن بە پایەداریی و پایەداریی و پایەدارییەوە.

هەژاری واهەیە هەژارییەکەی بەهۆی تەمبەڵییەوەیە
دەیبینین ئەو کارەی کە دەیکات شارەزا نییە تیایدا و ستاندارد نییە...
مەوعیدەکانی ڕێکوپێك نین...
بەرهەمەکەی زۆر خراپە... نە گرنگی پێ دەدات و نە بەرهەمی
سەرکەوتووی هەیە...
نە بەدواداچوونی هەیە و نە لێپرسینەوەی هەیە...
کەسی لەمجۆرە دەبینین کە پاش ماوەیەك هەژار دەکەوێت!
ئەم هەژارییە هەژاریی تەمبەڵییە...
ئەم هەژارییە خودی خۆت هێناوتە بەسەر
خۆتدا...
چونکە تۆ نە کەسێکی شارەزاییت و
نە بەرهەمی سەرکەوتووت هەیە
و نە ڕاستگۆی لە مەوعیددا و نە
ئەمانەتپارێزی...
کەچی ئەوەی مایەی پێکەنینە گوتەی
ئەم کەسە کەمتەرخەمەیە کە دەڵێ:
خوای گەورە ڕزقی بۆ نەنووسیووم!
هەرگیز ئەمە نەڵێیت...
بەڵکوو بڵێ:
من خۆم کەمتەرخەمم... کەواتە
وەرە ڕەفتارەکانت بگۆڕە تا
بارودۆخت بگۆڕدرێ

ئەگەر مرۆڤی چاوباشقەڵ کە چاو لە ئاست نامەحرەمدا داناخات چاوی لەدەست بدایە!

ئەوا ئەو کات تەنانەت بێباوەڕان و دەستەڵاتدارانی سەر زەوی و ملهوڕەکان لە ترساندا گوێڕایەڵ دەبوون و چاویان لە ئاست نامەحرەمدا دادەخست...

ئایا ئەم گوێڕایەڵییە بەمجۆرەی پێشەوە کە بە زۆرەملێ ئەوەی بەسەردا سەپاوە وا لەو کەسە دەکات بەرز ببێتەوە و باڵا بکات؟

ئەگەرخوای گەورەویستی ببوایەکەناچارمان بکات لەسەرگوێڕایەڵی...ئەوادەیکرد بەڵام ئەم ناچارکردن و زۆرەملێیە لەسەر گوێڕایەڵی هیچ جۆرە بەهایەکی نییە... تامی نییە...

هیچ لەو کەسەدا ناگۆڕێ... هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ... نە مرۆڤ بەختەوەر دەکات و نە بەرزی دەکاتەوە...

لەڕاستیدا ئەو شتەی کە مرۆڤ بەرز دەکاتەوە ئەوەیە بە حەر و ویستی خۆی بچێتە خزمەتی خوای گەورە... بە حەز و تامەزرۆییەوە بچێتە خزمەتی وەها کە خۆشی دەوێ... بە دەستپێشخەری خۆی ئەو نزیکبوونەوەیە ئەنجام بدات...

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوای گەورە دەیەوێت پەیوەندی لەنێوان زاتی خۆی و بەندەکەیدا پەیوەندیی خۆشەویستی بێت...

(یُحِبُّهُمْ وَیُحِبُّونَهُ) المائدة: ٥٤

کات بەفیڕۆدان



ئەگەر مرۆڤێك بوەستێ و بڕێك پارە بگرێت بە دەستییەوە و لەبەردەمتاندا بیسووتێنێ!

ئێوەش بە هەموو تواناتان هەوڵ بدەن ڕێگیریی لێ بکەن لە ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵام بەگوێتان نەکات...

ئایا چ حوکمێك دەدەن بە سەریدا؟

دەڵێن شێتە... بە دەستەواژەی شەرعیش کەسێکی (گەوجە)

جا ئەگەر بەفیڕۆدانی سەروەت و دارایی بە گەوجی هەژمار بکرێ...

ئەی ئەو کەسەی کە کات و تەمەن بەفیڕۆ دەدات دەبێ چ ناوێکی لێبنرێ؟

کاتیش لە سەروەت و پارە بەنرخترە...

بە بەڵگەی ئەوە کە دەکرێ مرۆڤ پارەیەکی زۆر خەرج بکات لەپێناو نەشتەرگەرییەکدا... بە خەیاڵی خۆی گومان ببات کە چەند ساڵێ لە تەمەنی زیاد بکات

کەواتە کات و تەمەن لە سەروەت و پارە بەنرخترە.

مەترسی کارە هونەرییەکان زۆر گەورەیە...
لەوانەیە یەکێك وابزانی کە مەترسییەکەی تەنها لە بینینی دیمەنە وروژێنەرەکاندایە...
هەر بەڕاستیش ئەو دیمەنانە مەترسیدارن...
بەڵام مەترسیدارتر لەوانە بریتییە لەوە کە ئەو زنجیرە درامایە مەسەلەیەك دەخاتە ڕوو... پێی دەوترێ (مەبەست) یان (ئامانج)
ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕۆر زۆر بە ئێش و ئازارگەیەنەرە، چونکە زۆربەی جار کۆمەڵە بەهایەك دەخاتە ڕوو دژن لەگەڵ ئاییندا...
بۆنموونە... کەسێکت پیشان دەدات کە نیشتەجێی کۆشکێکی زۆر قەبەوجوانە... خاوەنی داهاتێکی زۆرە... خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی کەشخەیە...
بەڵام پابەند نییە بە ئایینەوە...
پاشان کەسێکی ترت پیشان دەدات کە مامۆستایەکی ئایینیە و لە گەڕەکێکی هەژاردایە... لەماڵێکی شپرز و پڕوپووچدا دەژی... کەلوپەلی ماڵەکەی... شپرز و شێواوە... هاوسەرەکەی لە ماڵە دراوسێکاندایە... منداڵەکانی لەسەر جادەن...
ئەم دیمەنانەت وەها پیشان دەدات کە ژیان بۆ ئەو کەسەیە ئایینی نەبێت...
ئەم بیرۆکە و هزرە مەترسیدارترە لەوەی کە ڕاستەوخۆ هێرشێکی توند بکرێتە سەر ئایین...
کەواتە فێرکردن بە وێنە کاریگەرترە لە فێرکردن بە بیرۆکە و بە هزر...



بەرهەمی نوێژ

بە دڵنیاییەوە کە پەیوەندیت بە خواوە و نیشانەی ڕووکردنە ئەو زاتە و بەپیرەوەچوونی...

نیشانەی دڵسۆزیت بۆی... نیشانەی پایەداریت لەسەر فەرمانی ئەو زاتە. .

ئەوەیە خوای گەورە پاداشتت بەوە دەداتەوە کە نوورێك دەخاتە دڵتەوە...

بەهۆیەوە دەتوانی چاکە بە چاکە ببینی و خراپەش بە خراپە ببینی...

بەم پێیە نابیت بە تەڵەوە و ناکەویتە داوەوە... ناکەویتە هەڵەیەکی گەورەوە کە وێرانت بکات...

چونکە تۆ بەرچاوڕوونی بە نووری خوا...

بە نووری خوا دەبینی... بە تەوفیقی خوا دێیتە گۆ...

بەپێی ڕێباری خوا دەجووڵێیتەوە...



کەواتە یەکەمین بەرهەم لە بەرهەمەکانی
پەیوەندیت بە خوای گەورەوە...
ئەوەیە تۆ خاوەنی دیدێکی ڕاست و
دروستی...
کە بەهۆیەوە چاکە بە چاکە دەبینیت...
خراپەش بە خراپە دەبینیت...

بەرژەوەندی تایبەت و دەقی شەرعی

هەندێک جار بەرژەوندی فریودەرت دژە لەگەڵ دەقی شەرعیدا...
بۆ نموونە: وابزانە تۆ بریکاری کۆمپانیایەکی کە قازانجێکی زۆر زۆرت لێیەوە دەست دەکەوێت...
سەپاندوویەتی بە سەرتدا شمەکێك بفرۆشی کە خوای گەورە پێی ناڕازییە...
جا ئەگەر ئەو شمەکە نەکڕیت ئەوا بریکارییەکەت لێ دەسەنرێتەوە...
لە لایەکەوە شمەکەکە حەرامە... لە لایەکی ترەوە کۆمپانیاش قازانجێکی زۆر زۆرت دەست دەخات...
لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەکی سەختە... زۆر سەختە.

کاتێك بەرژەوەندییە فریودەرەکەت دەخەیتە ژێر پێت...
دەبیتە گوێڕایەڵی خوای گەورە... گرنگی بە دنیاکەت نادەیت...
ئەوا ئەو کات تامی شیرینی باوەڕ دەچێژی





ڕۆژوو پەرستشی دڵسۆزییە

کاتێ مسوڵمان لە ڕۆژێکی زۆر گەرمدا بەڕۆژوو دەبێت...
کاتێ مسوڵمان لە ڕۆژێکی درێژی هاویندا بەڕۆژوو دەبێت...
کاتێ مسوڵمان لە کارەکەیدا ماندوو و شەکەت دەبێت و بەڕۆژوو دەبێت...
بە درێژایی ڕۆژ زەحمەت دەکێشێ و ململانێیەتی لەگەڵ ناڕەحەتی کارەکەی و تینویەتی...
پاشان دێتەوەماڵەکەی...
سەلاجەکەی پڕە لە نیعمەتی بەلەزەت و خۆش... پڕە لە ئاوی سارد...
کەسیش چاوی لێی نییە...

ئایا چی ڕێگیری لێ دەکات لەوەی دڵۆپێك ئاو بکاتە ناو دەمی؟
هیچ شتێك، جگە لە نواندنی دڵسۆزیی بۆ خوای گەورە... جگە لە باوەڕی پتەوی بە پەروەردگاری...

لە حیکمەتەکانی ڕۆژوو

دەوڵەمەند هەرگیز هەست بە ئازاری برسێتی ناکات...
چونکە بە درێژایی ساڵ خواردنی باشی لە بەردەستدایە.. خواردنەوەی لە بەردەستدایە...
جۆرەها خواردن و خواردنەوە و شەربەت و میوەهات و شیرینی هەمە ڕەنگی هەیە...
بەڵام دەوڵەمەند لە ڕەمەزاندا... تامی ناڕەحەتی برسێتی دەکات.
چونکە ئەو ئێستە بەڕۆژووە... بە ویستی خۆی برسی دەبێت
بەڵام ئەو کەسەی کە بە غەیری ویستی خۆی برسی دەبێت.....
چونکە هەژارە.
ئەوا بە درێژایی ساڵ برسییەتی
ڕەمەزانیش بەشدارییەکی ویژدانی لەنێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا بەدی دێنێ...
کاتێ دەوڵەمەند بەڕۆژوو دەبێت... ئەوا بەشداری هەژار دەکات لە کۆمەڵێ لە هەستەکانیدا...
وەک بڵێی خوای گەورە دەیەوێت هەمووان تامی حاڵی هەژار بچێژن کاتێ کە برسییە.
ئەی دەوڵەمەند... بەڕاستی خوای گەورە دەیەوێت تۆش ماوەیەک لە حاڵی هەژاریدا بژیت...
نەک تەنها بە تیۆریی لەگەڵ هەژاریدا بیت.
چونکە بیرۆکەی تیۆریی مەسەلەیەکی ئاسانە، بەڵام هەڵگرتنی چەرمەسەری و زەحمەتی ئێش و ئازارەکانی برسێتیی بە کردارییی...
ئەوە مەسەلەیەکی زۆر زەحمەتە...

هەروەک خوای گەورە بیەوێت لەم مانگەدا دەوڵەمەند تامی ئێش و ئازارەکانی هەژار بکات...
تا خێرا هەنگاو هەڵبگرێ و بڕوات بۆ چاکەکردن لەگەڵیدا.

پارێزگاریی و ئارامگرتن ڕێگای سەرکەوتنن

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:

(وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ) آل عمران: ١٢٠

ئەمە گوفتاری بەدیهێنەری بوونەوەرە...

گوفتاری پەروەردگاری جیهانیانە...

ئایا چ شتێ لە پشتی پارێزگاریی و ئارامگرتنەوە خۆی حەشار داوە؟

بەڕاستی ئەوە بەختەوەری و ڕزگاربوون و پارێزگارییە...

ئەوە ڕێگای بەهەشتە...

ئەوە سەرکەوتنە

بەڵام ئەی ئەگەر سەرپێچی بکەن و ئارام بگرن -واتە بەردەوام بن لە سەری؟-

ئایا چی لە پشتی سەرپێچیکردن و ئارامگرتنەوەیە لە سەری...

جگە لە گۆڕ هیچی تر نییە...

ئای خۆزگە دەتزانی چی لە گۆڕدا چاوەڕێی سەرپێچیکاران دەکات...



بەڵگەیەك لە بۆشایی ئاسماندا لەسەر قودرەتی خوا

حۆر سێسەد هەزار جار لە زەوی گەورەترە...
دووری نێوانیان نزیکەی سەدوپەنجاوشەش هەزار کیلۆمەترە...
زەویش لە کاتی خولانەوەی بە دەوری خۆردا
تێدەپەڕێ بە لای دوازدە بورجدا...
یەکێك لەو بورجانە ناوی بورجی (دووپشك)ـە...
ئەم بورجە ئەستێرەیەکی سووری بچووکی تێدایە
کە دەدرەوشێتەوە ناوی (دڵی دووپشك)ـە
دڵی دووپشك ئەوەندە قەبارەی گەورەیە کە
جێگای خۆر و زەوی و دووری نێوانیان دەبێتەوە تیایدا!
ئا ئەوەیە دەستکردی خوای گەورە...
ئایا دەکرێ مرۆڤ یاخی ببێت لە فەرمانی ئەو خوا مەزنە؟
ئەی بۆ داوای خۆشەویستی ئەو زاتە نەکرێ؟
ئەی بۆ ئومێدخوازی بەهەشتەکەی نەبین؟
ئەی بۆ خۆمان لە دۆزەخەکەی نەپارێزین؟

سبحان الله وبحمده... سبحان الله العظيم

بەڵگەیەك لە بەدیهێنانی مرۆڤدا

دڵی کۆرپەلە لێدەدات...
خوێنیش سووڕی گەورە و سووڕی بچووکی خۆی هەیە...
خوێن لە دڵەوە بەرز دەبێتەوە بۆ سییەکان...
پێکهاتەیان نوێ دەکاتەوە... گازی (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) فڕێ دەدەن
و گازی (ئۆکسجین) وەردەگرن...
منداڵدانی دایك نە ئۆکسجین و نە هەوای تێدا نییە...
لەبەر ئەوە خوای گەورە کونێکی لەنێوان هەردوو گوێچکۆڵەکەدا
کردووەتەوە...
ئەو کونە زانایەکی فەرەنسی بە ناوی (بوتال) دۆزیویەتیەوە...
لە سکی دایکدا... خوێن لە گوێچکۆڵەیەکەوە دەڕوات بۆ گوێچکۆڵەیەکی
تر...
ڕێگای گەیشتن بە سییەکان داخراوە...
لە کاتی لەدایکبوونیدا جەڵتەیەك دێت ئەو کونە دادەخات...
ئایا ئەمە قودرەت و دەسەڵاتی کێیە؟
ئەم زانستە هی کێیە؟
ئەوە قودرەتی تەنها خوای گەورەیە...

لوویەکی بچووک بە تەبیشت دڵەوەیە ناوی تیمۆسە...
هیچ کەس بە هیچ جۆر بایەخی پێ نادات...
هۆیەکەش ئەوەیە کە دوای دوو ساڵ نامێنێ...
زانایانی پریشکیش بۆ چەند سەدەیەك ئەم لووەیان پشتگوێ خست...
پاشان پێش چەند ساڵێك بۆیان دەرکەوت کە مەترسیدارترین لووە لە جەستەی مرۆڤدا... ئایا بۆچی؟
چونکە ئەو سوپا بێشومارە لە خڕۆکە سپییەکانی خوێن...
دەچنە ناو ئەو لووەی تیمۆسەوە و لەوێوە فێر دەبن...
جا کاتێك لووی تیمۆسیان لەژێر وردبیندا گەورە کرد –وەك هۆڵی خوێندنی زانکۆ دەرکەوت.
خڕۆکە سپییەکانیش وەك قوتابی زانکۆ دەرکەوتن...
لەو هۆڵەدا دادەنیشن... بە شێوازێك فێر دەبن کە هێشتا نەزانراوە...
ئینجا تاقی دەکرێنەوە! هەریەکەیان توخمی هاوڕێیەکی دەدرێتێ... ئەگەر بیکوژێ ئەوا کوشتوویەتی
ئینجا توخمی دوژمێکی پێ دەدرێ ئەگەر ئەو نەکوژێ خۆی دەکوژرێ
لەم لووەدا ئەم خڕۆکە سپییانە فێر دەبن کە بە تەواوی واتای وشەکە سوپایەکن بۆ حۆیان...
ئایا کێ دوژمنە؟ کێیش هاوڕێیە؟
لە دوای دوو ساڵ ئەم لووە نامێنێ...
چونکە ئەو نەوە نوێیە کە لە فێرگەکە دەردەچن نەوە داهاتووەکان فێر دەکەن...



باوەڕ بە خوای گەورە بناغەی تەندروستی دەروونییە



گەنجێك بێنەرە بەرچاوی خۆت کە دەبرێ بۆ خزمەتی سەربازی زۆرەملێ... باوکیشی سەرکردەی سوپاکەیە...

لە سوپادا پلەکانی و عەریف و یاریدەدەر و ئەفسەری پلە دوو و پلە یەك و نەقیب و ڕائید و موقەددەم و عەقید و عەمید و تا دوایی هەن...

هەموو ئەو پلەدارانە تا هەرچەندە پلە باڵابن... هەر لە بندەستی باوکی ئەودان!

بە هەمان شێوە... مرۆڤ کاتێ باوەڕی بە خوای گەورەیە...

ئەوا دەزانێ کە هەر بەهێزێك لەژێر دەستی خوای گەورەدایە...

هەموو ئەوشتانەی بە دەورتدایە بە دەستی خوایە...

هەموو ئەو مرۆڤانەی بە دەورتەوەن بە دەستی خوای گەورەن...

هەموو ئەوانەی لە سەرووی تۆوەن بە دەستی خوان...

هەموو ئەوانەی لە خوار تۆوەن بە دەستی خوای گەورەن...

نابێت و ناکرێ لەگەڵ باوەڕبوون بە خوای گەورە، ئیتر ڕازیبین بە ترس، یان تۆقین یان لەناوچوون یان داڕووخان...

کەواتە باوەڕ بە خوای گەورە... بناغەی تەندروستی دەروونییە...

هێڵی ڕوونکردنەوەی بەرزیی و نزمیی شکۆمەندیی جیهانی ئیسلامی لە ئەمڕۆدا... لە کۆتا پلەی سفریدایە...

گەلان کۆبوونەتەوە لەسەر دژایەتیکردنی...

هەر کارێکی توندوتیژیش لەسەر زەویدا ڕوودەدات دەدرێتە پاڵ مسوڵمانان...

جیهان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوایەوە دژ بە مسوڵمانان دەجەنگێ...

ڕاگەیاندن بە هەموو هێز و توانای خۆی دژ بە ئیسلام و مسوڵمانان دەجەنگێ...

بەڵام باوەڕداری ڕاستگۆ... مەعنەویاتی لاواز نابێت...

چونکە دڵنیایە خوای گەورە ئەم ئایینەی خۆی سەر دەخات...

هەرگیز خوای گەورە باوەڕدارانی ڕاستەقینە فەرامۆش ناکات...

ترسناکترین شتیش لە ژیانی ئوممەتدا...

ئەوەیە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا تێك بشکێت...

(وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾)

آل عمران: ١٣٩



نزیکبوون لە گەورە

ئەگەر مرۆڤ یەك هەنگاو نزیك ببێتەوە لە خوای گەورە...
خوای گەورە چەند هەنگاوێك نزیك دەبێتەوە لێی...
تەنها بە بیرکردنەوەت کە نزیك ببیتەوە لە خوا...
ئیتر دەبینی خوای گەورە دڵت پڕ دەکات لە بەختەوەری...
دڵت پڕ دەبێ لە دڵنیایی و ئاسوودەیی...
دڵت پڕ دەبێ لە ڕازیبوون لە خوای گەورە...

کاتێکیش بە خزمەتی خوا دەگەیت...
ئەوا بە دڵنیاییەوە کە خوای گەورە دڵخۆشت دەکات.

(وَالْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾) العصر: ١-٢

ئەگەر داهاتی ڕۆژانەی کەسێك یەك ملیۆن دینار بێت...
بەڵام خوای گەورەی وەك پێویست نەناسیبێ...
ئەوا ئەو کەسە بە دەقی ئەم ئایەتە... زیانمەندە...
چونکە ئەم دنیایە دواجار بە مردن کۆتایی دێ...
مردنیش کۆتایی بە هەمووشت دێنێ...
کۆتایی دێنێ بە هێزی هێزدار...
کۆتایی دێنێ بە لاوازیی لاواز...
کۆتایی بە دەوڵەمەندیی دەوڵەمەند دێنێ...
کۆتایی بە هەژاریی هەژاریش دێنێ...
کۆتایی بە جوانخاسی جوانخاس دێنێ...
کۆتایی بە نابووتی نابووت دێنێ...
کۆتایی بە ئاسایشی ئاسوودە دێنێ...
کۆتایی بە ترسی ترسنۆکیش دێنێ...

لەبەر ئەوە... هەرکەس وەك پێویست
خوای گەورەی نەناسیبێ...
بەپێی بەرنامەی ئەو زاتە
نەجووڵابێتەوە...
خەڵکی بانگ نەکات بۆ لای...
ئەوە زیانمەندی ڕاستەقینەیە...

دوای بەخەرجدانی هەر هەوڵێك ڕازیبوون دێت

هەندێ کەس خۆزگە دەخوازن سەروەت و پارەیان هەبێت... دەستیشیان ناکەوێت... هەر بۆیە ئەو جۆرە کەسانە بە درێژایی تەمەنیان ئاخ هەڵدەکێشن و خەفەتبارن بەڵام لە ئەبوبەکری ڕاستگۆ و پێشەوامانەوە.. دەگێڕنەوە کە هەرگیز پەشیمان نەبووە لەسەر هیچ شتێکی ئەم دنیایە کە لە دەستی دابێت...

باوەڕداری ڕاستگۆ... باوەڕی وەهایە کە دەڵێ (ئەوەی خوا پێی بەخشیوم هەر ئەوە باشە و لەوە باشتر لە توانامدا نییە)

لەبەر ئەوە دەیبینی هەوڵی خۆی دەدات... بەوپەڕی توانایەوە هەوڵ دەدات... جا ئەگەر هەوڵەکەی بەوە کۆتایی هات بگاتە ئەو ڕزقەی کە دەیەوێت، ئەوا ڕازی دەبێت...

لە دوای بەخەرجدانی هەموو هەوڵەکانی ئیتر ڕازییە بە هەر بەشێك کە پێی دەدرێ... بەڵام بەر لەوە هەموو توانای بەخەرج بدات... هەر داوایەکی هەبێت ئەوە تەمبەڵییە و ڕازیبوون نییە...

ئەگەر لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتت هەموو ئەو وزە و توانایەی کە هەتە بە خەرجت دا، بەڵام نەتتوانی بیگەیتێ...

ئەوا خۆت ڕادەستی قەدەری خوای باڵادەست بکە و ئارام بگرە

چونکە هەر کارێك پاداشتێکی سنووورداری هەیە جگە لە ئارامگرتن کە پاداشتی بێسنوورە

(إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾) الزمر: ١٠

نزیکترین بەڵگە لێتەوە...

خودی خۆت و پارچەکانی جەستەی خۆتە...

(أَلَمْ نَجْعَل لَّهُۥ عَيْنَيْنِ ۝٨) البلد: ٨

بەڵگە لە شەبەکەی چاوی مرۆڤدایە.

کە ١٣٠ ملیۆن چیلکە دەماری زۆر ورد و خانەی قوچەکی تێدایە...

یەك میلیمەتر چوارگۆشە لە پێشکەوتووترین ئامێری وێنەگرتنی مارکەیی پیشەگەریدا...

دە هەزار ئامێری وەرگری ڕووناکی تێدایە...

بەڵام یەك میلیمەتر لە شەبەکەی چاودا...

سەد ملیۆن ئامێری وەرگری تێدایە...

لەبەر ئەوە ئەوا چاوی ساغ و سەلامەت هەشت ملیۆن ڕەنگ لەیەك جیا دەکاتەوە...

پاك و بێگەردی بۆ بەدیهێنەری مەزن...

هەندێک جار باوك ڕێگری لە کوڕەکەی دەکات...
ئەو باوکە چاك و بەبەزەییە... ڕێگری لە کوڕەکەی دەکات لەوەی خواردنێك بخوات کە حەزی لەسەریەتی، چونکە ئازار بە کۆئەندامی هەرسی دەگەیەنێ...
ئەمجۆرە قەدەغەکردنە قەدەغەکردنی بەکەمسەیرکردن نییە...
بەڵکوو قەدەغەکردنی پارێزگاریکردنە...
لە فەرموودەیەکدا هاتووە دەفەرمووێ:
((ئەگەر خوای گەورە بەندەیەکی خۆی خۆشویست ئەوا لە دنیادا دەیپارێزێ هەروەك چۆن یەکێك لە ئێوە کەسێکی تینوو بەهۆیەکەوە بێبەش دەکات لە خواردنەوەی ئاو)) بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی ڕاستە.

ڕۆژی قیامەتیش کاتێ ڕاستییەکان دەخرێنە ڕوو...
لەوێ حیکمەتی ئەو شتەت بۆ دەردەکەوێ کە خوای گەورە هێناویەتی بە سەرتدا...
ئەو کات لە خۆشەویستی خوای گەورە و سوپاسگوزاریت بۆی وەك مۆم دەسوتێیت...

داوای شکۆمەندیی
هەر لە خوای گەورە بکە

ئەگەر خوای گەورە بیەوێ زیانێك
به کەسێ بگەیەنێ ڕەتکردنەوەی
نییە...
ئەگەر خوای گەورە بیەوێت مرۆڤ
ڕیسوا بکات...
ئەوا نزیکترین کەسی لێیەوە بەکار
دێنێ تا سنوور ببەزێنێ و دەمدرێژی
بکاتە سەری...
هەرکاتیش خوای گەورە بیەوێت
مرۆڤێك سەربەرز و شکۆمەند بکات...
ئەوا دوژمنەکانی دەخاتە خزمەتییەوە بێئەوەی خۆی
هەستی پێ بکات...
بۆیە... ئەگەر خوای گەورە لە پشتت بێت، ئیتر کێ دەتوانێ زاڵبێت بە سەرتدا...
ئەگەر ئەو زاتەش پشتی بەردایت ئیتر کێ دەتوانێ پشتت بگرێ...
هەندێ کەس بە ماوەیەکی کەم بەر لەوەی بمرێ جووڵەی لەدەست
دەدات و زەلیل دەبێت...
هەربۆیە دەبینی کە نزیکترین کەس لێیەوە ئاواتی مردنی بۆ دەخوازێ...
هەندێ کەسیش لە بالآترین پلەی لێهاتوویی و چالاکی و پلەوپایەدا
دەمرێ...
ئەوانەی کە وان بە دەوریدا ناڕەحەتن و بە مردنی غەمبار دەبن...

دەی کەواتە تەنها داوای شکۆمەندی هەر لە خوای گەورە بکەن...

داوای بەرزی و بەرزبوونەوە هەر لە خوای گەورە بکەن...

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٍ) الأنفال: ٦٠
بەزەیی خوا لەوەدایە داوامان لێ دەكات هەموو ئەو ئامادەكارییانە بكەین
كە لە توانادان...
نەك ئامادەكاریی هاوشێوە...
جیاوازیش زۆرە لەنێوان ئامادەكاریی هاوشێوە... كە لەوانەیە لە ئەمڕۆدا
زۆر زەحمەت بێت...
لەنێوان ئامادەكارییەك كە لە توانادایە...
كاتێك خاوەنی ئەو باوەڕە دەبم كە واملێدەكات گوێڕایەڵی خوای گەورە بم...
هاوكات ئەو ئامادەكارییانەش كە لەتوانامدایە دەخە مەگەڕ بەرانبەر بە
دوژمنەكانم .
ئەو كات نرخی سەركەوتنم داوە...
ئەگەر نرخی سەركەوتنیش نەدرێت... ئەوا سەركەوتن مەحاڵە...
ئەمەش ئەو ڕاستییە تاڵەیە كە لە هەزار خەیاڵ و گومانی
فریودەر باشترە...

سەركەوتن لە لایەن خوای
گەورەوە نرخی خۆی هەیە...
نرخیش دوو بڕگەی هەیە...
یەكەم باوەڕە...
دووەمیش ئامادەكارییە

لە فەرموودەیەکدا هاتووە دەفەرموێ:

((ئەوانەی بەزەییان بە کەسانی تردا دێتەوە، خوای گەورە بەزەیی پێیاندا دێتەوە، دەی بەزەییتان بەوانەدا بێتەوە کە لە زەویدان تا خوای گەورە لە ئاسماندا بەزەیی پێتاندا بێتەوە.)) ترمزی ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی ڕاستە

لە پرۆسەی تاقیکردنەوەدا نابێت پرسیار لە سەرووی ئاستی هەموو قوتابییانەوە بێت...

لەوانەیە مامۆستاکە ئازایەتی خۆی لە دانانی پرسیاری زەحمەت و قورسدا ببینێتەوە...

ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە...

ئەوە دەگەیەنێ کە بە بەزەیی نەبوو لەگەڵ قوتابییەکانیدا...

هەندێک جار بەڕێوەبەری گشتی کارمەندەکانی ڕادەسپێرێ بە ئەنجامدانی کارێك کە لە سەرووی توانایانەوەیە...

ئەمەش بە هەمان شێوە هەڵەیەکی گەورەیە. نابێت بکرێ...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ:

((پەروەردگارا هەر کەس کارێك لە کاروباری مسوڵمانان کەوتە دەستی و قورسی کرد لە سەریان تۆیش بە قورسی مامەڵەی لەگەڵدا بکە، هەرکەسیش کارێك لە کاروباری مسوڵمانان کەوتە دەستی و بە بەزەیی و نەرمونیان بوو لەگەڵیاندا تۆیش بە بەزەیی بە لەگەڵیدا)) موسلیم ڕیوایەتی کردووە

کەواتە ئەی بەڕێوەبەر... ئەی سەرکردە... ئەی بەرپرس...

بەبەزەییبە لەگەڵ ئەو کەسانەدا لە خوار تۆوەن... نەرمونیان بە لەگەڵیاندا .. کەسێکی واقیعبین بە و زیاد لە توانای خۆیان ئەرك مەخەرە سەر شانیان...

پێگە و پایە و ڕێزی هاوسەر لای مێردەکەی



خاتوو عائیشە(ﷺ) لە بارەی چیرۆکی ئەبوزەرعەوە کە کەسێکی چەندە ئازا و بەڕێز بووە وتوێژی لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) کرد، کە مێردێکی چەندە نایاب و چاك بووە لەگەڵ هاوسەریدا!

پێغەمبەریش(ﷺ) بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا کرد و فەرمووی پێی: ((منیش بۆ تۆ وەك ئەبورەرع وام بۆ دایکی زەرع)) صەحیحی بوخاری

ئەی پیاوی برام...

ئەم هاوسەرەت جگە لە تۆ کێی هەیە؟

هەندێک جار پیاو تەنها ئەوەی پێخۆشە بە بابەتی ژنی دووەم و تەڵاق سوعبەت لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات...

ئەمە گاڵتەوگەپی هاوسەرگیریی نییە...

بەڵکوو دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی و دوورکەوتنەوە لەنێوان ژن و پیاوەکەیدا...

زامداری دەکات... لەوانەشە هەر بەو گاڵتەپێکردنە بیرووخێنێ...

ئەی پیاوی بەڕێز بەبەزەیی و نەرمونیانبە لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کە خوای گەورە کردوویەتیە دیاری بۆ تۆ...

حوای گەورە دەفەرموێ: (۞جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَٰمٗا لِّلنَّاسِ)

المائدة: ٩٧

حەج یەکێکە لە پەرستشە هەرە باڵاکان... ئەزانی بۆ؟

چونکە هەر وەك نوێژ پەرستشێکی ڕۆژانەیە...

دەمەزەردکردنەوەیەکی ئیمانی ڕۆژانەیە...

هەروەك نوێژی هەینیش پەرستشێکی هەفتانەیە...

کە پاڵنەر و نوێکەرەوەیەکی ئیمانی هەفتانەیە...

هەروەك ڕەمەزان پەرستشێکی ساڵانەیە کە پاڵنەر و نوێکەرەوەیەکی ئیمانیی ساڵانەیە...

ئەوا بەم پێیە حەجیش پەرستشی تەمەنە

نوێژ لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژە...

نوێژی هەینی لە هەفتەیەکدا یەك جارە...

ڕۆژوو لە ساڵدا یەك مانگە..

بەڵام حەج ئەوا پەرستشی هەموو تەمەنە...



وتراوە: فێرکار بن و توندوتیژ نەبن، چونکە فێرکار باشترە لە توندوتیژکار...
لەجیاتی سزادان پاداشت بەکار بێنە...
بە منداڵەکانت مەڵێ:
هەرکامتان نوێژ نەکات لێیدەدەم!
بەڵکوو پێیان بڵێ:
هەرکامتان لەگەڵمدا نوێژ بکات دیارییەکی باشی دەدەمێ...
چونکە شێوازی پاداشت کارێکی باش و چارەسەرێکی نایابە و دەروون ئەوەی پێخۆشە...
با پەیوەندی نێوان خۆت و منداڵەکانت پەیوەندییەکی چاك بێت...

من گومانم نییە کە هەموو باوکێك منداڵەکانی خۆی خۆش دەوێت...
بەڵام بە نواندنی زبری و توندوتیژی زەحمەتیان بۆ دروست دەبێت و شەکەت دەبن...
ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە

پاداشتی چاکەکاری

هەر چاکەیەك پێشکەش بە هەر دروستکراوێك بکرێ، ئیتر هەرچی بێت...
هەر چاکەیەك پێشکەش بە هەر دروستکراوێکی ئاقڵ، یان بێئەقڵ بکرێ...
بە حەتمی کە خوای گەورە لە دنیادا، یان لە قیامەتدا، یان لە هەردووکیاندا
پاداشتی چاکەکارەکە دەداتەوە لە سەری...
هەر بەندەیەکی مسوڵمان یان بێباوەڕ چاکەیەك بکات...
بە دڵنیاییەوە کە پاداشتەکەی لای خوای گەورەیە.
لە دنیا یان لە قیامەتدا...

چونکە مەحاڵە و هەزار جار مەحاڵە...
کە تۆ کارێکی چاك پێشکەش بە هەر کەس و لایەنێك لەسەر زەویدا بکەیت...
بە هەر هەبوویەك بکەیت لە زەویدا..
پاشان نەبینیت کە خوای گەورە پاداشتت بە چاکە نەداتەوە لە سەری...
ئیتر لە دنیادا بێت یان لە قیامەتدا...

(وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ)

که ئەویش دواتر سەردانی منداڵەکانی مردووەکەی کردووە و پێی وتوون:
قەرزەکانی باوکتان لەسەر من...

لە کاتێکدا کە نەیزانیوە بڕی قەرزەکان چەندە... ئەمەش هەڵەیەکە لەوەوە...
ئەم پێشبینی کردووە کە دەیان هەزارە، بەڵام کاتێکی زانیوە کە بە سەدان هەزارە...
سوێندی بە خوای گەورە بۆ خواردم کە بڕی چوارسەد هەزار قەرزی بە نەقدی بێ کەم و زیاد داوەتەوە...

لە مزگەوت ئەم چیرۆکەی خۆی بۆ باس کردم... پاشان دەستی کردە گریان...
پێیوتم:

سوێند بە خوا دوای چەند ڕۆژێک بڕە پارەیەکم لە مامەڵەی کەلوپەلێکی خەوتوو و بێبازارەوە بۆ هات...

پشکی من لەو گرێبەستەدا یەکسان بوو بەو بڕە پارەیەی کە داومەتەوە بە قەرزی مردووەکەدا...

(وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُهُۥۗ) البقرة: ٢٧٠
(وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٣٩) سبأ: ٣٩

ئەگەر مرۆڤێك چاکەیەکت لەگەڵدا بکات...
ئەوا بە زمانت سوپاسی دەکەیت...
یان دیارییەکی پێشکەش دەکەیت...
یان خزمەتێکی پێ دەکەیت...
یان بە دڵ مەمنوونی بۆ دەردەبڕی...
ئەی پەروەردگاری مەزن... خاوەنی ناوە پیرۆزەکان و سیفەتە باڵاکان... کە تۆ سوپاسی دەکەیت ئەو چۆن سوپاسی تۆ دەکات؟
ئەم ئایەتە بە دەستەواژەی ئەمرۆ میکانیزمی سوپاسکردنی ئەو زاتەی ڕوون کردووەتەوە...
خوای گەورە دەفەرموێ: (لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ) إبراهيم: ٧
بە زیادیشەوە...
زۆربەی جار هەر لەو جۆرەیە کە تۆ پێشکەشی دەکەیت...
جا ئەگەر ئەوەی کە پێشکەشت کردووە پارە و سامان بێت...
سوپاسی خوای گەورە بۆت ئەوەیە کە پارە و سامانت زیاد دەکات...
ئەگەر ئەوەی کە پێشکەشت کردووە کات و تەمەن بووبێت... ئەوا فەڕ و بەرەکەت دەخاتە کات و تەمەنتەوە. .
ئەگەر ئەوەی کە پێشکەشت کردووە هەوڵ و تێکۆشان بووبێت، ئەوا سوپاسی خوای گەورە بۆت ئەوەیە کەسێ دەڕەخسێنێ بۆت کە هەوڵ و زەحمەتت بۆ بکێشێ.

چونکە مەحاڵە چاکەیەك بکەیت و پاداشتەکەی وەرنەگریت و نەیبینی...

بە دڵنیاییەوە کە قورسایی تۆ لای خوای گەورە بە ڕادەی قورسایی کردەوە چاکەکەتە...

پرسیار لە خۆت بکە... ئایا چیت پێشکەش بە ئوممەت کردووە؟

ئەگەر پیشەسازییەکی باشت بە کوالیتی بەرز و بە نرخێکی مامناوەند پێشکەش بە خەڵکی کردبێ...

ئەوا کردەوەکەت دەبێتە پەرستش...

لەبەر ئەوە وتوویانە...

ئەگەر ئەو کارەی کە بژێویت لەسەرییەتی لە بنەڕەتدا کارێکی ڕەوا بێت...

بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕێگای ڕەوا و شەرعیت گرتبێتە بەر...

خواستت لێی دابینکردنی بژێوی خۆت و خانەوادەت بووبێت...

هەروەها خزمەت بێت بە خەڵکی بە گشتی و بە مسوڵمانان بە تایبەتی...

بە مەرجێك ئەو کارەت سەرقاڵت نەکات لە ئەنجامدانی پەرستش، یان نوێژ یان داواکردنی زانست...

ئەوا ئەو کارەت دەبێتە پەرستش و خواپەرستی...

بەم پێیەش کارە عادەتییەکانی باوەڕدار پەرستشن...

بەڵام کارە عادەتییەکانی کەسی دووڕوو دەبنە خراپە...

کارە چاکەکان... دەتپارێزن لە شتە خراپەکان

نموونەیەکت بۆ دێنمەوە...

سەربازێکی بەجەرگ پەیوەندی دەکات بە یەکەیەکی سەربازییەوە...

سەرکردەی ئەم یەکەیە پلەی لیوا ئەرکانی جەنگی هەیە...

ئەم سەربازە بەجەرگە بە حوکمی پلەبەندیی سەربازیی ناتوانێت بچێتە لای ئەو لیوا گەورەیە...

بەڵام ئەو سەربازە بەجەرگە کە چەند ڕۆژێکە پەیوەندی کردووە بە خزمەتەوە...

لەتوانایدایە بەبێ مۆڵەتخواستن بچێتە لای ئەو سەرکردە گەورەیە...

ئەمە چۆن؟ ئەمە لە کاتێکدا گەر کوڕی ئەو سەرکردەیە ببینێ کە مەلە دەکات و خەریکە بخنکێ...

ئەمیش خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکە و ڕزگاری دەکات...

(فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴿١١٠﴾) الكهف: ١١٠

کەواتە ئەگەر بێتو خزمەت بە مرۆڤێك بکەیت، یان برسییەك تێر بکەیت، یان کەسێکی جەستە ڕووت پۆشتە بکەیتەوە...

ئەوا ئەو کارت دەتپارێزێ لە شتە خراپەکان...

ئەگەر بێتو بچیت بە دەم جێبەجێکردنی پێداویستی مرۆڤێکەوە...

بۆ نموونە تۆ کارمەندێك بیت و کەسێك لە شوێنێکی دوورەوە بەکارێکەوە بێتە فەرمانگە بۆ لات...

خەرجی مانەوەش گران بێت...

ئالێرەدا کارەکانی خۆت سڕ بکەیت و یارمەتی ئەو بدەیت و خزمەتی بکەیت...

ئەوا پارێزراو دەبیت لە شتە خراپەکان...

مەحاڵە کارە چاکەکانی مرۆڤ لای خوای گەورە ون ببن...

بەڵکوو ڕاستەوخۆ دەتبەنە خزمەت پەروەردگار...

کردەوەی بچووکیش لای پەروەردگار هەر گەورەیە

هەندێک جار ئەو کارەی دەیکەیت
خۆت وایدەبینی کە کارێکی بچووکە،
بەڵام لای خوا گەورەیە...
تۆ لە باخێکدا دەستنوێژ دەگریت و
لەناو دەستشۆرەکەدا مێرووولەیەکی
بچووک دەبینی...
دەتوانیت گرنگی پێ نەدەیت لەناو
ئاوەکەدا بخنکێ...
بەڵام چاوەڕێ دەکەیت تا دێتە دەرەوە... بەمجۆرە مێرووولەیەکت ڕزگار
کرد...
ئەم کارە لای خوای گەورە کارێکی چاکە... لای ئەو زاتە پاداشتی هەیە...
(فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ۝٧) الزلزلة: ٧
ئەگەر شتێکی بچووکت لە مزگەوتدا دۆزییەوە...
بێیت هەڵیبگری و بیخەیتە گیرفانتەوە ئەم کارە لای پەروەردگار کارێکی
چاکە... پاداشتی خۆی هەیە...
ئەگەر زەردەخەنە بە ڕووی ئەو کارمەندەدا بکەیت کە لای تۆ کار دەکات...
لە باری ژیانی بپرسی.
ئەمە لای خوا کارێکی چاکە... لای پەروەردگار پاداشتی خۆی هەیە...
کەواتە تۆ کاری چاکە تا هەر ئاستێک بە بچووک بزانیت...
ئەوە لای خوا هەر گەورەیە...

واتای ڕاستەقینەی سیلەی ڕەحم

سیلەی ڕەحم مانای چییە؟

سیلەی ڕەحم مانای ئەوە نییە لە هەموو جەژنێکدا بۆ چەند خولەکێکی دیاریکراو سەردانی کەس و خزمەکانت بکەیت...

ئاواتەخوازیشی لە ماڵەوە نەبن تا کاتت بۆ بگەڕێتەوە!

ئەمە سیلەی ڕەحم نییە!

سیلەی ڕەحم ئەوەیە پەیوەندی بکەیت بە کەسوکارتەوە...

سەردانیان بکەیت... لەگەڵیاندا دابنیشی...

بەردەوام لەبارەی ژیانیانەوە پرسیاریان لێ بکەیت...

سیلەی ڕەحم ئەوەیە دەستیان بگریت و بیانبەیت بەرەو لای خوای گەورە...

ئا ئەمە ئەو سیلەی ڕەحمەیە کە خوای گەورە داوای کردووە...

سیلەی ڕەحم...

لە پەیوەندیکردنەوە دەست پێ دەکات، کە لەوانەیە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بێت...

دواتر هەستان بە سەردانیان... پاشانیش پرسیاریان لەبارەی ژیانیانەوە لێ بکەیت...

ئینجا هاوکاری ماددی، یان مەعنەوییان بکەیت...

ئینجا دەستی کەسوکار و خزمان بگریت و بیانبەیت بەرەو خوای گەورە...

کەسە زۆر نزیک و دوورەکانت جگە لە تۆ کێیان هەیە؟

ئەو خەڵکەی تر تۆیش و کەسانی تریشیان هەیە...

بەڵام کەسە نزیک و خزمەکانت... جگە لە تۆ کەسیتریان نییە.

زەکاتی کات

کاتێك نوێژەکانت لە کاتی خۆیاندا ئەنجام دەدەیت...
ئەوا بەشێکی بەنرخت لە کاتی خۆت بڕیوە بۆ خوای گەورە...
پاداشتی ئەمەش... ئەوەیە کە خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە کاتتەوە...
بە جۆرێ کە لە ماوەیەکی کەمدا شتانێکی زۆر ئەنجام دەدەیت...
بەڵام ئەگەر مرۆڤ ڕژد بێت لە بەخشینی کاتی بەنرخی خۆی کە بە پەرستشەکان لە خوا نزیك ببێتەوە...
بۆ نموونە ئامادەبوون لە کۆڕێکی زانستیدا...
یان هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی کەسێکی لاواز و خاوەن پێداویست لە مسوڵمانان...
ئەوا خوای گەورە کاتەکەی بە بێهوودە دەبات...
ئەوکات مرۆڤ هەست بە نەبوونی تەوفیق دەکات...
دەبینی کە لیستێك لە کارەکانی لە بەردەستدایە و نەکراون...
ناچار لەملاوە دەڕوات بۆ ئەولا... کاتێ دەزانێ خاوەنی ئەو شوێنە کە ئەم دەڕوات بۆی پێش چەند خولەکێك شوێنەکەی جێهێشتووە...
یان دەکەوێتە سەفەرکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر... هیچیشی بۆ ئەنجام نادرێت ..
خوای بەدەستەڵات توانای هەیە بەرەکەت بخاتە کات و تەمەنتەوە...
توانای هەیە کاتەکانت بەبێ مانا لەدەست بدەی هاوکات هەست بە ئێش و ئازاریش بکەیت...
لەبەر ئەوە دەڵێین: کات زەکاتی خۆی هەیە...
جا ئەگەر بەشێك لە کاتت لە گوێڕایەڵی و پەرستشی خوادا خەرج بکەیت...
لە فێربوونی زانستدا...
لە بەجێگەیاندنی پەرستشەکان و گوێڕایەڵی و کارە چاکەکاندا...
ئەوا خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە کاتتەوە...



بەهای تەمەنی مرۆڤ لە کردەوە چاکەکانیدایە...
لە ناوەڕۆکیدایە نەك لە درێژییەکەیدا...
لەوانەیە ناوەڕۆکەکەی زۆر چڕوپڕ بێت...
لەوانەشە وەها نەبێت...
مەعلومە کە پێشەوا شافیعی کەمتر لە پەنجا ساڵ ژیاوە...
بەڵام ئەوەندە خێر و چاکەی جێهێشتووە هەر خوای گەورە خۆی دەیزانێ...
پێشەوا نەوەوی کەمتر لە پەنجا ساڵ ژیاوە...
ئەوەندە خێر و چاکەی جێهێشتووە هەر خوای گەورە دەیزانێ...
هەندێ کەس هەن نەوەد ساڵ و زیاتریش ژیاوە...
شتێکی ئەوتۆی نەکردووە...
ئەم تەمەنە تەمەنێکی بۆش و بێ ناوەڕۆکە...
لەبەر ئەوە زانایان وادەبینن کە بەهای تەمەن لە کردەوە چاکەکاندایە...
تەمەنی ڕاستەقینەش... بریتییە لە تەمەنی کردەوەی چاك...

بێبەهاترین تەمەنی مرۆڤ... ئەو تەمەنەیەتی کە بە ساڵ حیساب دەکرێ... بەڵام بەنرخترین و ڕێزدارترین تەمەنی، بریتییە لە تەمەنی کردەوە چاکەکانی.

مەبەست لە سەردانی خزمان

برایەك بۆیگێڕامەوە لە کاتێکدا کە لە خانوویەکی ژێرخاندا بووە خزمێکی هاتووەتە سەردانی...

ماڵێکی شێدار... خنکاو و لاواز لە جێگۆڕکێی هەوادا... تیشکی خۆری پێ نەگەیشتووە...

ئەو خزمەی کە سەردانی کردووە کەسێکی هەبوو بووە...

پێی وتووە: ئەم جێگایە نەشیاوە بۆ منداڵەکانت...

نەگونجاوە و بۆ تەندروستییان باش نییە...

ئەم برایە پێیوتم: تەنها یەك سەردانی ئەو خزمەم وایلێکردم نگوێزمەوە بۆ خانوویەکی تر...

خانوویەك لە قاتی سێیەم بوو و تیشکی خۆر لێی دەدا...

پێیوتم: سوێند بە خوا ئەو خزمەم بوژاندمیەوە...

مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە...

با ئامانجی سەردانت درێژکردنی دەستی هاوکاری بێت...

ئەو کەسەی لە تۆ بەتواناترە پێویستی بە یارمەتی تۆ نییە...

ئەمە لە کاتێکدا کە سەردانی هەر ئەرکی سەرشانتە

سەردانی کەسی بەتوانا بۆ لای کەسی لاوار

کەسی دەوڵەمەند بۆ لای هەژار...

زانا بۆ لای نەران...

سەردانکردنی کەسێک کە پێویستی بە تۆیە...

سەردانی کەسێک لە تۆ لاوازترە...

سەردانی کەسێک لە تۆ هەژارترە...

جا هەرکات خەڵکی لەنێوان خۆیاندا بەبەزیی بوون... ئەوا خوای گەورە بەزەیی بە هەموویاندا دێتەوە...

بەڵام ئەگەر پشتیان لە یەکتری هەڵکرد و خۆیان لێگۆڕا...

کەسیان گرنگی بەویتریان نەدا...

ئەوا خوای گەورە تووڕە و عاجز دەبێ لە هەموویان...

خوا عەیبەکانی داپۆشیوی... تەکەی بیاندرکێنی

برایەك بۆیگێڕامەوە کە:
کەسێکی چاکەخواز لای یەکێك لە هاوڕێکانی درکاندوویەتی کە لە ڕابردوودا کارێکی بەدڕەوشتی کردووە...
ئەو برایە پێیوتم: سوێند بە خوا سی ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە...
ئێستەش هەرکات سەیری ئەو کەسە بکەم ئەوەم بیردەکەوێتەوە کە زینای کردووە...
مرۆڤ لێخۆشبوونی نییە...
ئەگەر هەڵە و خلیسکانێ لە مرۆڤێکەوە ڕوویدا، خوای گەورەش عەیبەکەیی پۆشی...
ئیتر بۆی نییە ئابرووی خۆی ببات...
پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: ((خوای باڵادەست بەحەیا و عەیبپۆشە، حەیا و عەیبپۆشیی خۆش دەوێت)) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی ڕاستە
ئێمە لە ئیسلامدا شتێکمان نییە ناوی (درکاندن و ئاشکراکردنی ئابڕووبەر بێت)...
وەها کە لە بەردەم پیاوێکی ئایینیدا بوەستی و هەموو گوناهەکانی خۆتی بۆ بدرکێنی...
ئەمە بە هیچ جۆر لای ئێمە بوونی نییە...
چونکە خوای گەورە عەیبپۆشە... فەرمانی بە ئێمەش کردووە عەیبەکان بشارینەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((هەموو ئوممەتی من لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە، جگە لەوانەیان کە ئاشکراکارن، بەوەی کە مرۆڤ بە شەودا کارێك دەکات، پاشان ڕۆژی لێ دەبێتەوە و خوا هەڵەکەیی پۆشیوە، کەچی خۆی دەڵێ: ئەی فلانەکەس من دوێنێ ئەوە و ئەوەم کرد، لە کاتێکدا کە خوا عەیبەکەیی پۆشیوە، شەوی بەسەرد دێت و پەروەردگاری هەڵەکەیی پۆشیوە، کە ڕۆژی لێ دەبێتەوە ئەو گوناهەی کە خوا بۆی پۆشیوە خۆی ئاشکرای دەکات)) صەحیحی موسلیم

برای بەڕێزم... خوشکی ڕێزدارم...
مادامێ خوای باڵادەست عەیبەکەتی پۆشیوە...
پێویستە تۆش خۆت داپپۆشی و نەیدرکێنی...

نەکەی ئەو هەڵانەی کە لێتەوە دەرچوون لای هیچ کەس بیاندرکێنی...
نەکەی لەو کەسانە بیت کە هەڵەکانیان ئاشکرا دەکەن...

عەیبداپۆشەر بە

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((مرۆڤ هەر ئەوەی بەسە بە درۆزن دەرچێ، که هەرچی بەرگوێی بکەوێ بڵاوەی پێ بکات)) صەحیحی موسلیم

هەندێ کەس هەرچی بەر گوێی بکەوێت دەیگێڕێتەوە و دەماودەمی پێ دەکات...

بڵاوی دەکاتەوە بێئەوەی وردەکاری، یان پشکنینی ڕاست و ناڕاستی تێدا بکات.

هەندێ کەسی تریش هەن حەزدەکەن عەیبەکانی خەڵکی بڵاو بکەنەوە...

له ڕاستیدا گەورەترین سیفەت و شت لای باوەڕداران...

ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی عەیبپۆشن... ڕێبازیان داپۆشینی هەڵەکانە...

قێزەونترین و سووکترین شتێ کە له کۆمەڵگاکانی بێباوەڕی و بەرەڵڵاییدا هەیە...

ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی ئابڕووبەرن...

چونکه مرۆڤ هەر ئەوەی بەسە بە درۆزن دەرچێ، کە هەرچی بەرگوێی بکەوێ بڵاوەی پێ بکات.

یەکەمین سیفەت لە ئافرەتی باوەڕداردا

پێغەمبەر(ﷺ) بەوە وەسفی ئافرەتی باوەڕداری کردووە کە عەیبپۆشە...
نەك ئابڕووبەر...
چونکە ئافرەتی باوەڕدار هەرگیز ئابڕووی مێردەکەی نابات...
مرۆڤ لە ماڵدا هەندێک جار چەندین فشاری کاری لەسەرە...
هەندێک جار کەمدەستە و بەشی پێویست دارایی لە بەردەستدا نییە...
ئەمەش وای لێ دەکات زوو هەڵبچێ و تووڕە ببێ...
هەندێک جار بازرگانی گرفتی گەورەی تێدایە...
مووچەخۆریش چەندین کێشە و زەحمەتی بە خۆی هەیە...
لە ڕاستیدا زەحمەت و مەینەتییەکانی دنیا زۆر زۆرن...
ئافرەتی چاکەخواز ڕەچاوی ئەم بارودۆخانە دەکات...
شورەیحی قازی بە خێزانەکەیی وتووە:
هەر چاکەیەکت بینی بڵاوی بکەرەوە...
هەر خراپەیەکیشت بینی داپۆشە...

لەبەر ئەوە خەریکە بڵێین کە سیفەتی عەیبپۆشین
یەکەمین سیفەت بێت لە ئافرەتی باوەڕداردا...

نەمکردووەتە عادەت ئەو چیرۆکانە بگێڕمەوە کە لەسەر خەوبینین بونیات نراون...

بەڵام چەندین چیرۆکی زۆر کاریگەر بوونیان هەیە... ئەم چیرۆکەش هی نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەرە...

یەکێك لە وتاربێژەکانی دیمەشق... لە خەویدا پێغەمبەری خوای(ﷺ) بینیوە، ئەم خەوەی زۆر زۆر کاری کردووەتە سەری...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی پێی:

بە فلانە دراوسێت بڵێ کە ئەو هاوەڵی منە لە بە هەشتدا...

ئەو دراوسێیەی کەسێکی زۆر خاکی بووە و ماڵی بە تەنیشت مزگەوتەوە بووە...

بە فلانە دراوسێت بڵێ ئەو هاوەڵی مە لە بەهەشتدا...

ئەم وتاربێژە زۆر زۆر ئازاری پێگەیشتووە، چونکە مژدەکە بۆ خۆی نەبووە...

دراوسێکەی کەسێکی خاکی وەك ئەو هەموو حەڵکە گشتیە بووە...

ئەمیش چووە تەقەی داوە لە دەرگای ئەو دراوسێیەی... ئەویش پێشوازی لێ کردووە و بردوویەتە ماڵەوە...

پێیوتووە: من مژدەیەکم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پێیە بۆت...

بەڵام پێت ناڵێم تا تۆش پێم نەڵێی کە چیت لەگەڵ پەروەردگارتدا کردووە؟

پیاوەکە داواکەی قوبوڵ نەبووە، بەڵام مامۆستاکە هەر زۆر داکۆکی لێ کردووە تا پێی بڵێ، هەر بۆیە پێیوتووە:

سوێند بە خوا ئەو مژدەیە لە من نابیستی تا پێم نەڵێیت کە لەگەڵ پەروەردگارت چیت کردووە؟

پیاوەکە پێیوتووە: من خوازبێنی ئافرەتێکم کرد و گواستمەوە...

دوای پێنج مانگ لە هاوسەرگیریمان... سکی نۆ مانگە بوو...

واتە ئەو سکەی لە من نەبوو... بە خۆمم وت: پێی هەڵخلیسکاوە...

من دەمتوانی ئابڕووی بەرم... تەڵاقی بدەم، بەڵکوو دەمتوانی بیهارم...

بەڵام ویستم وای لێ بکەم لەسەر دەستی مندا تەوبە بکات...
چووم مامانێکم بۆ هێنا... شەو منداڵەکەی بوو...
ئەو منداڵە بچکۆلەیە کە لە پشتی من نەبوو هاتم لەژێر عاباکمدا هەڵمگرت...
لەدوای ئەوە کە پێشنوێژ بییەتی فەرزی بەیانی هێنا چوومە ناو مزگەوتی گەڕەکەکە...
منداڵەکەم لە پشتی دەرگاکەوە دانا... خۆم چوومە ڕیزی نوێژخوێنانەوە ..
کاتێك نوێژەکە تەواو بوو خەڵکی دەوری منداڵەکەیان دا و واقیان وڕمابوو... منیش هاتمە لایان هەروەك بڵێی بێئاگام و نازانم چی ڕوویداوە وتم... ئەوە چییە؟
وتیان: وەرە سەیرکە... منیش وتم: من بەخێوی دەکەم... بیدەن بە من...
منیش لە بەردەم خەڵکی گەڕەکدا وەك منداڵێکی فڕێدراو و زۆڵ هەڵمگرتەوە... تا پەروەردەی بکەم...
ئینجا گێڕامەوە بۆ دایکەکەی... ئەویش لەسەر دەستی من تەوبەی کرد...
خوای گەورە دەفەرموێ: (﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ) النحل: ٩٠
لە ڕاستیدا ئەوە دادپەروەرییە: گەر تەڵاقی بدەیت و وازی لێبێنی بەڵام خوای گەورە فەرمانی پێ کردوویت کە چاکەکار بیت...
چونکە بە چاکەکاریت ڕزگاری دەکەیت لە ئابڕووچوون... منداڵەکەشت لە فەوتان پاراست...

کەواتە هەموو کێشەیەك بە دادپەروەریی چارەسەر نابێت...
بەڵکوو زۆرێك لە کێشەکان بە چاکەکاریی چارەسەر دەبن...

ئەگەر تۆ بەڕێوەر، یان باوك، یان مامۆستا بیت، یان لە هەر پلە و پایەیەکی سەرکردەییدا بیت و
کۆمەڵێك کارمەند و کارگوزار لە بەردەستتدابن...
هەریەکەشیان چەندین خاڵی ئەرێنی و نەرێنییان هەبێت...
وریابە نەکەی، جارێکی تریش و جارێکی تریش نەکەیت بە خاڵە نەرێنییەکانیان دەست پێ بکەیت...
ئەگەر کارمەندێکت هەبوو کە لە دەوام دوادەکەوت، بەڵام کەسێکی ئەمانەتپارێز بوو...
تۆیش بتەوێت سەرزەنشتی بکەیت...
پێویستە لە پێشەوە باس لە ئەمانەتپارێزییەکەی بکەیت...
بڵێیت من ئەمانەتپارێزییەکەت زۆر چووەتە دڵم... سوپاسی ئەو دڵسۆزییەت دەکەم...
بەڵام تۆ شتێکت هەیە دەبێ وازی لێ بێنی...
ئەویش ئەوەیە دوامەکەوە لە دەوام...
چونکە پێغەمبەر(ﷺ) وەهای فێر کردووین...

جیاوازیی نێوان سەرپێچیکار و خراپەکاریی لەخۆبایی (العاصی والفاجر)

ئایا جیاوازی چییە لەنێوان کەسی سەرپێچیکار و نێوان خراپەکاری لەخۆباییبوودا؟

سەرپێچیکار: ئەو کەسەیە کە سەرپێچی پەروەردگاری دەکات.

بەڵام خراپەکاریی لەخۆباییبوو ئەو کەسەیە کە سەرپێچییەکەی ئاشکرا دەکات... هەندێک جاریش شانازی پێوە دەکات...

لەبەر ئەوە ئەوا تاوانی خراپەکاریی لەخۆبایی بوو زۆر گەورەیە...

بەڕاستی ئەو کەسە کەسێکی لەخۆبایی و خۆبەزلزانە...

چونکە لە بەردەم خەڵکیدا باس لە تاوانەکەی دەکات... شەرم ناکات لە خوای گەورە...

بەڵام سەرپێچیکار دەکرێ کەسێکی بەزیو بێت و هەوا و هەوەسی زاڵبووبێت بە سەریدا...

هەروەك ئیبن عەتاء الله دەڵێ:

ئەو سەرپێچییە کە ملکەچیی و خەجاڵەتی و ڕووزەردیی بۆ خاوەنەکەی بەدوای خۆیدا دێنێ...

چاکترە لە گوێڕایەڵی و پەرستشێك کە لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانی بەدوای خۆیدا دێنێ...

لەبەر ئەوە...

زانایان هاتوون جیاوازییان خستووەتە نێوان سەرپێچییەکدا کە بەهۆی زاڵبوونی هەوا و هەوەسەوە دێتە گۆڕێ...

نێوان سەرپێچی خۆبەزلزانی...

جیاوازییش زۆرە لەنێوان کەسێکدا کە بەزێنرابێت و نێوان کەسێکدا کە لەخۆبایی بێت...

داپۆشینی شەرمگا لە ئیسلامدا

باوەڕداران خۆیان دادەپۆشن...

گومڕاکانیش شەرمگایان دەردەخەن...

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَآ) الأعراف: ٢٧

پیشەی شەیتانەکان خۆڕووتکردنەوەیە... پیشەی باوەڕدارانیش خۆداپۆشینە...

هەندێ لە لاوان هەن لە ماڵەوە لە بەردەم برا و خوشکانیاندا بە پۆشاکی ناوەوە دادەنیشن...

هەندێ لە کچە گەنجەکانیش پۆشاکی تەنك، یان نیمچەڕووت دەپۆشن و لەبەردەم دایباب و براکانیاندا دادەنیشن...

گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی خراپەکان لەناو یەك خێزاندا... بریتییە لە حاڵەتی خۆڕووتکردنەوە...

ئەمە لە کاتێکدا کە ئەدەبی ڕەسەن ئەوەیە ئەگەر هاتوو پیاو ویستی بگەڕێتەوە ناو خانەوادەکەی...

دەبێت مۆڵەتیان لێ بخوازێ...

کەسێك پرسیاری لە حوزەیفە کرد، وتی: ئایا مۆڵەت لە دایکیشم بخوازم؟

ئەویش وتی:

((ئەگەر مۆڵەتی چوونە ماڵەوەی لێنەخوازی ئەوا شتانێ دەبینی کە پێت ناخۆشە)) بوخاری لە الأدب المفردا ڕیوایەتی کردووە و فەرموودەیەکی باشە

پێویستە لە ناوە کامڵەکانی خوای گەورە کەماڵ هەڵبگۆزی...
ئەو کەماڵەش هۆکارە بۆ چوون بەرەو پەروەردگار...
(وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ) الأعراف: ١٨٠
بە ناوی ڕەحیم نزیك دەبیتەوە لە بەزەیی...
بە ناوی اللطیف نزیك دەبیتەوە لە سۆز و بەزەیی...
بە ناوی کریم نزیك دەبیتەوە لە بەخشندەیی...
بە ناوی حەکیم نزیك دەبیتەوە لە دانایی و هەروەها...
(فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ) بەو ناوانەوە بانگی بکە
واتە خۆتان نزیك بکەنەوە لێی و بەو کەماڵە خواییە خۆتان بڕازێننەوە.

هیچ شتێك نییە بە ڕادەی خۆڕازاندنەوە بە ناوە کامڵەکانی خوا نزیکمان بکاتەوە لە پەروەردگار...

لە وەسفی ئەحنەفی کوڕی قەیسدا -لە شوێنکەوتووانە- هاتووە کە
کەسێکی کورتەباڵا بووە...
گەنمڕەنگ بووە... چاوی چووە بە قووڵدا... برژانگی دوور لەیەك بوون...
قاچی گێڕ و نوشتاوە بووە بۆ ناوەوە...
بە کورتی شتێك لە ڕواڵەت ناشیرینی نەبووە ئەو پشکێکی نەبێت لێی...
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەورەی قەومەکەی خۆی بووە...
هەرکات تووڕە ببوایە... سەد هەزار شمشێر بە تووڕەبوونەکەی تووڕە
دەبوون و لێیشیان نەپرسیوە کە بۆچی تووڕە بووە...
ئەوەندە کەسێکی خاوەن غیرەت و پیاوەتی و مەردایەتی بووە، ئەگەر
بیزانیایە کە ئاوخواردنەوە لە کەسایەتی دادەبەزێنێ، نەیدەخواردەوە...

کەواتە جوانیی مرۆڤ بە ڕەوشتیەتی...
بە بەخشندەییەتی...
بە خاکیبوون و خۆبەکەمزانییەتی...
بە سۆز و بەزەییەتی...
بە حیکمەت و داناییەتی...
بە ڕەوانبێژی و قسەی ماناداریەتی...
بە ئایینەکەیەتی...

جوانیی جوانی ڕەوشتە

جوانخاس... کەسێکە شێوە و ڕەوشتی جوان بن

ئەگەری هەیە ئافرەتێك وا گومان ببات کە هەموو بەهای لە جوانی جەستەیدایە. . ئەوەش بۆچوونێکی هەڵەیە...

پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری گەنجەکان دەکات و دەفەرموێ:

((ئافرەت لەبەر چوا هۆ هاوسەرگیریی لەگەڵدا دەکرێ: بەهۆی سەروەت و سامانییەوە، بەهۆی پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی، بەهۆی جوانییەکەی و بەهۆی ئایینەکەیەوە، ئایینداره‌کە بخوازە، دەستت چووە بە خۆڵدا -واتە چووە بە خێردا-)) صەحیحی بوخاری

پێویستە چەمکی جوانیی ڕزگار بکەین لەو بۆچوونە هەڵەیە کە لە بیری خەڵکیدا کەڵەکە بووە...

چونکە جوانیی تەنها جوانیی شێوە و دیمەن نییە!

هەندێک جار پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکدا دەژی کە جوانییەکەی کەم و مامناوەندە...

بەڵام ئەو ئافرەتە لە باڵاترین پلەکانی وەفادایی و خۆشەویستی و خۆبەختکردن و خزمەتگوزاریدا دەژی...

پیاوەکەش بەو ژیانەی لەگەڵیدا تا ئەوپەڕی بەختەوەرە پێی...

لەوانەیە پیاوێکی تریش لەگەڵ ئافرەتیکی زۆر جواندا بژی، بەڵام خاوەنی چەندین سیفەتی خراپ بێت...

لێرەوە پیاوەکە لە قووڵایی دڵییەوە ڕقی لێیەتی...

لە ڕاستیدا جوانیی کردەوەکان باڵاترین ئاستی جوانین...

خۆشەویستیی و سۆزی پێکەوەژیان ئافرەت نزیك دەکاتەوە لە مێردەکەی...

پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێ:

((ئافرەتێ بخوازن کە خۆشتان بوێ و خۆشیبوێن و منداڵی ببێت))

موسنەدی ئەحمەد، **فەرموودەیەکی ڕاستە**

ئەمەش ڕێنمایی پێغەمبەرە(ﷺ) **بۆمان...**

شاعیرێکیش کە **ئەمە واتای کوردی** شیعرەکەیەتی وتوویەتی:

جوانیی ئافرەت لەگەڵ ناشیرینی **دڵ** و دەروونی وەك فانۆسێك وایە لەسەر گۆڕی ئاگرپەرستێك

کەواتە ئایینپەروەرەکە بخوازە، دەستت چووە بە خێردا

پەروەردگارم... کەسێ تۆی لەدەست داوە چی دەست کەوتووە... ئەی کەسێ کە تۆی هەیە چی لەدەست داوە؟

هێزی جوانیی بە هەند دەگیرێ...
هێزی زانست بە هەند دەگیرێ...
هێزی سەروەت و سامان بوونی هەیە...
خاوەن پارە بەهێزە... خاوەن زانست بەهێزە... خاوەنی جوانیی بەهێزە...
ئەو کەسانە کە لەپێناو جوانیی بەدیهێنراوێکدا لە پەروەردگاریان یاخین و دوارۆژی خۆیانیان دۆڕاندووە...
ئەوانە ئەگەر بیانزانیایە کە جوانیی بەشێکی زۆر کەمە لە جوانیی خوای باڵادەست...
ئەگەر ئەوانە خوایان بناسیایە...
ئەوا لەگەڵ ئەسڵی جوانیدا دەبوون...
هەیە گومانی وایە کە باوەڕدار جوانیی و شتە زەوقبەخشەکانی دنیای لەدەست چووە...
گوایا باوەڕدار بە حوکمی پایەداریی و پابەندی بە ئایینەوە خۆی بێبەش کردووە لە زۆرێك لە لەزەتە خۆشەکان...
بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە و پێچەوانەکەی ڕاستە...
چونکە خوای دەستەڵاتدار لە دڵی باوەڕداردا جیلوە دەدات...
چۆن ناوی دەنێیت ناوی بنێ، دەتوانی ناوی بنێیت بەزەیی...
دەتوانی ناوی بنێیت ئارامی دەروونیی...
ئەم جیلوە خواییەیە کە مرۆڤ بەختەوەر دەکات... تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکی تری لەدەست دابێت.

بە لەدەستدانی ئەو جیلوەیەش ناڕەحەتی دەچێژێ...
تەنانەت ئەگەر خاوەنی هەموو شتێك بێت...

بەدبەختی و گومڕایی دەرئەنجامی دوورییە لە خوا

ئەو بەختەوەرییەی کە دەخرێتە دڵی باوەڕدارەوە...
مرۆڤ هەر مرۆڤێك بە لەدەستدانی با خاوەنی هەموو شتێکیش بێت...
هەر دەکەوێتە بەدبەختییەوە...
بۆشاییەك لە ناخی مرۆڤدایە کە پارە و سامان تێری ناکات...
هەموو جوانیی سەر زەویش پڕی ناکاتەوە...
بەهێز و دەوڵەمەندەکان لە ڕواڵەتدا لە ژیانێکی خۆش و ڕابواردندا دەژین... ماڵەکانیان... ئۆتۆمبێلەکانیان... سفرە و خوانیان... هەرچی لە دەوریاندایە تێروتەسەلە...
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆریان بەدبەختریی حەڵکین...
چونکە دوور کەوتوونەتەوە لە خوای باڵادەست...
(وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾) طه: ١٢٤-١٢٦
(أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾) الرعد: ٢٨

تۆ کاتێ باوەڕت هەیە کە هەموو بەختەوەرییەك لە پەیوەندیتدایە لەگەڵ خوادا...
هەموو بەدبەختییەکیش لە دەرئەنجامی دوورییە لەو زاتەوە...
ئەوکات بەختەوەریی ڕاستەقینە بەدی دەکەیت...

وتراوە: زاتی خوا بە سیفاتەکانی داپۆشراوە... سیفاتەکانیش بە کردەوەکان داپۆشراون.

ئەی دەبێ چی لەسەر جوانییەك بڵێیت کە بە وەسفەکانی کەماڵ داپۆشرابێت...

بە سیفاتەکانی گەورەیی و شکۆمەندیی داپۆشرابێت...

تۆ مامەڵە لەگەڵ پەروەردگاردا دەکەیت...

لەگەڵ بەهێزدا... لەگەڵ جواندا...

لەگەڵ دەوڵەمەندا... لەگەڵ بەتوانادا...

لەگەڵ بەبەزییدا... لەگەڵ زاتێکی بەسۆز و میهرەباندا...

لەگەڵ هەموو ناو و سیفاتە کامڵەکاندا...

کەواتە مەحاڵە و هەزار جار مەحاڵە...

بەدبەختی لە دنیادا لەگەڵ ناسینی خوای گەورەدا بوونی هەبێت...

ئەو دووانە هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە...

من ناڵێم: ئەگەر باوەڕدار لەگەڵ خوادا بێت...

دەکەوێتە ناو ناز و نیعمەتەوە...

ڕاستە لەوانەیە بکەوێتە ژیانێکی حۆشەوە...

لەوانەشە لە تەنگانە و ناڕەحەتیدا بێت...

لەوانەیە هەژار بێت...

دووریش نییە نەخۆش بێت...

بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ خوادایە...

ئەوا لە بەختەوەرییەکی دەروونیی وەهادایە

کە وەسف ناکرێ...

لەزەتی هەستیی تا سەر نییە

شتێك نییە لەم دنیایەدا بتوانێ بەختەوەریی
هەمیشەیی بە مرۆڤ بدات...
یان بەردەوامی بە بەختەوەریی بدات...
چونکە ئەو بەختەوەرییە وابەستەیە بەو شتانەوە کە
هەمیشە لە کەمکردندان...
بەڵگەش ئەمەیە کە...
مرۆڤ خانوویەك دەکڕێ کە جێگای سەرنجڕاکێشانە..
دوای مانگێك وەك هەر خانوویەکی تری لێدێ لە لای...
لەوانەیە ئۆتۆمبێلێکی ئاخر مۆدێل بکڕێ...
بەڵام دوای ماوەیەك دەبێتە شتێکی ئاسایی لە لای...
هەموو ئەو دیمەنە ماددییە جوانانەی دەوری مرۆڤیان داوە...
دوای ماوەیەك ئەو زرق و برقەیان دەکوژێتەوە...
بایەخدان پێیان لاواز دەبێت... سەرسوورمان پێیان کەم دەکات...
جگە تەنها حاڵەتێك نەبێت، ئەویش ئەوەیە خوای گەورەت بە باشی
ناسیبێت...
ئەو کات ئەوا لە بەختەوەرییەکی بەردەوامدایت...
بەڵام ئەگەر بێتو ئامانجێکی سەر زەوی هەڵبژێری...
ئەوا هەر کە گەیشتیتە مەبەست...
ئیتر بێزاری و بێتاقەتی و ڕاهاتن لەسەر ئەو شتە دەست پێ دەکات...



پەروەردگارمان جوانە و جوانی خۆش
دەوێت...
بەڵام لەوانەیە وەها تێگەیشتنی لێ بکرێ
پێچەوانەی ئەو واتایە بێت کە خوای
گەورە دەیەوێت...
دەکرێ تێگەیشتن لێی پەیوەست بێت بە
ئافرەتەوە...
ئەوکات مرۆڤ چاوی بەرەڵلا دەکات و
دەنیشێت بە حەرامەوە!
بەمەش سەرپێچی لە فەرمانی خوای
گەورە بکات...
پاشانیش دێت دەڵێ: خوا جوانە و
جوانیی خۆش دەوێت!
نا، ئەمە واتای جوانیی نییە...
جوانیی کۆمەڵە واتایەکی هەیە کە
کۆتاییان نایەت...
بە تایبەت کە جوانیی چەندین واتای
هەستیی هەیە...
واتای ڕەوشتیی هەیە..
تۆ کاتێ هەڵوێستێکی ڕەوشتیت
بیر دەکەوێتەوە، ئەوە لەزەت لە
جوانی دەبەیت...
هەڵوێستی وەفاداریی...
هەڵوێستی بەزەیی...

هەڵوێستی خاکیبوون و سادەیی...
هەڵوێستی لێبووردەیی...
هەڵوێستی ویژدانی...
هەموو ئەمانە و هیتریش کۆمەڵە یادەوەرییەکن کە
لەزەت لە جوانییەکەیان دەبەیت...
جوانیی واتایەکی زۆر بەرفراوانی هەیە...
کارێکی جوان دەبینی...
مرۆڤێکی بەهێز و خاکیی دەبینی...
کەسێکی دەوڵەمەند و بەخشندە دەبینی...
کەسێکی سەرکەوتوو لە زانستدا دەبینی...
هەموو ئەوانەی بە دەوریدان خۆشیان دەوێ...
کەواتە چەمکی جوانی چەمکێکی زۆر فراوانە...



دنیا خانووی تاقیکردنەوەیە...
قیامەتیش خانووی خۆشنوودییە

وتراوە: ئەم دنیایە خانوویەكی خواروخێچە نەك خانووی تەخت و پانوپۆڕ...
ئەو بۆ كەس تەخت نابێت...
تا سەر بۆ كەس نییە...
ئەمەش لەبەر حیكمەتێكی گەورە گەورەیە كە هەر خوای گەورە خۆی دەیزانێ...
دنیا مەنزڵی زەحمەت و دڵتەنگییە... نەك مەنزڵی خۆشی و حەوانەوە...
پڕە لە خەم و خەفەت و ئێش و ئازار...
دابڕان لە خۆشەویستانی تێدایە...
نەخۆشییەكانی تێدایە كە تووشی مرۆڤ دەبن...
جا هەركەس لە هەقیقەتی دنیا تێگەیشت...
ئەوا دڵ خۆش ناكات بە خۆشگوزەرانییەكەی، چونكە كاتییە...
خەمباریش نابێت بە ناڕەحەتییەكانی، چونكە كاتین...
مردن كۆتایی بە هەمووشت دێنێ...
مردن كۆتایی بە هێزی خاوەن هێز و بە دەوڵەمەندیی دەوڵەمەند دێنێ...
كۆتایی بە زیرەكیی زیرەك و بەدبەختی ساویلكە و گەوج دێنێ...
كۆتایی دێنێ بە تەندروستی تەندروستباشێك و بە نەخۆشیی نەخۆش...
مردن كۆتایی بە هەمووشت دێنێ...
لەبەر ئەوە هەركەس دنیای ناسی، ئەوا دڵخۆش ناكات بە خۆشگوزەرانییەكەی و خەمبار نابێت بە بەدبەختی و ناڕەحەتییەكەی...
چونكە پەروەردگار بە خانووی تاقیكردنەوەی داناوە...
قیامەتیشی كردووەتە خانووی خۆشنودیی...

زانستخوازی

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: ((خوای گەورە بیەوێت خێر و چاکە لەسەر دەستی کەسێکدا بەجێ بگەیەنێ ئەوا شارەزای ئایینەکەیی دەکات))

صەحیحی بوخاری

ئازایەتی ئەوە نییە لە کاتە زیاد و پەراوێزخراوەکانتدا

فێری زانست ببی...

بەڵکوو دەبێت فێربوونی زانست ببێتە بەشێك لە

پلانی ژیانت...

هەندێ کەس دەیەوێ بەپێی هەلی کاتی

بێکاریی فێری زانست ببێ...

چونکە هەندێ شتی سەرەکی خۆی هەن

نایەوێت هیچ شتێکی تر لە سەروویانەوە بێت!

بەڵام لای باوەڕدار...

فێربوونی زانست بەشێکە لە ژیانی... هیچ

شتێکی تر نییە لە سەرووی فێربوونی

زانستەوە بێت...

چونکە هەروەك پێشەوامان عەلی(ﷺ)

وتوویەتی:

((کوڕەکەم... زانست لە سەروەت و

سامان چاکترە.

چونکە زانست دەبێتە پاسەوانت...

تۆیش دەبیتە پاسەوانی پارە و سامان...

سەروەت و پارە پێویستی بە بەخشینە.

زانستیش بە بەخشین و بە جۆری خەرجکردنی پاکی دەکاتەوە...

کوڕەکەم... عەمبارکەرانی سەروەت و پارە هەر بە زیندوویی مردوون...

بەڵام زانایان تا دنیا هەبێ ئەوانیش زیندوون...

ناونیشانیان ون دەبێت...

بەڵام پەند و ئامۆژگاریان هەر لە دڵاندایە...))

مرۆڤ کۆمەڵێ خواست و پێویستی نزم، هەروا

کۆمەڵێ خواست و پێویستی باڵای هەیە...

خواستە باڵاکەی فێربوونی زانستە...

جا ئەگەر بێتو مرۆڤ فێری زانست نەبێت، ئەوا

ناگاتە ئاستی مرۆڤبوونی خۆی...

قورئانی پیرۆزیش خەڵکانی نەزانی بە

گیانلەبەرە ناژیرەکان وەسف کردووە...

بەڵکوو لەوان گومڕاتر و خراپتریش...

ئەگەر كەسێك ئامێریكی زۆر پێشكەوتووت پێشكەش بكات...
كە داهێنانی خۆی بێت، بە دیاری بیدات بە تۆ...
ئامێرەكە پێشكەوتنێكی جۆریی لە تایبەتمەندیدا تێدا بێت...
تۆ دوو هەستت لا دروست دەبێت...
هەستێكی گەورەت لا دروست دەبێت بەرانبەر بەو داهێنەرە لەسەر ئەو دەستكەوتە زانستییە مەزنەی...
هەروەها هەستی پێزانین و دەربڕینی مەمنونییەت بۆی، چونكە ئەو دیارییە مەزنەی بەبێ بەرانبەر پێداویت...
خوای پاك و بێگەرد ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی تیایاندایە ڕەخساندوویەتی بۆت و ڕامیكردوون...
ئەم ڕامكردنە هەم بۆ ناسین و هەم بۆ ڕێزلێگرتنە...
پەرچەكرداری كاری ناسین، ئەوەیە باوەڕی پێ بهێنی...
پەرچەكرداری كاری ڕێزگرتنیش... ئەوەیە سوپاسی بكەیت...
جا تەنها بەوە كە باوەڕت پێیهێناوە و سوپاسگوزاری...
ئەوا ئامانج لە بوونت دەستەبەر دەبێت...
هەركاتیش ئامانجی بوون دەستەبەر بوو...
ئیتر سزا دەوەستێ!
خوای گەورە دەفەرموێ: (مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ)
النساء: ١٤٧

خوای گەورە نیعمەتی هاتنە دنیای پێ بەخشیوین...

(هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١) الإنسان: ١

تۆ هەیت... قەوارەی خۆتت هەیە... ناوت هەیە..

هاوسەرت هەیە... منداڵت هەیە... ماڵت هەیە...

پێگەی خۆتت هەیە... کۆمەڵێ قەناعەتت بە خۆت

هەیە... لەزەت لە ژیان دەبەیت...



نیعمەتی هاتنەبوونت یەکەمین نیعمەتە

من کاتێ لاپەڕەکانی کتێبێك هەڵدەدەمەوە

و ئاشنا دەبم بە مێژووی نووسیەکەی...

جا ئەگەر مێژووی نووسینی بگەڕێتەوە بۆ

پێش لەدایکبوونی من...

ئەوا لەو باسە ئامۆژگارییەکی گەورە

وەردەگرم...

ئایا لەو مێژووەدا من لە کوێ بووم؟

من لەو مێژووەدا لە سەرتاسەری زەویدا

ناوم نەبووە!

خوای گەورە نیعمەتی هاتنەبوونی پێ

بەخشیوم...

لەدوای هاتنەبوون... نیعمەتی پشتگیریی و پێبەخشینی

پێداوی...

ئەوەتا لەگەڵ هەوادا... کۆئەندامی هەناسەدانی پێ داوی...

ئەی ئەگەر هەوا نەبووایە... چی ڕوویدەدا

کۆئەندامی هەرسی پێ بەخشیوی...

لەگەڵ بوونی ئاو... خۆراك... گۆشت... سەوزەوات... بەروبوومەکان...
تۆ پێویستیت بە لایەنێکی تر هەیە ..
ئافرەتی لەپێناو تۆدا دروست کردووە... تۆیشی لەپێناو ئەودا بەدی هێناوە...
هەریەکەتان نیوەکەی تری پێ بەخشیوە. .
ئینجا منداڵی پێداویت کە ماڵ پڕ دەکەن لە خۆشی...
بەمجۆرە خوای گەورە نیعمەتی هاتنەبوون و نیعمەتی پشتگیری و پێبەخشینی پێداوین...
لەدوای ئەم دوو نیعمەتە نیعمەتێکی سێیەمیشی پێبەخشیوین ئەویش:
نیعمەتی هیدایەت و گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و دروستە

حەج بەڵگەیەکی کردارییە کە باوەڕدار پێشکەش بە خودی خۆی و بە پەروەرگاری دەکات...

چوونە بەدەم بانگهێشتی خوای گەورەوە، ئەویش بە پاڵنەری خۆشەویستی و خواستنی ڕەزامەندی ئەو زاتە...

چوون بەدەم ئەو بانگهێشتەوە لای خوای گەورە باشتر و خێری زیاترە لە بەخشینی ماڵ و سامان و خێزان و منداڵ و کار و وڵاتی ئەو کەسە...

ئەو تایبەتمەندییە کە ئەم پەرستشە لە پەرستشەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پێویستی بە خۆیەکلاکردنەوەی تەواوەتی هەیە...

چونکە تۆ دەتوانی نوێژ بکەیت و هەر لە ماڵی خۆتدا بیت... لە شار و وڵاتی خۆتدا بیت...

لەسەر کار و پیشەی خۆت بیت... لەسەر فەرمانگەکەت بیت... سەرقاڵی بازرگانی بیت...

بەڵام حەج پێویستی تەواوەتی بە یەکلابوونەوەیە...

چونکە حەج لە مزگەوتی حەرام و کەعبەی پیرۆزدا نەبێت، لە شوێنێکی تر ئەنجام نادرێت...

دەبێت وڵاتی خۆت جێبێڵی... ماڵ و خێزان و خۆشەویستان جێبێڵی...

بەرگەی ناڕەحەتییەکانی سەفەر بگری... بکەویتە بەر مەترسییەکانی...

لەو پێناوەشدا ماڵ و سامان ببەخشی...

چا هەروەك بەهای ئەم پەرستشە ئەرك و زەحمەت و خەرجی زۆر زۆرە... ئەوا بەرهەمەکەشی بە هەمان شێوە دەرئەنجامی زۆر مەزن و گەورەی هەیە

ئەم دروشم و ئاوازی چوون بە دەمەوە وەڵامی ئەو بانگکردن و بانگهێشتەیە کە دەچێتە دڵتەوە...

کە ئەی بەندەکەم... خۆت دامالە و وەرە بۆ لام...

وەرە بۆ لام... ئەی بەندەکەم وەرە تا بتحەوێنمەوە لەو خەم و خەفەتانەی کە وەك کێو نیشتوونەتە سەر سنگت...

ئەی بەندەکەم وەرە تا پاکت بکەمەوە لەو هەوا و هەوەسانە کە ژیانیان تاڵ کردوویت...

ئەی بەندەکەم وەرە و تامی خۆشەویستیم بچێژە...

ئەی بەندەکەم وەرە و تامی شیرینی پاڕانەوەکانت لێم بچێژە...

ئەی بەندەکەم وەرە تا هەندێ لە بەڵگە و کارە سەرسووڕهێنەرەکانی خۆمت نیشان بدەم...

ئەی بەندەکەم وەرە تا بەو نوورەی خۆم کە هەموو تاریکییەکی ڕووناك کردووەتەوە جەستەت ڕووناك بکەمەوە...

ئەی بەندەکەم وەرە تا ئارامیی دەروونیی سەراپای جەستەت داپۆشێ لە کاتێکدا کە هەموو خەڵکی زەوی و ئاسمانەکان ناتوانن ئەوەت بۆ بکەن...

ئینجا دەیخاتە دڵیەوە کە ئەی بەندەکەم وەرە...

ئەویش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: **لبّيك اللّهمَّ لبّيك...**

لبّيك لا شريك لك لبّيك...

إن الحمدَ والنعمه... لكَ والملك... لا شريك لك...

ئەی بەندەکەم وەرە بۆ لای من



نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە... حاجی بڕوات بۆ کەعبەی پیرۆز، بەڵام نەشارەزا بێت بە پایەکانی حەج و ئەرك و سوننەت و ئەو کارانەی تر کە بە چاك دەزانرێن... هەروەها شارەزا نەبێت بە حەجی پێغەمبەر(ﷺ)... نەزانێ کە دەبێت لەسەر چ بنەمایەکی ڕەوشتی فەرزی حەج ئەنجام بدات...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

ئەم پەرستشە بەرز و چاك و پاکە ئەنجام بدەیت، بەڵام دوور لە مەبەست و بەرهەمەکانی...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە.

حاجی پێش ڕۆیشتنی بۆ حەج لەسەر چ حاڵەتێك بووە دوای حەجیش هەر بە هەمان حاڵەتەوە بگەڕێتەوە.

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

حاجی بچێتە ئەو شوێنە پیرۆزانە، بەڵام هەست بە پیرۆزی ئەو شوێنە پیرۆزانە نەکات...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

حاجی لە خەمی جێبەجێکردنی سوننەتێك یان شتێکی بەچاکزانراوەوە بێت، بەڵام لەپێناو ئەنجامدانیدا کارێکی سەرپێچی بکات، یان باز بدات بەسەر فەرزێکی حەجدا...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

حاجی بێت لە حەجدا باسی هەموو شتێك بکات... جگە لە باسی حەجی ڕاستەقینە...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

حاجی ئەوە بزانێ کە فرێدانی چەند بەردە وردیلەیەك گوزارشتە لە دوژمنایەتیکردنی شەیتان...

بەڵام پاشان بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی و ببێتەوە بە بووکەڵە بە دەستی شەیتانەوە...

نە ئەقڵگیرە و نە ڕەوایە...

بەجێگەیاندنی فەرمانی خوا لەم فەرزەدا تەنها لەوەدا قەتیس بکرێ کە حاجی لە وڵاتێکی دوورەوە بێت و بەس...

تا لە شوێنە پیرۆزەکان دابنیشێ... ئینجا لەجیاتی ئەوەی بێت خۆی سەرقاڵ بکات بە گوێڕایەڵی و پەرستشەکان و زیکری خواوە...

هەر بخوات و بخەوێ و باسی کاروبارەکانی دنیا بکات!

دواجار دەڵێین: حەج وێستگەیەکی جیاکەرەوەیە لە ژیانی مسوڵماندا!





هەڵوێستێکی سەرسووڕهێنەر لە عەرەفاتدایە...
ڕووەکی مرۆیی بە هەموو ڕەنگە جۆراوجۆرەکانیەوە دایدەپۆشێ...
لقەکانی ئەو دەستانەن کە دەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی...
ئا لەوێدا حاجی بە چاوی خۆی دیمەنێکی بچووککراوەی مەحشەری مەزنی ڕۆژی قیامەت دەبینێ...
بۆیە دەبێ لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە بکات...
چونکە مرۆڤ لەدوای گەشتی حەج دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی...
بەڵام لە مەحشەری مەزنی ڕۆژی قیامەتدا مرۆڤ ناگەڕێتەوە...
بە دڵنیاییەوە کە گەشتی حەج گەشتی پێش کۆتا گەشتە... ئامادەکارییە بۆ کۆتا گەشت...
خەڵکی هەموو بە یەکجۆر پۆشاکەوە...
یەکجۆر پاڕانەوە... یەکجۆر لاڵانەوە...
هەموویان لاوازن... هەموویان تاککەوتوون...
حەج نموونەیەکی بچووککراوەی کۆتا گەشتە...

ئایا بۆچی حەج لە شوێنێکی جواندا نەبێت؟

کە سەر زەوی چەندەها شوێنی زۆر جوان و قەشەنگی تێدایە...

شاخی سەوز و ڕازاوە... باخچەی دڵڕفێن... دەریا و ڕووبارەکان... هەوا و شەماڵی سارێژکەر...

ئایا خوای گەورە بۆچی حەجی خستووەتە دۆڵێکی بێ ڕووەك و بێ زەرعات؟

چونکە خوای باڵادەست –والله أعلم- ویستوویەتی هەرچی خۆشییە هەستپێکراوەکان هەن بیانسڕێتەوە...

چونکە خۆشییە هەستییەکان لە حەجدا بوونیان نییە...

قەڵەباڵغییەکی زۆر زۆرە... گەرمایەك کە بەرگەگرتنی زەحمەتە...

نە شەماڵی سارێژکەر... نە شاخ و کێوی سەوز... نە دەریا و ڕووبارەکان...

بەڵکوو هەموو ئەوەی کە هەیە قەڵەباڵغی و گەرما و ماندووبوونە...

خوای گەورە خۆشییە هەستییەکانی لە حەجدا سڕیوەتەوە، ئەوەش حیکمەتێکی زۆر گەورەی تێدایە...

(بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ) إبراهيم: ٣٧

لە ڕاستیدا یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی حەج...

ئەوەیە تا مرۆڤ پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ پەروەردگاردا گرێ بدات...

پەیوەندییەك لە جۆرێکی تر...

پەیوەندییەك کە دەبێتە هۆی خاڵیکردنەوەی دڵ و دەروون لە خەم و خەفەتەکانی دنیا...

ئەو خۆشی و بەختەوەرییەی کە لەو شوێنە پیرۆزەدا دەیبینی بە حەتمی کە لە بەرئەنجامی پەیوەندیتە بە خواوە نەك بەهۆی خۆشییە هەستییەکانەوە!

ڕۆژی کامڵبوونی ئایینە... ڕۆژی داباریینی تەواوی نیعمەتە... ڕۆژی لێخۆشبوونی گوناهەکانە. . ڕۆژی ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ...

وەستانی عەرەفە دێت... ئەو ڕۆژەی کە فەزڵی لە سەرووی هەموو ڕۆژەکانی ترەوەیە...
نزا و پاڕانەوەکان تیایدا گیرا دەبن...
هەڵە و هەڵخلیسانەکان تیایدا کەم دەبن...
خوای گەورە لای فریشتەکان شانازی بە خەڵکی عەرەفاتەوە دەکات...

عەرەفە ئەو ڕۆژەیە کە خوای باڵادەست بە گەورە ڕایگرتووە. .
ڕێزی داوە بەسەر ڕۆژەکانی تردا...
ڕۆژی کامڵبوونی ئایینە... ڕۆژی تەواوکردنی نیعمەتە..
ڕۆژی لێخۆشبوونە لە گوناهەکان... ڕۆژی ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ...
بەڕاستی گەورە ڕۆژی بەیەکگەیشتنە لەنێوان بەندەی تەوبەکاری تامەزرۆ و شەیدا و نێوان پەروەردگاری بەبەزەیی و تەوبەوەرگردا...
لەنێوان ئەم مرۆڤە تیاچوو و سنووردار و بچووکە...
و نێوان بەدیهێنەری ڕەهای ئەزەلی و ئەبەدی مەزندا...

تیایدا مرۆڤ لە سنووری بچووکی خودی خۆیەوە هەنگاو هەڵدەگری...
بەرەو گەردوونی گەورە و بەرفراوان...
لە سنووری هێزی لاوازی خۆیەوە...
بەرەو وزە گەردوونییە مەزنەکان...
لە سنووری تەمەنی کورتیەوە...
بەرەو پانتایی دوورییەکانێ کە جگە لە پەروەردگار کەسی تر سنووری نازانێ...

ڕۆژی عەرەفە... ڕۆژی ناسینە...

ڕۆژی عەرەفە... ڕۆژی لێخۆشبوونە...

ڕۆژی عەرەفە... ئەو ڕۆژەیە کە بەزەیی ئاسمان لە لایەن بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەوە...

دادەبارێ بەسەر بەندەکاندا...

وتراوە:

هەرکەس **لە** عەرەفاتدا بوەستێ و...

ئەو قەناعەتەی لا دروست نەبێت کە خوای گەورە لێی خۆش بووە...

ئەوا حەجی **نەکردووە...**





خوای باڵادەست لە حەجدا ڕێگیری لێ کردوویت خۆت بۆنخۆش بکەیت...
لە حەجدا ڕێگیری لێ کردووی خۆت جوان بکەیت...
لە حەجدا ڕێگیری لێ کردووی قژی سەرت بتاشی...
تەنها دوو پارچە قوماشی کردووەتە پۆشاکت...
لە حەجدا دەوڵەمەندترین مرۆڤ وەك هەژارترین مرۆڤە...
هەموو پۆشاکەکانت پۆشاکی هەرزانبەهان...
حاجی دەیانپێچێ بە جەستەیەوە...
ئا لەوێدا دیمەنی مەحشەر دێت بە بیریدا...
(يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٦) المطففين: ٦
بە ملیۆنەها لە عەرەفاتدا دەوەستن...
هەموویان بە پۆشاکی ئیحرامەوە...
ڕۆژی مەحشەریش هەروایە...
هەموو پلە و پایە سەربازی و شارستانی و پێگەی زانستی و پلەی سیاسی و تێروپڕیی دارایی...
هەر هەموویان لە حەجدا نامێنن...
چونکە پەرستشی یەکسانییە

ئاشتەواییکردن واتە:

گرێدانەوەی هەر پەیوەندییەکی پچڕاو لەنێوان دوو کەس، یان زیاتردا...

(   ) الأنفال: ١

دوو هاوسەر دوور کەوتوونەتەوە لە یەك...

گەورەترینی کارە باشەکان ئەوەیە ئاشتەوایی بخەیتە نێوانیان...

دوو برا ناکۆکن...

گەورەترینی کارە باشەکان ئەوەیە ئاشتەوایی بخەیتە نێوانیان...

دوو هاوبەشی کارێ ناکۆکن...

گەورەترینی کارە باشەکان ئەوەیە ئاشتەوایی بخەیتە نێوانیان...

دوو دراوسێ ناکۆکن...

گەورەترینی کارە باشەکان ئەوەیە ئاشتەوایی بخەیتە نێوانیان...

هەرشتێك ببێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان تۆ و براکەتدا...

ئەوا خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) فەرمانیان پێ کردووە...

هەرشتێکیش ببێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی لەنێوان تۆ و براکەتدا...

ئەوا خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ڕێگیرییان لێ کردوویت لە ئەنجامدانی...

فیرعەون پرسیاری لە پێغەمبەر موسا (ﷺ) کرد:

( ) طه: ٤٩

موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وەڵامی دایەوە و فەرمووی:

( ) طه: ٥٠

دوو چاوی پێ بەخشیوە...

بۆچی دوو چاو؟ بۆ یەك چاو نییە؟

چونکە بە دوو چاوەکە پەی بە دووری سێیەمیش دەبرێ... درێژی و پانی و قووڵی

بەڵام بە یەك چاو تەنها پەی بە دوو دووری دەبرێ... درێژی و پانی

دوو گوێی پێ بەخشیوە..

بۆچی یەك گوێ نییە؟

دوو گوێ بۆ ئەوەیە تا ئاڕاستەی دەنگ بزانێ...

بەڵام یەك گوێ ئەوا دەنگ دەبیستێ، بەڵام ئاراستەی دەنگەکە نازانێ.

ئەگەر لای ڕاستەوە دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلێ بێت...

ئەوا دەنگەکە لە پێشەوە دەچێتە ناو گوێی ڕاست ئینجا دەچێتە گوێی چەپ.

ئەوەش بە ماوەیەکی کاتی کە بڕەکەی ١/ ١٦٢٠ بەشە لە چرکەیەکدا

بەمجۆرە پەی بەوە دەبات کە هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکە لای ڕاستەوەیە...

پاك و بێگەردی بۆ دروستکاری مەزن...



بۆ بینابیتان ناخەنە کار!

لە سەری مرۆڤدا نزیکەی سێسەد هەزار موو هەیە...
هەر موویەك خوێنبەرێك و خوێنهێنەرێکی هەیە...
دەمارێکی جووڵە و دەمارێکی ماسوولکەیی تێدایە...
لوویەکی چەوری و لوویەکی ڕەنگکردنی تێدایە...
لەبەر حیکمەتێکی زۆر گەورە...
موو دەماری هەستپێکردنی تیا نییە...
ئەگەر بهاتایە و دەماری هەستیی تێدا بووایە...
ئەوا تاشینی موو پێویستی بە بیهۆشکردنێکی تەواو دەبوو...
پێویستی بە ژوورێکی نەشتەرگەری و نەخۆشخانەیەك دەبوو...
ئەمەش حیکمەتێکی گەورەی خوای باڵادەستە...
خوای گەورە دەفەرموێ:

(وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١)
الذاريات: ٢١

هەریەکەمان لە ماڵێکەوە دەڕوات بۆ گۆڕ...
ماڵەکە بایەخی زۆر باشی پێ دەدرێ...
ژوورێك بۆ میوان... ژوورێك بۆ دانیشتن...
چێشتخانە... گەرماو...
هاوسەر و منداڵ..
ئۆتۆمبێل لەبەر دەرگای ماڵدا وەستاوە...
سەیران و گەشتوگوزار...
پاشان لەناکاودا... دڵ دەوەستێ... مرۆڤ دەخرێتە گۆڕەوە...
گۆڕ چی تێدایە؟
زیرەکی و تەوفیق و ژیری ئەوەیە بۆ ئاییندەت بژیت...
نەك لە ڕابردوودا، یان بۆ ئێستاکە بژیت...
ئەو کەسەی لە ڕابردوودا بژی گێل و نەفامە...
چونکە ڕابردوو گوزەشت...
ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ کە بێت نادیارە و غەیبە...
تۆ ئەو کاتژمێرەت هەیە ئێستا وای تیایدا...
هەر کەسیش بۆ ئایندە بژی ئەوا ژیرترینی
ژیرەکانە...
ئایا ئایندە چی تێدایە؟
ئاییندە بەجێهێشتنی دنیایە...
ئایا چیمان بۆ ئەو ئاییندەیە ئامادە
کردووە؟

پێویسته باوەڕدار باوەڕێکی گومانبڕی هەبێت کە کارەساتەکان چەندین نیعمەتی شاراوەیان تێدایە...

ڕازیبوونیش بە ڕوودانی ئەو شتەی پێمناخۆشە بەرزترین پلەی باوەڕی دڵنیاکەرن...

کارەسات و بەڵا ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ لەژێر چاودێرییەکی وردداپت...

کارەسات واتە تۆ لەنێو بەزەیی خوای گەورەدایت...

لەبەر ئەوە خوای گەورە دەفەرموێ:

( ) الأنعام: ١٤٧

بەزەیی پەروەردگاریش ئەوە دەخوازێ کە:

( ) الأنعام: ١٤٧

ئەگەر چوویتە مزگەوتێك و سەرنجت دا ژمارەی ئەوانەی سەردانی دەکەن زۆرن...

ئەوە بزانە کە زۆرێك لەوان لەبەر ئەنجامی پلانێکی حەکیمانەی پەروەردگار ئاشتبوونەتەوە لەگەڵیدا...

لەدوای ڕەوینەوەی تارمایی بەڵایەك ئاشتبوونەتەوە...

لە دوای هەڕەشەیەکی سەخت و توند...

لە دوای دروستبوونی ترس لەسەر ڕزق و بژێوی...

لە دوای دروستبوونی ترس لەسەر پلە و پایە...

کەواتە مرۆڤ جگە لە خوای باڵادەست، هیچ پەنایەکی تری نییە...

باوەڕدار ژیانی خۆی لەسەر بەخشین بونیات دەنێ

خوای گەورە دەفەرموێ:

(فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ۝٥ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ۝٦) الليل: ٥-٦

باوەڕدار ژیانی خۆی لەسەر بەخشین بونیات ناوە...

بە دەستەواژەی ئەم سەردەمەش...

ستراتیژیەتی خۆی لەسەر بەخشین بونیات ناوە...

چونکە بەخشین سیفەتێکی قووڵە لە سیفەتەکانی...

ئەو لە کاتی خۆی دەبەخشێ...

لە سەروەت و سامانی دەبەخشێ...

لە شارەزایی و زانستی دەبەخشێ...

لە هێز و توانای خۆی دەبەخشێ...

هەموو شت لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا دەبەخشێ...

لەبەر ئەوە خوای دانا و بەتوانا دەفەرموێ:

(مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ۚ)

البقرة: ٢٤٥

چونکە لەڕاستیدا هەموو کردەوەیەکی چاك...

قەرزێکە و دەدرێت بە خوای باڵادەست...

پەروەردگار لە کرۆکی ددانەکاندا دەمارێکی هەستپێکردنی داناوە...
هەندێ وا گومان دەبەن هیچ سوودێکی نییە...
بەڵام ئەگەر کلۆری ددان دەستی پێ کرد و گەیشتە سەری، ئەوا ئازارەکەی خەوی شەوت دەزڕێنێ...
خێرا ڕادەکەیت بۆ لای پزیشك...
ئەگەر بهاتایە و ئەو دەمارە نەبوایە ئەوا مرۆڤ هەموو ددانەکانی لەدەست دەدا...
لە ڕاستیدا دەماری هەستپێکردن ئامێری ورياکەرەوەی پێشوەختەیە لای مرۆڤ...
کاتێ تۆ لە پرخەی خەودایت...
لیك لە دەمتدا کۆ دەبێتەوە...
ئینجا نامەیەك دەڕوات بۆ مێشك کە ئەو لیکە لە دەمدا زۆر بووە و لە بڕی حۆی زیاترە ..
لە کاتێکدا تۆ لە حەودایت فەرمانێك لە مێشکەوە دێت...
بەمەش قوڕگ و ڕمانە بچکۆلە دەکرێنەوە...
بۆری هەناسەدان دادەخرێ...
سورێنچك دەکرێتەوە...
لیکەکەت قوت دەدات...
تۆش هەر خەوتووی، بەڵکوو لە پرخەی خەودای...

خوای گەورە دەفەرموێ:
(هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ)
لقمان: ١١

دوو وانەی پەندئامێز کە هەر باوەڕدارێك پێویستی پێیانە...
وانەی بەدر و وانەی حونەین...
لە بەدردا وتیان یا (الله) و سەر کەوتن...
لە حونەین وتیان (خۆمان) و سەر نەکەوتن...
لەم گوفتارەوە هەنگاو دەنێین بۆ یاسایەکی زۆر گرنگ...
(یاسای سەرپەرشتیکردن و فەرامۆشکردن)

کاتێ هاوارت بۆ لای خوایە و دەڵێیت یا (الله)... ئەوا خاوەنداریت دەکات...
بەڵام کاتێ دەڵێیت: (من)
گوایا پسپۆڕیت هەیە...
بڕوانامەی بەرزت هەیە...
خاوەنی چەندین شارەزایی کەڵەکەبووی...
لەماڵباتێکی بەڕێز و شەرەفمەندیت...
باوکم یەکێکە لە گەورە پیاوانی شار... ئەو کات فەرامۆش دەکرێیت...
گەر بێتو شانازی بە غەیری خوای گەورەوە بکەیت... ئەو زاتە فەرامۆشت دەکات...
کاتێ دەڵێیت: یا (الله)... ئیتر خاوەنداریت دەکات.
هەمان ئەم یاسایە دەسەپێت بەسەر پیشەکەتدا.. خوێندن و هەموو چالاکییەکانی تردا...
کەواتە بڵێ پەروەردگارم تەوفیقم بدە... پەروەردگارم من ئاتاجی پشتگیری زاتی تۆم...
پەروەردگارم من خۆم داڕنیوە لە هەر هەوڵ و توانا و هێزێکی خۆم و پەنام بە توانا و هێزی تۆیە، ئەی خاوەنی هێز و دەستەڵاتی قایم و بێسنوور...
ئەم ئاتاجبوونە بە خوای گەورە... مایەی تەوفیق و سەرکەوتنە...



دەگونجێ مرۆڤ ساڵانێکی زۆر لە وڵاتێکی بیانیدا سەرقاڵی خوێندن بێت...
پارەی نەبێت... باوکیشی هەژار بێت...
بە ناچاری دێ لە چێشتخانەیەکدا کار دەکات، یان بە شەودا پاسەوانی بکات و بە ڕۆژدا بخوێنێ...
ئەو بارەی تێیدایە زۆر بەئێش و ئازارە...
بەڵام ئاییندەی زۆر ڕۆشن و پرشنگدارە...
کاتێك بڕوانامە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی...
لە پلەیەکی بەرزدا دادەمەزرێ...
دەبێتە خاوەنی داهاتێکی زۆر...
پێگەیەکی شیاوی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەبێت...
ئەوکات ئیتر هەموو ئەو زەحمەت و ناڕەحەتییانەی لەبیر دەچێتەوە...
هەندێک جار پزیشك بە نەخۆش دەڵێ: کەمێ بەرگەی ئازار بگرە...
هەست بە هەندێ ئازار دەکەیت، بەڵام دەرئەنجامەکە بە ویستی خوای گەورە شیفا و چاکبوونەوەیە...
خوای گەورە دەفەرموێ:
(   ) الضحى: ٥
ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەری خوایە(ﷺ)
بەڵام هەر باوەڕدارێکی تریش دەگرێتەوە ئەوەش بە ڕادەی باوەڕ و پایەداری و دڵسۆزی خۆی...

خوای گەورە دەفەرموێ: (

) الإسراء: ١٨-٢٠

کەسێك گۆرانیوتن هەڵدەبژێرێ، دوایی دەمرێ...
دوای مردنیشی گۆرانییەکانی لە ڕادیۆ و هۆکارەکانی ترەوە تا ڕۆژی قیامەت لێدەدرێن...
کەسێکی تریش قورئانخوێندن هەڵدەبژێرێ، دوایی دەمرێ...
قورئانەکەی لە ڕادیۆ و هۆکارەکانی ترەوە تا ڕۆژی قیامەت لێدەدرێ...
کەسێك مزگەوتێك دروست دەکات...
یەکێکی ترسوو ڕخانە(ملهی)ـی شەوانە دروست دەکات!



لە ڕاستیدا مرۆڤ ئازادە و بە ویستی خۆی شتەکان هەڵدەبژێرێ...
دە تۆش چی هەڵدەبژێری هەڵبژێرە...
چی دەکەیت بیکە...
بە دڵنیاییەوە دواجار دەگەیتە شوێنی خۆت و هەر شتە و بە حیسابی خۆی...
خوای گەورە مامەڵە لەگەڵ ئاواتخواستن ناکات
( ) النساء: ١٢٣
ئاواتخواستن پیشەی گێل و گەوجەکانە...
چونکە خوای گەورە مامەڵە لەگەڵ کردەوە ڕاستگۆکاندا دەکات
( )
الإسراء: ١٩

کەواتە هێمای ویست و ئیرادەی ڕاستگۆیانە بۆ بەدەستهێنانی قیامەت، ئەوەیە هەوڵی تەواوەتی بۆ بدرێ...

خوای باڵادەست دەفەرمویّ.

(وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ)

الأنفال: ٧٢

وەك بڵێی **خوای** گەورە **دەیەوێت** تەماعی پاداشتی کۆچکردن بخاتە بەردەمیان، **یان هانیان** بدات بۆ کۆچکردن...

واتە: ئێوەش کۆچ بکەن... **ئەو** پاداشتەی بۆ باوەڕدارانە بۆ ئێوەشە...

ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی ئەوان لەسەر شانی ئێوەیشە...

بەڵام واتای کۆچی **کرد چییە؟**

ئەگەر تۆ لە ماڵێکدا بیت و بە دڵت نەبێت... ئەوا تەنها ئەوەت پێدەکرێت جێی بێڵی و تەواو...

بەڵام ئەگەر سەغڵەتیت **بۆ** دروست کرا **کە لە تواناتدا** نەبێت بەرگەی بگری. **ناڵێین ماڵەکەت جێهێشت...**

بەڵکوو دەڵێین ماڵەکەت **پێ جێهێڵرا و کۆچت** پێ کرا...

چونکە ئەگەر ڕێگا بە هاوەڵە بەڕێزەکان بدرایە **لە** مەککە ئایینەکەیان **بڵاو بکەنەوە و سرووتە**کانی پەروەردگاریان بەجێ بگەیەنن، ئەوا **هیچ** پاساوێك نەبوو بۆ کۆچکردنیان...

بەڵام سەعلەتکردن و سووکایەتی و ئازار و ئەشکەنجەدان و فشار و
گەمارۆدان و هەندێک جار کوشتنیش بەرۆکی گرتبوون...
هەموو ئەوانە پاڵی نان تا کۆچ بکەن...
کۆچکردن واتە گواستنەوە لە ماڵی بێباوەڕییەوە بۆ ماڵی باوەڕ...
ئەگەر بمانەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەین ئەوا بریتییە لە...
گواستنەوە لە پیشەیەکەوە کە خوا لێی ڕازی نییە و سەرپێچییەکی ڕوون و
ئاشکرای تێدایە...
بۆ پیشەیەك کە خوای گەورە لێی ڕازییە...
هەروەها واز لە هاوڕێیەکی خراپ بێنیت کە خوا ڕازی نییە پێی
و گواستنەوە بۆ هاوڕێیەکی تری چاك و چاکەکار . کە خوا لێی ڕازییە.

ئەگەر بمانەوێ بڵێیس. ئایا مەشقە کرداریيەکانی کۆچکردن کامانەن؟
دەڵێین: کاتێك تۆ لە جێگایەکدایت، فیتنەی زۆر گەورەشی تێدایە.
ئەگەریشی هەیە وەستان و خۆڕاگریت لە بەردەمیاندا لاواز ببێت...
ئەوکات کۆچکردن دەخوازێ ئەو جێگایە جێبێڵی و بڕۆیت بۆ جێگایەکی تر...
لەوانەشە ئەو جێگا نوێیە کە بۆی دەچی داهاتی بژێوی کەم بێت.
بەڵام لەگەڵ خوای گەورەدا ئەمینی و ئارامییەکەی زیاترە...
ڕێنماییەکە ئەوەیە بڕۆیت بۆ ئەو جێگایە کە تیایدا نزیکتری لە خواوە...

تا تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانێکدا بکەیت کە نزیکت دەکەنەوە لە خوای گەورە...
دوور بکەویتەوە لە کەسانێ کە دوورت دەخەنەوە لە پەروەردگار...

پێغەمبەری ڕێزدار(ﷺ) ماڵەکەیی لە مەککە لە کاتێکدا جێهێشت کە بە دەگمەن خەڵکی لەو کاتەدا لە دەرەوە هاتوچۆ بکەن...
ڕۆیشت بەرەو ئەشکەوتی سەور...
سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە و ئەبوبەکری هاوەڵی لەگەڵدا بوو...
ئینجا ڕێنیشاندەرێکی شارەزای ڕێگاکەی بەکرێ گرت...
لە ڕاستیدا هەموو هۆکارەکانی گرتە بەر...
وەك بڵێی ئەو هۆکارانە هەمووشت بن...
کاتێك هاوەڵگەران لە سەروبەندی بەدواگەڕانیدا گەیشتنە ئەشکەوتی سەور...
ئا لەوێدا پێشەوامان ئەبوبەکری صدیق پێیوت: ئەی پێغەمبەری خوا...
ئەگەر یەکێك لەوان سەیری جێپێی خۆی بکات ئەوا دەمانبینێ...
پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی پێی: ئەی ئەبوبەکر..... تۆ چ گومانێك بەم دوو کەسە دەبەیت کە سێیەمیان خوایە؟
پێغەمبەری ڕێزدار(ﷺ) ئا لەو ساتەدا پشتی بەو هۆکارانە نەبەست کە گرتنیە بەر...
بەڵکوو بە تەواوەتی و بە ڕەهایی پشتی بە خوای بەتوانا بەست...
باوەڕداری ڕاستەقینە شوێنکەوتەی پێغەمبەر(ﷺ) دەبێ.
دێت کار بە هۆکارەکان دەکات وەك بڵێی هەموو شتێك بن...
پاشان دێت پشت بە خوای گەورە دەبەستێت وەك بڵێی هۆکارەکان هیچ بن..



دوو حەقیقەتی سەرەکی لێیەوە پێکەوە دەخەینە ڕوو...

یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ لە خاکێکدا بوو کە هێزی خراپەکاریی تیایدا ببنە بەربەست لەنێوان ئەو و نێوان ئەو داوایەی کە سروشتی پاك و خۆڕسك داوای لێ دەکات کە پەروەردگارەکەی بپەرستێ... ببنە ڕێگر لەنێوان ئەو و نێوان گوێگرتن بۆ دەنگی ژیریی بۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازی بەدیهێنەرەکەی...

ئەم مرۆڤەش ئەوەندە لاواز بێت نەتوانێ قەاعەت بەو هێزانە بکات کە وازی لێبێنن... نەشتوانێ بە ڕوویاندا بوەستێتەوە و ناچاریان بکات ڕازی بن پێی، ئایا ئەو کات چی بکات؟

ئایا لەپێناو کۆمەڵێ حەز و پاڵنەری زەوییەوە بەختەوەری هەتا هەتایی بدۆڕێنێ...

بەڵگەنەویستە کە تۆ هەر لە بنەڕەتەوە ئەو خاکەت خۆش دەوێ کە تیایدا لەدایك بوویت...

بەڵام ئەگەر ئەو خاکەی تیایدا لەدایك بوویت کۆمەڵە هێزێکی تێدا بێت ببنە بەربەست لەنێوان تۆ و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا... ئایا لەو حاڵەتەدا قوربانی بە کامیان دەدەیت؟

ئایا قوربانی دەدەیت بە گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە!

ئایا قوربانی دەدەیت بە بەهەشتێك کە پانتاییەکەی ئاسمانەکان و زەوییە!

نەخێر، بەڵکوو لەپێناو ڕزگاربوونی خۆت و ئایینەکەت قوربانی دەدەیت بەو خاکە.

ئەمەش پاڵنەر و بنەمای باوەڕی کۆچکردنە...

خوا لەگەڵماندایە

کاتێ دڵنیا دەبیت کە خوای گەورە زانایە و ئاگادارە... لێپرسینەوە دەکات و سزا دەدات...
ئیتر ناکرێ سەرپێچی بکەیت...
ئەگەر مرۆڤێك ئاگادار بکرێت کە هێڵی مۆبایلەکەی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە...
ئەوا کاتێك بیەوێت قسەی پێ بکات بە وریاییەوە قسە دەکات...
لێپێچینەوە لە خۆی دەکات لە هەر قسەیەکی کە دەیکات...
ئەگەر مرۆڤێك بزانێت کە جووڵە و هەڵسوکەوتی خراوەتە ژێر چاودێری...
ئەوا خۆی دەپارێزێ لەوەی بە ئاراستەیەکدا بڕوات بیخاتە جێگای گومانەوە...
کاتێك مرۆڤێك چاوی خستووەتە سەرت... ئەوا تۆ لەوپەڕی توندوتۆڵیدا جووڵەی خۆت کۆنترۆڵ دەکەیت...
ئەی ئەگەر ئەو کەسەی کە چاودێریت دەکات خوای تاك و تەنها بێت، دەبێت چۆن بیت!
هەر سەرپێچی و گوناهێك کە مرۆڤ ئەنجامی بدات بە دڵنیاییەوە کە بەهۆی هەستی لاوازییەتی لەوەی خوا چاودێریەتی...
مرۆڤ بە هەمیشەیی خوای گەڵدایە...
پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ الحديد: ٤
زانایانی تەفسیر وتوویانە: واتە بە زانستی خۆی لەگەڵتاندایە...
بەڵام ئەو لەگەڵبوونە لەگەڵبوونی سۆز و بەزەییە...
گەر بێتو کەسێك بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵتدا بێت... ئەوا تۆ لە پێستی خۆت دەردەچی و پێی دەڵێیت: وازم لێ بێنە...
بەڵام لەگەڵبوونی خوای پاك و بێگەرد لەگەڵمان لەگەڵبوونی سۆز و بەزەیی و جوانییە...

زانستی وا هەیە کە هەر دەبێ مرۆڤ فێری ببێت...
چونکە نەزانی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ... نەزانی وا هەیە سەری لە کوشتنەوە دەردەچێ...
جاری وا هەیە مرۆڤ سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت...
گڵۆپێکی سوور لەسەر تابلۆی زانیارییەکانی بەردەمی (دەشبوڵ) دادەگیرسێ...
ئەگەر وایزانی ئەو داگیرسانە بۆ جوانییە...
ئەوا مەکینەکەی دەسووتێ و سەفەرەکەی پەکی دەکەوێ.
لە هەمان کاتدا چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی پارەیەکی زۆری تێدەچێ...
بەڵام ئەگەر وایزانی کە ئەو داگیرساندنە بۆ هۆشداریدانە...
ئەوا ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستێنێ. ئینجا ڕۆن یان بەنزین دەکاتە مەکینەکەی...
بەمەش مەکینەکەی سەلامەت دەبێت و لە گەشتەکەی بەردەوام دەبێت...

زانیاری وەها هەن کە دەکرێ مرۆڤ بێنیاز بێت پێیان...
چونکە تەنها کەسانی پسپۆڕ پێویستییان پێیان هەیە...
لە ئایینیشدا... زانستی بانگەواز هەیە بۆ لای خوای گەورە کە بە فەرزی عەین دادەنرێ...
بانگەوازی واش هەیە کە فەرزی کیفایەیە...
بەڵام قووڵداچوون لە زانستدا و چوونە بنج و بناوان و خۆ یەکلاکردنەوە ئەوە فەرزی کیفایەیە...

(وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ) آل عمران: ١٠٤
ئەو پرسەش کە بانگەواز بکەیت بۆ لای خوای گەورە لە سنووری ئەو زانستەدا کە دەیزانیت و لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە دەیانناسی
ئەوە بەپێی فەرموودەی خوای گەورە فەرزی عەینە... کە دەفەرمویٚ:
(قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٨) یوسف: ١٠٨



مرۆڤێك لە کۆمەڵگایەکی شارستانیدا سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت...
ئەم مرۆڤە هاووڵاتییەکە لە هاووڵاتیان...
هیچ سیفەتێکی جیاوازی نییە جیای بکاتەوە لە کەسانی تر...
ئەم کەسە لە هێمای سووری هاتوچۆدا وەستاوە...
پۆلیسێکیش لە بەردەم ئەم هێمایەدایە و چاودێری دەکات...
پۆلیسێکیش لەسەر ماتۆڕیکە و بەدوایەوەیە...
ئەفسەری هاتوچۆش لە ئۆتۆمبێلێکدایە...
سەرپەرشتی دەکات...

لە باری وەهادا ئەقڵگیر نییە ئەم کەسە بدات لەم
هێما سوورە و تێیپەڕێنێ...
بەڵکوو هەر مەحاڵە شتی وا بکات!
چونکە تەواو دڵنیایە کە زانستی داڕێژەری یاسای
هاتوچۆ لە ڕێگای پۆلیسەوە...
دەستی پێی دەگات...
توانای هەیە دەستی بیگاتێ ئەوەش لە ڕێگای دەستبەسەراگرتنی
ئۆتۆمبێلەکەی و لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێری...
جا مادامێ دڵنیایت کە زانستی داڕێژەری یاسای هاتووچۆ دەستی پێت
دەگات... توانای هەیە لێپێچینەوەت لێ بکات...
ئەوا ناکرێ سەرپێچی بکەیت...
کەواتە لەو ساتەدا کە دڵنیایت زانستی خوای گەورە ئاگادارە بە سەرتەوە...
توانای ئەو زاتە دەستی پێت دەگات...
ئەوا ناکرێ سەرپێچی بکەیت...
خوای گەورە دەفەرموێ:
(ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنَهُنَّ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَحَاطَ بِكُلِّ شَىۡءٍ عِلۡمَۢا ﴿١٢﴾) **الطلاق: ١٢**

ئەدەبی بانگهێشت بۆ سەر سفرەی میوانداری

قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات **کە** ئەدەبی بانگهێشت بۆ سەر سفرەی خواردن بگرینە **بەر و** دەفەرموێ:

(فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ ﴿٢٦﴾) الذاريات: ٢٦

واتای (راغ) ئەوەیە کە: بە بێدەنگ پێچێکی لیدا...

مۆڵەتی لە میوانەکان نەخواست بە ئامادەکردنی خواردن...

چونکە میوان شەرم دەکات...

ئەگەر پێی بوتنایە کە دەچێت خواردنیان بۆ دێنێت ئەوا ڕەتیان دەکردەوە...

دەیانوت: ئێمە برسیمان نییە...

یەکێك لە جوانیی ئەدەبی میوانداریی...

ئەوەیە مۆڵەت لە میوان نەخوازرێ کە خواردنی بۆ ئامادە دەکرێ...

(فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ ﴿٦٩﴾) هود: ٦٩

(فَمَا لَبِثَ) ئامادەکردنی خواردنەکە زۆری پێنەچوو...

بەڵکوو خێرا ئامادە کرا...

خواردنێکی بەنرخ و دەوڵەمەندانە بوو...

گوێرەکەیەکی (حَنِيذٍ) واتە بەلەزەت بوو...

ئەمەش هەر جوانییەکی تری میوانداریە...

(فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيْهِمْ) واتە: نزیکی کردەوە لێیان...

چونکە هەندێک جار خواردن دوورە لە میوانەکەوە...

ئەویش شەرم دەکات بێتە پێشەوە تا دەستی بیگاتێ...

بۆیە پێویستە خواردنەکە نزیك بکرێتەوە لە میوانەکە...



گەر تۆ بەڕێوەبەری دامەزراوەیەك بیت، بێیت کارمەندێك دابمەزرێنی...
مەرجت بۆی ئەوەیە کە دەبێ ماوەی شەش مانگ لەژێر ئەزموون و تاقیکردنەوەدا بێت...
مەبەستی تۆ لەم ئەزموونە ئەوەیە هەڵەکانی دەستنیشان بکەیت...
جا ئەگەر هەڵەکانی ڕوو لە زیادبوون بوون...
ئەوا پۆزشی بۆ دێنیتەوە و داینامەزرێنی...
بەڵام ئەگەر بهاتایە کوڕەکەی خۆت کارمەند بوایە لە دامەزراوەکەدا...
ئەوا هەرکات هەڵەی بکردایە ئاگادارت دەکردەوە...
کەچی ئەوەی لەگەڵ کارمەندە نوێیەکەدا کردت... ئەوەبوو هەڵەکانیت دەستنیشان کرد...
بەڵام لەگەڵ کوڕەکەتدا... دەوری تۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بوو...
خوای گەورە بە بەزەیی و بەخشندەیە... ئەو پەروەردگاری جیهانییانە...
هەرکات بەندەکەی هەڵە بکات ئەوا تەمبێی دەکات...
تەمبێی دەکات بە ئامۆژگاریکردنی، یان بە ڕزق و بژێوییەکەی...
(وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ)
الأعراف: ٩٦
(وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾) الجن: ١٦

شیفابەخش تەنها خوای باڵادەستە

ئاماژەیەك لە قورئاندایە پەیوەندە بە ناوی خوای (شافی) شیفابەخشەوە...

خوای گەورە دەفەرموێ: (ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ ﴿٧٩﴾) الشعراء: ٧٨-٧٩

ئایەتی سێیەم بەپێی میانەکە: ئەم مانایە دەدات کە ئەگەر نەخۆشی خستم ئەوا هەر خۆی چاکم دەکاتەوە...

بەڵام مەسەلەکە وەها نییە، بەڵکوو خوای گەورە دەفەرموێ:

(وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾) الشعراء: ٨٠

چونکە هۆکاری نەخۆشی دەدرێتە پاڵ مرۆڤ نەك خوای باڵادەست...

واتە دروستکراوی خوا لەباری کەماڵی ڕەهادایە...

بەڵام هەڵەکانی مرۆڤ ئیتر هەڵەی تاکەکەسی بن...

یان هەڵەی گشتی بن کە پەیوەندن بەو سەردەم و حاڵەتەوە تیایدا دەژین...

واتە لە حاڵەتی ژاوەژاودا... لە حاڵەتی پیسبوونی ژینگە، یان لە حاڵەتی گۆڕینی دروستکراوی خوادا بێت...

چونکە زۆرینەی ژیانمان بە شێوازێکە کە گۆڕینی دروستکراوی خوای تێدایە...

لە ڕاستیدا ئەم هەڵانەن کە دەبنە هۆی نەخۆشییەکان



چاکترینی چاکەکان ئەوەیە
خوا بپەرستی هەروەك لە بەرچاوتدا بێت

عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:
((چاکترینی چاکەکان ئەوەیە وەها خوا بپەرستی وەك لەبەرچاوتدا بێت))
صەحیحی بوخاری

سەرنجی خۆت بدە ئەگەر میوانێك کە گەورەی قەومێك بێت سەردانت بکات... میوانێکی زۆر بەڕێز و
زانا بێت... دەستەڵاتدار بێت... سەرکەوتوو بێت... ڕەوشتبەرز بێت...
ئایا ئەقڵگیرە بێیت بە پۆشاکێکی پیس و شپرزەوە لە بەردەمیدا دابنیشی!
ئایا ئەقڵگیرە بێیت لە بەردەمیدا دابیشی و قاچ بحەیتە سەر قاچ...
ئایا ئەقڵگیرە لە بەردەمیدا دابنیشی و بێیت پەنجەکانی دەستت بتەقێنی!
ئایا ئەقڵگیرە قسەیەك بکەیت کە شیاوی ئەو میوانە نەبێت؟
تۆ کاتێك لە بەردەم گەورەی قەومێکدایت...
گوفتارت ڕێك دەخەیت... دانیشتنت ڕێکوپێك دەکەیت... پۆشاکەکانت ڕێك دەخەیت... جووڵە و هەڵسوکەوتت کۆنتڕۆڵ دەکەیت...
ئەی برایانی بەڕێز من پێتان دەڵێم:
کە باشترین حاڵەت لە حاڵەتەکانی باوەڕدار...
ئەوەیە هەست بکات کە خوای گەورەی لەگەڵدایە...
لەبەر ئەوە شەرم لە خوای گەورە بکەن، شەرمێك کە شایانی مەزنی ئەو بەدیهێنەرە بێت...

نەخۆشی یەکێکە لە هۆکارەکانی پەروەردەی مرۆڤ

دەکرا کە ئێمە نەخۆش نەکەوین...

ئەگەر خوای گەورە بۆ هەر ئامێرێك لە ئامێرەکانمان...

بۆ هەر پاچەیەك لە پارچەکانی جەستەمان...

کۆمەڵێ ئامێر و پارچەی یەدەکی زۆر زۆری بۆ دابناییێ...

بۆ نموونە مێز لە ماڵدا بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێ تا پەرداخێ ئاو، یان دەورییەکی خۆراکی لەسەر دابنرێ...

لەوانەشە کەسێکیش کە کێشی هەشتا کیلۆ بێت لەسەری بوەستێ و بەرگەشی بگرێ...

جا ئەگەر هەر پارچەیەك لە پارچەکانی جەستەی مرۆڤ ئەو یەدەکە زۆر گەورەیەی ببوایە..

ئەوا نەخۆشی بە یەکجاری نەدەما...

بەڵام خوای پاك و بێگەرد ویستوویەتی ئێمە نەخۆش بکەوین...

بۆ ئەوەی نەخۆشی ببێتە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی پەروەردەی مرۆڤ...

ئەمە فەزڵی پەروەردگارمە

ڕۆژێ لە ڕۆژان گەنجێکی پێگەیشتوو و خوێنگەرم و پەروەردەکراو وانەیەك دەڵێتەوە...

خەڵکیش لێی کۆ دەبنەوە و دەورەیان داوە و خۆشیانویستووە..

کەسێکی تری زانا... ئەو قەڵەباڵغی و چوون بۆ لای ئەم گەنجەی پێ ناخۆش بووە...

ئیتجا هاتووە بۆ لای و ویستوویەتی بچووکی بکاتەوە...



ئامادەی وانەکەی بووە... کاتێك گەنجەکە بابەتەکەی تەواو کردووە، زاناکە پرسیاری لەم گەنجە کردووە و پێیوتووە:

ئەی فلانە کەس.. ئەمەی تۆ وتت من بەمبیستووە... ئەوەش وەك بچووککردنەوەی ئەو گەنجە...

گەنجەکەش کەسێکی بەئەدەب و بەڕێز بووە... پێیوتووە: گەورەم ئایا جەنابت هەموو زانستت خوێندووە؟

جا ئەگەر بڵێ. بەڵێ، ئەوا سەرپێچی خوای گەورە دەکات...

(وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾) الإسراء: ٨٥

وتوویەتی: نەخێر...

پێیوتووە: چەندت خوێندووە لێی؟ وتوویەتی: بەشێکی...

گەنجەکە وتوویەتی: گەورەم ئەمەی جەنابت وتت لەسەر بابەتەکە لەو بەشەیەتی کە جەنابت نەتخوێندووە!

تۆش هەرگیز نەکەی و جارێکی تریش نەکەیت بڵێیت

(من)...

بەڵکوو بڵێ: (بە فەزڵی خوا).

پەروەردگارم توانای پێ بەخشیم ئەم بڕوانامەیە

وەربگرم...

خوای گەورەم توانای پێ بەخشیم ئەم ئیشە بە باشی

فێر ببم...

خوای گەورە توانای پێ بەخشیم ئەم گوتەیە

پێشکەش بکەم...

خوای گەورە توانای پێ بەخشیم

سەرکەوتوو بم لەم پرۆسەی

نەشتەرگەرییەدا...

پەروەردگاری پاك و بێگەرد

توانای پێ بەخشیم و پێبەخشیم و

پێبەخشیم و تا دوایی...



دەشێ ئوممەتی ئیسلامی خەوی لێ بکەوێ، بەڵام نامرێت

لە کاتی کۆچکردنی پێغەمبەری ڕێزداردا(ﷺ) سوراقە بەو تەماعە شوێنی کەوت کە پاداشتێك لە قورەیش وەربگرێ...

سەد وشتر بۆ ئەو کەسە کە بە زیندوویی، یان مردوویی دەیهێنێت بۆ قورەیش...



ئەوە بوو بە سوراقەی فەرموو: پێتچۆنە بازنەکانی کیسرا بکەیتە مەچەکت؟

ئەم کەسە لە کاتێکدا ئەم بەڵێنە دەدات، کە خوێنی حەلاڵ کراوە...

سەد وشتریش بۆ ئەو کەسەیە بە زیندوویی، یان مردوویی دەیهێنێت...

کەچی بە سوراقە دەفەرموێ: پێت چۆنە ئەگەر بازنەکانی کیسرا بکەیتە مەچەکت؟

واتە... بە دڵنیاییەوە کە من بە سەلامەتی دەگەمە مەدینە...

دەوڵەتیش دادەمەزرێنم... سوپایەکیش بونیات دەنێم کە جەنگی گەورەترین وڵاتی جیهانی پێ بکەم... دەوڵەتی فارس...

مەعلوم من سەردەکەوم... دەستکەوتە جەنگییەکانیش دێنە لام... سوراقە تۆش لەو دەستکەوتە جەنگیانەدا بازنەکانی کیسرا بۆ تۆیە...

ئایا ئێستە تۆش ڕادەی متمانەی پێغەمبەر(ﷺ) بە پەروەردگارەکەی دەبینیت؟

هەرگیز نەڵێیت: تەواو بووین...

ئێمە تەواو نەبووین... ئێمە ئوممەتێکین خەو دەمانباتەوە، بەڵام نامرین...

هەنووکە ئوممەتەکەمان بۆ ماوەیەکی کەم خەوی لێ کەوتووە... بەڵام هەرگیز نامرێت...

ئەمەش لە فەزڵی خوای گەورەیە بە سەرمانەوە...

(وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ)

النور: ٥٥

ئەم ئوممەتە لای پەروەردگار ئوممەتێکی ڕێزلێگیراوە...

(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) آل عمران: ١١٠

(كُنتُمْ) واتە واتان لێهات واتە بەهۆی ئەم پەیامەوە بوونەتە چاکترین ئوممەت...

ڕاستە کەمتەرخەمی هەیە . کەمتەرحەمی بۆ سەرخستنی ئەم ئایینە بوونی هەیە...

یەکێك لە گەورە فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا لە بەریتانیا کە ناوی میستەر جیبە...

دەڵێ: من هەرگیز باوەڕ ناکەم جیهانی ئیسلامی بتوانێت بگاتەوە بە خۆرئاوا...

بە لانیکەمەوە لەم ماوە نزیکەدا کە لە بەرچاودایە... ئەوەش بەو هۆیەوە کە دوورییەکی زۆر لەنێوانیاندایە...

بەڵام باوەڕی تەواوەتیم هەیە کە ڕۆژێ دێ سەراپای جیهان لە بەرپێی مسوڵمانانندا چۆك دادەدا...

ئەوەش بەهۆی بەهێزیانەوە نییە، بەڵکوو بەو هۆیەوەیە کە ئەم جیهانە بە ئیسلام ڕزگاری دەبێ...

چۆن ڕزگارمان ببێت لە کێشەکانمان؟

کۆمەڵە مەسەلەیەك هەن وا لە خەڵکی دەکەن نائومێد ببن و چۆك دابدەن...

چونکە هەموو بارودۆخەکان ئاماژە بە تونێلێکی تاریك دەدەن کە نازانین کۆتاییەکەی لە کوێیە...

کەواتە دید و بۆچوونت چییە... بەرەو کوێ دەچین؟

ئایا دوای ئەم تونێلە تاریکە چیتر هەیە؟

ئایا دەکرێ مۆمێکی هیوا لە دەروونی خەڵکیدا دابگرسێنین؟

وەرە پێیبڵێ: ئایا تۆ دڵئاسوودەی؟

جا ئەگەر دڵئاسوودەی و هیچ کێشەیەك لەماڵتدا نییە؟

نە کێشەی تەندروستی؟

نە کێشەی داهاتی دارایی؟

نە کێشەی کار؟

ئیتر نە بشڵەژێ و نە بگۆڕێ، چونکە خوای گەورە ئەو نیعمەتەی کە وای تیایدا نایگۆڕێ.

بەڵام ئەگەر کێشەیەکت هەیە...

هاوسەرگیریی... دارایی... تەندروستی... کۆمەڵایەتی...

ئەوا پێت دەڵێین: تۆ خۆت بگۆڕە تا خوای گەورە ئەو حاڵەتەی کە وای تیایدا بیگۆڕێ...

لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانت...

ئەم ئایینەت یەکەمجار لە دەروونی خۆتدا بەرپا کردبێت...

ئینجا لە ماڵەکەتدا...

پاشان لە کارەکەتدا...

خوای گەورەش ڕێزی لێ گرتوویت

کەواتە بێتاقەت مەبە...

مافی قورئانخوێندن

خوای گەورە دەفەرموێ:

(يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ)

البقرة: ١٢١

ئایا مافی قورئانخوێندن چییە؟

دەبێت قورئان بە شێوازێکی ڕاست و دروست و بەپێی ڕێساکانی زمان بخوێنرێ...

ئەگەر گونجا ئەوا باشتر وایە بەپێی حوکمە تەجویدییەکان بخوێنرێ.

ئینجا دەبێت لێی تێبگەین.

پاشان دەبێت تێڕامانی تێدا بکەین و ورد بینەوە لە ماناکانی...

ئایا جیاوازی چییە لەنێوان ئەوەدا کە تێیبگەین و نێوان ئەوەدا تێڕامانی تێدا بکەین؟

مانای لێی تێبگەین واتە... بەو جۆرە بێت کە خوای باڵادەست بەپێی زانستی ئوسوڵ دەیەوێ...

بەڵام تێڕامان واتە: ئایا من لە کوێی ئەم ئایەتەدام؟ ئایا جێبەجێی دەکەم لە ژیانی خۆمدا؟

چونکە باوەڕداری ڕاستەقینە کاتێك ئایەتێك لە پەڕاوەکەی خوادا دەخوێنێتەوە پرسیار لە خۆی دەکات:

ئایا من جێبەجێم کردووە؟

تێڕامان ئەمەیە...

جارێك پێغەمبەر(ﷺ) لە شوێنی ئیعتیكافی خۆیدا بوو...
خاتوو صەفیەی كچی حویێ(ﷺ) كە دایكی باوەڕداران بوو، سەردانی كرد
تا هەندێ پێویستی بۆ بێنێ...



ماوەیەك لەگەڵیدا دانیشت... پاشان
ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەكەی خۆی...
شەو بوو
پێغەمبەریش(ﷺ) ماوەیەك ڕۆیشت
لەگەڵیدا تا بە تەنیا نەبێت...
دوو پیاو لە پشتیوانان گەیشتن پێیان و كەوتنە
سەیركردنی پێغەمبەر(ﷺ) ، پاشان تێپەڕین، پێغەمبەریش(ﷺ)
فەرمووی پێیان: ((وەرەن ببینن ئەوە صەفیەی كچی حوییە))، ئەوانیش
وتیان: پاك و بێگەردی بۆ خوا ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش(ﷺ)
فەرمووی: ((لە ڕاستیدا هەروەك چۆن خوێن بە دەمارەكاندا هاتووچۆ
دەكات شەیتانیش ئاوەها دەچێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، منیش ترسام شتێك
بخاتە دەروونتانەوە)) صەحیحی بوخاری
بە جوانی بۆی ڕوون كردنەوە و ئاشكرای كرد...
لەبەر ئەوە وتوویانە: ڕوونكردنەوە شەیتان لە دڵ دەردەكات...
نموونەیەك: حیسابێكی پارە لەنێوان من و تۆدایە...
تۆیش كەسێكی تا ئەوپەڕی ئەمانەتپارێزی...
سەیرت كرد ئەو پارەیەی خەرجت كردووە یەكسانە بە تێچووەكان...
ئینجا بە من دەڵێی كە حیسابەكەت داخستووە...
ئایا بەڕاست حیسابەكە تەواو، هەر ئەوەندەو بەس؟ نەخێر... ئەوە بەس
نییە...
هەردەبێ حیسابەكە بێنیتە پێش و ڕوونی بكەیتەوە...

گوتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کە فەرمووی: (ئەوە صەفیە)یە بە هەزاران حاڵەتی تری لەمجۆرە هەڵدەگرێ...

نموونەیەکی تر: ئەگەر تۆ بتەوێت سەفەرێك بکەیت...

بێیت داوا لە برای هاوسەرەکەت بکەیت لە ماوەی نەبوونی تۆدا سەردانی حوشکەکەی بکات...

پێویستە دراوسێکانت ئاگادار بکەیت کە تۆ سەفەر دەکەیت و برای خێزانەکەشت سەردانی هاوسەرەکەت دەکات تا بزانێ پێویستیاتی چییە...

ئەمە بۆ ئەوەیە تا خەڵکی وا گومان نەبەن ئەو گەنجە... کەسێکی نامۆ و نەناسراوە و لە ئامادەنەبوونی تۆدا دێتە ماڵی تۆوە...

یاسا گشتییەکە ئەمەیە کە:

خۆت نەخەیتە بارێك تۆمەتت بۆ دروست بکرێ...

پاشانیش بێیت لۆمەی خەڵکی بکەیت گەر تاوانباریان کردی.



نزا و پاڕانەوە چەکی باوەڕدارە

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ البقرة: ١٨٦

نزا و پاڕانەوە چەکی باوەڕارە...
پاڕانەوە دەتکاتە بەهێزترین مرۆڤ...
کاتێك دەڵێی: ئەی پەروەردگار... ئەی خوای گەورە...
ئەوا تۆ داوا لە زاتێکی کامڵ و لە بەهێترین کەس دەکەیت...
دەستەڵاتی ڕەهای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا...
زانستەکەی ڕەهایە... توانای ڕەهایە...
بەزەییەکەی ڕەهایە... حیکمەت و داناییەکەی ڕەهایە...
تۆ داوای یارمەتی لە خوای باڵادەست دەکەیت...
جا دوژمنەکەت تا هەر ئاستێك بەهێز و گەورە بێت...
ئەوا خوای گەورە لەو بەهێزتر و گەورەترە...
باوەڕدار لە باری متمانەیەکی بێسنوور بە خوای خۆیدا دەژی کە نە مەزندە دەکرێ و نە وەسف دەکرێ...
چونکە داوای یارمەتی تەنها لە پەروەردگاری دەکات...
هەر ئەو هێزەت بەسە کە داوا لە خوا بکەیت...
جا ئەگەر دەتەوێ ببیتە بەهێزترین کەس...
ئەوا پشت بە خوای باڵادەست ببەستە...
ئەگەر دەتەوێ ببیتە دەوڵەمەندترین کەس...
با باوەڕ و ئومێد و متمانەت بەوەی کە لای خوای گەورەیە زۆر زیاتر بێت لەوەی کە لە دەستی خۆتدایە...
ئەگەر دەتەوێ ببیتە بەخشندەترین کەس...
لە خوا بترسە و پارێزگار بە...

نادیار (غیب) هەر لای خوایە

لەسەر ڕەویدا مرۆڤێك نییە غەیب بزانێ...
تەنانەت پێغەمبەریس(ﷺ)...
هەر کەسێك ئیدیعا بکات و بڵێ گوایا غەب دەزانێ...
پێت بڵێ: دوای بیست ساڵ ئەوە و ئەوە ڕوودەدات.
ئەوە درۆ و دەلەسە و فاڵچییەتی و بوهتان دەکات...
جا ئەگەر سەرداری دروستکراوان...
خۆشەویستی خوای گەورە...
موحەممەد(ﷺ).. عەیب نەزانێ...
ئایا ئیتر لەسەر ڕووی زەوی کەسێکی تر هەیە بتوانێ بڵێ گوایا غەیب دەزانێ!

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ:
((هەر کەس بچێتە لای جادووگەرێک، یان فاڵچییەك، بڕوای پێ بکات لەوەی کە دەیڵێ، ئەوا بێباوەڕە بەوەی کە هاتووەتە خوارەوە بۆ موحەممەد)) موسنەدی ئەحمەد،
فەرموودەیەکی ڕاستە

هەروەها دەفەرموێ(ﷺ) :
((هەر کەس بچێتە لای فاڵچییەك
و پرسیاری شتێکی لێبکات،
ئەوا نوێژی چل شەوی لێ
وەرناگیرێ)) صەحیحی موسلیم

(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ) البقرة: ١٨٦
لەم ئایەتەدا وشەی (قُل) نەهاتووە
واتە هیچ نێوەندێك لەنێوان بەندە و پەروەردگارەكەیدا بوونی نییە.
كەسی وا هەیە دەڵێ: ئەی شێخ... لای خوا داوام بۆ بكە!
ئێمەش پێیدەڵێین: داوا لەنێوان تۆ و پەروەردگارتدا ڕاستەوخۆیە...
داوا و پەناپێگرتن بە جێگر و نوێەر و ناوبژیكەر نییە...
(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ)
واتە: من لەگەڵیاندام... من گوێبیستی دەنگیانم...
جووڵە و هەڵسوكەوتیان دەبینم...
من ئاگادارم بەوەی لە دڵیاندایە...
من لە دەماری خوێنبەری لاملیان نزیكترم لێیانەوە...
هەركات گوفتاریان كرد... خوای گەورە بیسەرە...
هەركات جووڵانەوە... خوای گەورە ئاگادارە بە سەریاندا...
هیچی لێ وننابێت...
زانایە بەوەی ڕوویداوە... زانایە بەوەی ئێستە ڕوودەدات...
زانایە بەوەش كە لە ئاییندەدا ڕوودەدات...
زانایە بەوەی ڕووینەداوە و ئەگەر ڕوویبدایە دەزانێ چۆن ڕوویدەدا...
خوای باڵادەست... **هیچ شتێكی ئەم بوونەوەرەی لێ وننابێت**

(ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾) الأعراف: ٥٥

ئەوە زۆر مەحاڵە دەستدرێژی بکەیتە سەر دروستکراوانی خوای گەورە و پاشان بڵێیت:

ئەی پەروەردگارم دۆعام گیرا بکە...

تۆ تا نەبیتە کەسێکی چاکەکار، ناتوانیت بێیت داوای شتێك لە خوای گەورە بکەیت...

(وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾) الأعراف: ٥٦

چونکە ئەو کەسەی سەرپێچییەکی شەرعی ئەنجام دەدات...

یان ماڵێکی حەرام دەخوات. .

یان لە پەرستشەکاندا کەمتەرخەمی بکات...

ئەوا ئەم کەسە ناتوانێت داوا لە خوا بکات

ئەگەر هاتوو پاڕایەوە ئەوا داوا و پاڕانەوەکەی شتێکی سەرزارەکییە و هەر زمانە...

ئەمە لە حاڵێکدا گەر بەربەستێك لەنێوان دڵی ئەو و پەروەردگاریدا هەبێت...

گەورەترین سزایش کە سزای مرۆڤی پێ بدرێ...

ئەوەیە دڵی لە ئاست خوای گەورەدا دڵێکی داخراو بێت...

ئەو شتە هەڵبژێرە کە هەمیشەیی و نەبڕاوەیە

ئەو شتەم پێبڵێ پێی دڵخۆشی تا پێت بڵێم کە تۆ کێیت...
ئەگەر مرۆڤێك بە شتێکی کتوپڕ و دوابڕاو و کۆتاییهاتوو دڵخۆش بوو...
ئەوا کەسێکە کە بیرکردنەوەی زۆر سنووردارە...
ئەگەر مرۆڤێکیش دڵخۆش بوو بە شتێکی جێگیر و هەمیشەیی...
ئەوا کارێکی چاك و ڕاست و دروستی کردووە...
ئەگەر مرۆڤ سەرپشك بکرێ لەنێوان دەستخستنی پاسکیلێك کە موڵکی خۆی بێت...
یان بۆ کاتژمێرێك سواری ئۆتۆمبیلێکی ئاخرمۆدیل ببێ!
ئەوا مەعلومە کە پاسکیلەکە باشترە، چونکە بەردەوام و هەمیشەییە...
ئەی چۆنە ئەگەر سەرپشك بکرێ لەنێوان ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆ خۆی هەبێ...
یان تەنها بۆ یەك کاتژمێر سواری ببێ؟ وەڵامەکە مەعلومە...
ئەی ئەوە چۆنە گەر سەرپشك بکرێ لەنێوان سواربوونی پاسکیلێك بۆ کاتژمێرێك...
یان ببێتە خاوەنی ئۆتۆمبیلێکی ئاخرمۆدێل؟
(وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ ﴿٤﴾) الضحى: ٤
(وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ) الشورى: ٣٦
کاتێ کەسێك دنیای دوابڕاو و سنووردار هەڵدەبژێرێ...
هاوکات کەم تەماعە بە قیامەتێکی
هەمیشەیی و بەرفراوان...
ئەو کەسە کەسێکی نەفام و گەوجە...
شایستەی تووڕەبوونی خوای گەورەیە...
چونکە شتە کەمنرخ و کەم بایەخ و
نزمەکەی هەڵبژاردووە و شتە باڵا و
بەبەهاکەی واز لێ هێناوە...
ژیانی دنیای هەڵبژاردووە... نەهاتووە ژیانی
باڵا و پڕ بەهای قیامەت هەڵبژێرێ...

دڵ شوێنی بەختەوەرییە

مرۆڤ تەنها بە دڵی بەختەوەر دەبێ. هەر بە دڵیشی ناڕەحەت و سەغڵەت دەبێ...

دەکرێ ئەو کەسە لە مەغارێکدا بێت، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ)...

دەکرێ لەناو ئاگردا بێت هەروەك گەورەمان ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت)...

دەگونجێ لە شوێنێکی زۆر سادە و خاکیشدا بێت...

دەکرێ لە ئەشکەوتێکدا بێت...

ئەو بەڕێزانە لەو شوێنە زۆر ناڕەحەتانەدا لە باشترین حاڵەتی بەختەوەریدا بوون، چونکە لەگەڵ پەروەردگاریان بوون...

دەکرێ مرۆڤ لە کۆشکێکی ڕازاوەدا بێت...

لەنێو ناز و نیعمەتێکی خەیاڵئامێزدا بێت...

لە باری هێزەوە لەوپەڕی تواناداا بێت...

لە تەندروستییەکی زۆر باشدا بێت...

کەچی دەڵێ: من بەدبەختترینی خەڵکیم...

ئەمە بۆچی چونکە:

(وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾)

طه: ١٢٤



گەورەترین سزا!

لەسەر زەویدا سزایەك نابینم کە تووشی مرۆڤ ببێت..
لە سزای دابڕانی مرۆڤ لە خوای گەورە بەئێش و
ئازارتر بێت...
(كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾) المطففين: ١٥
ئەو کەسە لە ڕێ لادەر و ستەمکار و دەستدرێژکار و
ملهوڕە...
کە ئازاری بەندەکانی خوای گەورە دەدات...
کە شکۆمەندیی خۆی لەسەر ئێسك و جەستەی خەڵکی
بونیات دەنێ...
هێزی خۆی لەسەر لاوازیی ئەوان دروست دەکات...
ژیانی خۆی لەسەر مردنی ئەوان ڕادەگرێ...
دەوڵەمەندیی خۆی لەسەر هەژاریی و کەمدەستی
ئەوان دادەمەزرێنێ...
سەربەرزیی خۆی لەسەر زەلیلکردنی ئەوان بەرپا
دەکات...
ئەو کەسە لەناو بازنەی تووڕەیی خوای گەورەدایە...
لەناو حەشم و قینی خوادایە...
بەر نەفرەتی خوای گەورە دەکەوێ...
پەروەردگاری باڵادەست ئەم کەسەی خۆش ناوێت...
کەواتە ئەگەر خوا خۆشیویستی... ئەوا هەمووشت
خۆشی دەوێی...
ئەگەر مرۆڤیش کەوتە ناو کارێکەوە کە مایەی
ڕازیبوونی خوا نەبێت...
ئەوا هەست بە ساردی و تەنیایی و تاڵیی دەکات...
هەست بە ونبوون و داڕووخان و نائومێدیی دەکات...



ئەگەر خوای گەورە خۆشیویستی

ئەگەر خوای گەورە خۆشیویستی...
ئەوا ئەو خۆشویستنە بە لووتکەی سەرکەوتن دادەنرێ...
ئەگەر گەیشتیتە لای خوای گەورە...
ئەوا گەیشتوویت بە هەموو شت
ئەگەر خوا خۆشیویستی...
هەموو بەدیهێنراوەکان خۆشیان دەوێیت...
ئەگەر خوا خۆشیویستی...
سەرت دەخات و پشتگیریت لێ دەکات و سەرکەوتووت دەکات...

ئارامیی دەروونی دەخاتە دڵتەوە..
ئارامیی دەروونیش لە هەرە
خۆشەویستترینی ئامانجەکانی زۆرینەی
مرۆڤەکانە...
ئەگەر خوا خۆشیویستی ئەوا حیکمەت و دانایت
پێ دەبەخشێ...
ئەگەر ئەو راتە خۆشیویستی ڕەزامەندی خۆی
دەڕێژێ بە سەرتدا...
ئەگەر خوا خۆشیویستی پارێزگاریت لێ
دەکات...
ئەگەر خوا خۆشیویستی
دوژمنەکانت خزمەتکاریت
دەکەن...
پێچەوانەکەشی ڕاستە..
ئەگەر هاتوو مرۆڤ کەوتە ناو بازنەی تووڕەیی خوای گەورەوە...
دوورکەوتەوە لە خۆشەویستییەکەی...

ئەوا ناسامەی خۆی ون دەکات... ئارامیی دەروونی لەدەست دەدات...
سەقامگیریی لەکیس دەچێت...
ئەو کات هەست بە داڕووخان و نائومێدی و سەغڵەتی دەکات...
هاوسەنگی جووڵە و هەڵسوکەوتی خۆی لە دەست دەدات و بە هەڕەمەکی
و بەبێ ئامانج دەسووڕێتەوە...
نیعمەتی ئارامی نامێنێ... نیعمەتی تەوفیق ون دەکات...
ئینجا نیعمەتی پشتگیریی و نیعمەتی سەرکەوتن لە دەست دەدات...
دواجاریش نیعمەتی بەختەوەریی دەروونی و ڕازیبوون و قەناعەتی
نامێنێ...

ترس لە گوناه و تاوان

دوو وشە هەن سێیەمێکیان نییە...
هەموو جۆرەکانی یەکتاپەرستیی لە خۆیاندا کۆ دەکەنەوە...
((با مرۆڤ جگە لە گوناهی خۆی لە هیچیتر نەترسێ))
لە کەسی بەهێز نەترسی، چونکە بەهێز ژێرباری خوایە.
لە ملهوڕ نەترسی، چونکە ئەو زەلیلی بەردەستی خوایە...
لە کەمبارانی نەترسی، چونکە ئەوە بە دەستی خوایە...
لە بێگوێی منداڵانت نەترسی... ئەوان بە دەستی خوای گەورەن...
لە ناچیزەیی هاوسەرکەت نەترسی، چونکە ئەو بە دەستی پەروەردگارە.
لە ستەمی هاوبەشەکەت نەترسی، چونکە ئەو ژێردەستی خوایە...
کەواتە: ((با مرۆڤ تەنها لە گوناهی خۆی بترسێ... تەنها هاوار بۆ لای خوای گەورە ببات))

گوناهەکانت کەم بکەرەوە، چونکە ئەوە گوناهەکانتە بووبەتە هۆی ئەو هەموو کێشە و گرفتە بۆت.

دوو وشەی ئاسان و سووك لەسەر زمان، بەڵام هەریەکەیان بە چەندین جار لە کێوەکان قورسترن...
ئەوانیش ئەمانەن: هەرکەس سڵ لە خوای گەورە بکاتەوە... هەموو شت سڵی لێ دەکاتەوە...

هەرکەسیش سڵ لە خوا نەکاتەوە...
خوای گەورە بە هەموو شتەکان دەیترسێنێ...



دنیا فریودەرە، زیانگەیەنەرە و تێدەپەڕێ

ئایا چ شتێك لە دواڕۆژدا سوودمان پێ دەگەیەنێ؟
کردەوەی چاك... گوێڕایەڵی خوای گەورە...
خوێندنی قورئانی پیرۆز...
بانگەواز بۆ لای پەروەردگار... پەروەردەکردنی
منداڵان... بەخشین
ئا ئەمانە و هیتریش... لەگەڵماندا دێنە ناو گۆڕ
کاتێ فریشتەی گیانکێشان دێت بۆ لای مرۆڤ، مرۆڤ پێی دەڵێ:
(قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ۝ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ) المؤمنون: ٩٩-١٠٠
پاڵەوانێتی ئەوەیە پەشیمان نەبی...
بەڵام ئەوە کەی دەبێ؟
ئەوە کاتێکە کار بۆ قیامەتت بکەیت...
چ کاتیش پەشیمان دەبی؟
کاتێك دنیاکەت سەرقاڵت دەکات لەوەی خەمی قیامەتت بخۆیت... بە
دڵنیاییەوە کە دنیا زیانگەیەنەر و فریودەرە و دەگوزەرێ
(يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ
ٱلْغَرُورُ ۝) فاطر: ٥
ئایا دنیا چۆن دەتخەڵەتێنێ؟
کاتێك گومانت وابێ کە قەبارەی گەورەترە لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی...
لە سەرەتای تەمەنتدا بەو قەبارە گەورەیە دەیبینی...
دوای ماوەیەك بۆت دەردەکەوێ کە قەبارەی لەو قەبارەیە کەمترە...
بەڵام کاتێك دنیا جێدەهێڵی... ئەو کات وادەبینی کە دنیا هیچ نییە...
جگە لە خوا کەسی تر نابینی...
ئازایەتی ئەوەیە کاتێك لە سەرتای تەمەنتدایت دید و بۆچوونت بۆ دنیا
ڕاست بکەیتەوە...
بۆ ئەوەی کردەوەت ڕاست و دروست بێت...

پەرستشە ڕەفتارییەکان

پەرستشە ڕەفتارییەکان بەمای ڕەسەنن لە ژیانی باوەڕداردا
ئەگەر ڕەوشتت ئیسلامی نەبێت...
بەرز نابیتەوە بۆ ئاستی باوەڕداران...
ئەگەر خۆت نەڕازاندبێتەوە بە خاکیبوون... بە خۆشەویستی...
و بەزەیی و ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزیی و بەخشندەیی و بەخشین و
لێبووردەیی... بەرمونیانی و لەسەرخۆیی...
ئەوا بەرز نابیتەوە بۆ ئاستی باوەڕداران...
بەڵام نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات...
ئەمانە پەرستشی سرووتین...
لە ڕاستیدا... گەر پەرستشە ڕەفتارییەکان ڕاست و دروست نەبن...
ئەوا پەرستشە سرووتییەکانیش بێبەرهەم دەبن...

لەبەر ئەوە زانایەك دەڵێ:
دەستهەڵگرتن لە خواردنی پەنجا دیناری حەرام...
چاکترە لە هەشتا حەجی دوای حەجی فەرز...



خوای بەدەستەڵات زاتێکی بەشەرمە...
شەرمیش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خوای گەورە...
یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی...
ئەو لە زاتی خۆی و لە سیفەتەکانیدا بەشەرمە...
ئێمەشی لەسەر شەرم و حەیا بەدی هێناوە...
جا ئەگەر مرۆڤ کەسێکی چەقاوەسوو و بێئابڕوو بێت...
ئەوا هەر لەبەرچاو خودی خۆیدا دادەڕووخێ...
بە دەستەواژەی سەردەمیش...
مرۆڤ ئەگەر بێئابڕوو بێت، ئەوا لە ناخی خۆیدا دادەڕووخێت...
زمانپیس و گوتە ڕەق بێت...
بەڵام کاتێ مرۆڤ ئاشتە لەگەڵ پەروەردگاریدا...
ئەوکات ئاشتە لەگەڵ سروشتی پاکدا و دەحەوێتەوە...
ئەم حەوانەوەیە بە جۆرێکە وەسف ناکرێ...
مرۆڤیش کاتێ تەوبە دەکات...
هەست دەکات کە دڵ و دەروون و جەستەی سووك دەبێت...



وەك بڵێی کێوەکان لەسەر سنگی لاچوون...
چونکە تەبا و گونجاوە لەگەڵ سروشتی پاکیدا...
تەواو وەك ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز و گرانبەها و نوێترین جۆر وایە...
ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ ڕێگای قیر دروست کراوە...
لەسەر ڕێگای قیر نەبێت تایبەتمەندییەکانی تاقی ناکرێنەوە...
ئاسان ڕێ دەکات... دەنگی نزمە... خێرایە لە ڕۆیشتندا...
بەڵام ئەگەر بە ڕێگایەکی سەختدا کە پڕ بێت لە چاڵوچۆڵی و تاشەبەرد لێی بخوڕی...
ئەوا تێکدەشکێ!

ئەگەر کێشی مرۆڤ لەسەر زەوی شەست کیلۆگرام بێت...
ئەوا کێشی لەسەر مانگ دە کیلۆگرامە...
بەڵام کێشی لەسەر ئەستێرەیەك کە بە قەبارەی خۆر بێت لەوانەیە ملیۆن ئەوەندە بێت...
ئایا کێ زەوی بەو شێوەیە دروست کردووە کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی دروستبوونمان؟
ئەمە لە نیعمەتەکانی خوای گەورەیە کە ئێمە لەسەر ئەستێرەیەکین گونجاوە لەگەڵمان...

کەواتە ئەو بەدیهێنەرە کێیە ئەم زەوییەی وەها داناوە کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییەکانمان؟
ئەوە هەر زاتی خوای تاك و تەنهایە.





سروشتی پاکی مرۆڤ تەبایە لەگەڵ ڕێبازی خوای گەورە

خوای گەورە فەرمانی بە کردنی هەر شتێك پێ دابێ ئەوا بە دڵنیاییەوە کە سروشتی خۆڕسك و جۆری بەدیهاتنت ئاسوودەیە پێی...

ڕێگیریشی لە کردنی هەر شتێ لێ کردبێت، ئەوا بە حەتمی کە سروشتی خۆڕسك و بەدیهاتنت دوور دەکەوێتەوە لێی...

لەبەر ئەوە ئەو کارە باشانە کە بەهایان خراوەتە ناو سروشتی پاکی مرۆڤەوە... کاری چاکن...

ئەو شتەیش کە سروشتی ساغ و سەلیم ڕەتی دەکاتەوە... کارێکی خراپە...

ئێمەش بەڵگە بە هەردوو وشەی (چاکە) و (خراپە) دەهێنینەوە...

بە دڵنیاییەوە کە شەرعی خوا بە تەباییەکی تەواو تەبا گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا...

خوای گەورە دەفەرموێ: (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا) الروم: ٣٠

چونکە فەرمانی ڕرووکردنە ئایینی پاك و بێگەرد مەسەلەیەکە دەچەسپێ لەگەڵ سروشتی پاکدا...

تەواوکەری ئایەتەکەش دەفەرموێ:

(فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ) الروم: ٣٠

واتە ڕوو بکەیتە ئەو ئایینە پاك و بێگەردە...

ئا ئەمەیە ئایینی خوای گەورە کە خەڵکی لەسەری بەدی هێناوە...

هیچ گۆڕانێکیش لە بەدیهێنراوی خوای گەورەدا ناکرێ...

هەوا چینێکە لەسەر زەویدا...
ئەستووریی ئەم چینە ٦٥ هەزار کیلۆمەتره.
کێ هەوای دروست کردووه؟
کێ ئەو یاسایەی دا ڕێژاوە کە هەوا لەگەڵ زەویدا بجووڵێتەوە؟
ئەگەر بهاتایە جووڵەی هەوا جیا بوایە لە جووڵەی زەوی، ئایا چی ڕوویدەدا؟
ئەوا لەسەر ڕووی زەوی تەوژمی با و گەردەلوول ڕوویان دەدا، کە
خێراییەکەیان ١٦٠٠ کیلۆمەتر بوایە لە کاتژمێرێکدا...
جارێکیان ڕەشەبا و گەردەلوولێک دای بەسەر شارێکدا...
خانووەکانی ڕووخاند... دیوارەکان کەوتن... قەڵا و حەوشەکان وێران بوون...
ئەمە لە کاتێکدا کە خێرایی ڕەشەباکە تەنها ١٢٥ کلم بوو لە کاتژمێرێکدا...
بێنەرە خەیاڵی خۆت کە ئەگەر خێرایی ڕەشەباکە ١٦٠٠ کلم بوایە لە کاتژمێرێکدا...
بێگومان کە شتێك لەسەر ڕووی زەوی نەدەما...
ئەی ئەگەر هەوا جێگیر بوایە و زەویش بسووڕایەتەوە چی دەبوو...کێ یاسای
دا ڕشتووە کە دەبێ هەوا لەگەڵ زەویدا بسووڕێتەوە؟
(قُلْ سِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ) العنكبوت: ٢٠
خوای گەورە نەیفەرمووە (علی الأرض) واتە لەسەر زەوی...
چونکە هەوا لەگەڵ زەویدایە...
کەواتە تۆ بەناو زەویدا دەڕۆیت، نەك لەسەر زەوی...
چونکە هەوا لەگەڵ زەویدا هەژمار کراوە...
جا ئەگەر هەوا جێگیر نەبوایە لەگەڵ زەویدا...
ئەوا هەموو شت لەسەر زەوی وێران دەبوو...

دووڕوو کەسێکە لەسەر حیسابی ئایینەکەی
هەموو خەڵکی ڕازی دەکات



باوەڕدار تەنها لە خوای گەورە دەترسێ... باکی بە قسەی خەڵکی نییە.
ڕازیکردنی خەڵکیش ئامانجێکە هەرگیز مرۆڤ نایگاتێ...
هەرکەسیش هەموو خەڵکی ڕازی بکات ئەوە دووڕووە...
هەندێک جار هەندێ کەس گوێڕایەڵیی پەروەردگاریان دەکەن بە قوربانی ڕازیکردنی خەڵکی...
بە خەیاڵی خۆیان تا پارێزگاری لە شۆرەتیان بکەن لەناو خەڵکیدا...
ئەمەش هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە...
ئەگەر تۆ جگە لە خوا شەرم لە کەسی تر نەکەیت...
ئەو کارەش کە دەیکەیت ڕاست و دروست بێت و بەپێی ڕێبازی خوا بێت...
مەبەستیشت بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بێت...
ئەوا چی دەکەیت بیکە
باکت بە قسەی خەڵکی نەبێت.

کاریگەریی سووڕانەوەی زەوی لە ژیانی مرۆڤدا

ئەگەر بهاتایە خێرایی زەوی لە کاتی سووڕانەوەیدا زۆر زۆر خێرا بوایە...
ئەوا ماوەی شەو یەك کاتژمێر و ڕۆژیش یەك کاتژمێر دەبوو...
بەم پێیەش ژیان تێك دەچوو...
ئەگەر خێرایی زەوی لە کاتی سووڕانەوەیدا زۆر زۆر خاو بوایە...
ئەوا ماوەی شەو یەك مانگ و ڕۆژیش یەك مانگ دەبوو..
ئەو کات ژیان تێك دەچوو...
(إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾) القمر: ٤٩
پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتە کە هەموو شتێك لای ئەو بە ڕادەی دیاریکراوی خۆیەتی...

هەموو توخمەكانی بوونەوەر بە یاسای توانەوە كۆنترۆڵ كراون...
چونكە هەر كات پلەی گەرما بەرز بێتەوە، خێرایی گەردیلەكان زیاتر دەبێ...
ئەو كات جەستە، یان توخم شێوەیەكی تر وەردەگرێت...
لە باری ڕەقییەوە... بۆ باری لینجیی... بۆ باری ئاویی... بۆ باری هەڵم...
ئەگەر پلەی گەرمای هەر ماددەیەك بەرز بكرێتەوە...
ئەوا لە باری ڕەقییەوە دەگۆڕدرێ بۆ باری ئاوی... بۆ باری هەڵم...
تەنانەت تاشەبەردەكانی (بازلیت) كەلەگركانەكاندا دەیانبینیت وەك ڕووبارە ڕۆن...
ئەگەر پلەی گەرما زیاتر بەرز بكرێتەوە، ئەوا دەبنە هەڵم...
ئەمەش یاسایە...
جا ئەگەر هەموو توخمەكانی بوونەوەر یەك پلەی توانەوەیان هەبوایە
ئەوا تەواوی بوونەوەر، یان لە باری ڕەقیی، یان ئاویی، یان گازیدا دەبوو...
بەڵام تۆ دەبینی كە مێز ڕەقە...
كورسیی دانیشتن دەبینی نەرم و شلە...
ئاو هەیە كە دەیخۆیتەوە...
هەوا هەیە كە هەڵیدەمژی...
ئەگەر ئەم جیاوازییانە لە پلەی توانەوەدا نەبوایە...
ئەوا هەموو بوونەوەر لە یەك باردا دەبوو...
كەواتە كێ ئەو یاسای داناوە كە هەر توخمێك لە زەویدا پلەیەكی توانەوەی
تایبەت بە خۆی هەبێت؟
پاك و بێگەردی بۆ جوانترین و چاكترین بەدیهێنەر

وتراوە:

دادپەروەریی جوانە... بەس لە فەرمانڕەواکاندا جوانترە...

شەرم جوانە... بەس لە ئافرەتاندا جوانترە...

سەخاوەت جوانە... بەس لە دەوڵەمەنداندا جوانترە...

ئارامگرتن جوانە... بەس لە هەژاراندا جوانترە..

تەوبەکردن جوانە... بەس لە لاواندا جوانترە...

چاکترین شتێك کە پێویستە گەنج پابەند بێت پێیەوە... تەوبەیە...

چاکترین شتێك کە پێویستە ئافرەت پابەند بێت پێیەوە... شەرم و حەیایە...

باشترین شتێك کە پێویستە لە دەوڵەمەندا بوونی هەبێت... سەرخاوەتمەندییە...

باشترین شتێك کە پێویستە لە هەژاردا هەبێت... ئارامگرتنە...

باشترین شتێك کە پێویستە لە فەرمانڕەوادا هەبێت... دادپەروەرییە...

دە تۆش خوای گەورە بپەرستە لەو شتەدا بۆی داناویت

دەکرێ ئەمەش ناوبنرێ بە:

خواپەرستی ناسنامە.

هەرکەس بێدەنگ بێت لە وتنی ڕاستی شەیتانی لاڵە



پیاهەڵدان بۆ کوڕی یەکێك لە جێنشینان
لەبەردەم گەورە پیاوانی قەومێکدا کرا...
هەرکەس لەوێ دانیشتبوو هات بە شان و
باڵی ئەو کوڕەدا...
ئەمە لە کاتێکدا ئەو کوڕە لە ئاست باوکیدا
نەبوو...
سەرە هاتە سەر ئەحنەفی کوڕی قەیس...
ئەویش بێدەنگی هەڵبژارد...
جێنشینەکە پێیوت: قسە بکە...
ئەحنەف وتی: ئەگەر درۆتان بۆ بکەم من لە خوا
دەترسم...
ئەگەر ڕاستیشتان پێبڵێم لە ئێوە دەترسم...
ئەمەش ئاماژەیەك بوو کە زۆر مانادارتر بوو لە وتنی ڕاستیی بە
ڕاشکاوانە...
هەندێک جار وشە... هەقێکی پێ جێگیر دەکرێ، یان ناڕەوایەکی پێ
پووچەڵ دەکرێتەوە...
بۆیە پێویستە تۆش بزانیت کە شەرم بەو مانایە نییە بێدەنگ بیت لە
بەجێگەیاندنی پەیامەکەمان...
یان بێدەنگبین لە وتنی ڕاستی...

چونکە هەرکەس بێدەنگ بێت لە وتنی هەق و ڕاستی شەیتانی لاڵە...

ئەگەر دەتەوێت بە کەماڵی خوای گەورە لە خوای گەورە نزیك بیتەوە..
پێویستە شەرم نەتگرێ لە ئاست وتنی ڕاستیدا...
ئەگەر لە وتنی ڕاستیدا کەسێکی شەرمن بووی، ئەوە شەرم و حەیا نییە
بەڵکوو ئەوە شەرمنییە...
شەرمنیش خاڵێکی عەیبەیە لە مرۆڤدا...
خوای گەورە شەرم ناکات لە ڕاستی...
خۆت ڕابێنە بەجورئەت بیت لە وتنی ڕاستیدا...
بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵە کەسێك لای نەخۆشێك زۆر دانیشتن...
هیچ عەیب و سەغڵەتیی نییە بڵێیت: فەرموون با بڕۆین براکەمان جێبێڵین
تا بحەوێتەوە...
(وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ) الأحزاب: ٥٣

جارێکیان عومەری کوڕی خەتتاب(ﷺ) بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت...
کۆمەڵە منداڵێك کە سەرقاڵی یاریکردن بوون چاویان پێی کەوت...
عومەریش کەسێکی بەهەیبەت و سامدار بوو...
هەموو خێرا بڵاوەیان لێ کرد جگە لە یەکێکیان کە لە جێگاکەی خۆی بە
ئەدەبێکەوە مایەوە...
ئەم منداڵە سەرنجی عومەری ڕاکێشا...
ئەو منداڵەش عەبدوڵڵا کوڕی زوبەیر بوو.
عومەر پێیوت: بۆ لەگەڵ منداڵەکاندا ڕاتنەکرد؟
عەبدوڵڵا پێیوت: ئەی پێشەوا تۆ ستەمکار نیت تا لە ستەمت بترسم...
تاوانباریش نیم تا لە سزات بترسم...
ڕێگاکەش ئەوەندە بەرتەسك نییە تا بچمە لاوە و ڕێگات بۆ بکەمەوە...

نموونەیەکی تر: کچە برازایەك بە پۆشاکی ئابڕووبەرەوە دێتە لای مامی...
ئەو مامیەتی... کەچی شەرم دەیگرێ لەوەی بێت ئامۆژگاری بکات!
براکەم نەخێر وامەبە...
بەڵکوو ئەرکی سەرشانتە ئامۆژگاری بکەیت.
پێی بڵێ: تۆ وەك کچەکەم وایت...
ئەم پۆشاکە نە شیاوی تۆیە و نە شیاوی باوکت و نە ماڵباتەکەتە...
خوای گەورە لە باسی حاڵی ئوممەتە لەناوچووەکاندا دەفەرموێ:
(كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٩﴾) المائدة: ٧٩

تەمیمی کوڕی ئەوسی داری دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:
((ئایین ئامۆژگاریی و دڵسۆزییە)) سێ جار دووبارەی کردەوە
وتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟
فەرمووی: ((بۆ خوا و بۆ پەڕاوەکەی و بۆ پێغەمبەرەکەی و
بۆ پێشەوایانی مسوڵمانان و بۆ گشت خەڵکیش))
موسلیم ڕیوایەتی کردووە

(قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ۝٦١) الشعراء: ٦١

لەم ئایەتەدا: بە تێڕوانینی مرۆیی و واقیعی... ئەگەرەکانی ڕزگاربوون سفرن...

فیرعەون بە هەموو هێز و توانا و چەك و ڕق و کینە و ملهوڕییەوە... بەدوای ژمارەیەکی کەمەوەیە... بەدوای تاقمێکی داماو و ژێردەستە و ترسێنراوەوەیە...

ئەوان گەیشتنە قەراغی دەریا و ئەویش بەدوایانەوەیە...

(فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ۝٦١ قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ۝٦٢) الشعراء: ٦١-٦٢

خوای باڵادەست دەیەوێت متمانەت پێی بەهێز بێت...

دەیەوێت دڵنیا بیت لە هێز و توانا و دەسەڵاتی و چاودێریی بۆت...

لەبەر ئەوە یەکێ لە هەرە گرنگترین سیفەتەکانی باوەڕدار...

ئەوەیە متمانەی بە پشتگیریی و سەرکەوتنی خوایی بەهێز بێت...



پاڕانەوە خواپەرستییە

کاتێ لە خوا دەپاڕێیتەوە... داوای لێ دەکەیت... ئەوە تۆ بەندیەکی خوای گەورەی...

ئەمە چۆن؟

تەنها ئەوەی کە لە خوا دەپاڕێیتەوە... ئیتر تۆ باوەڕت بە بوونی ئەو راتە هەیە.

چونکە مرۆڤ باپاڕێتەوە لە کەسێک باوەڕی پێی نەبێت.

هەرکات پاڕایتەوە لە خوا... مانای ئەوەیە تۆ باوەڕت بە هێز و توانای ئەو هەیە...

چونکە کەسێك کە پێویستی بە پارەیەکی زۆرە...

نایەت داوا لە مندالێکی بچووک بکات کە پارەی نییە...

هەر کات لە خوا پاڕایتەوە ئەوە دەگەیەنێ کە باوەڕت بە بەزەیی ئەو زاتەیە...

کەواتە ئەو کەسەی کە لە خوا دەپاڕێتەوە باوەڕی بە بوون و بە بیستن و بە هێز و توانا و بە بەزەیی خوای گەورەیە...

نیعمانی کوڕی بەشیر(ﷻ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی. ((نزا و پاڕانەوە خودی خواپەرستییە)) پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە (ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ۝) غافر: ٦٠

ترمزی ریوایەتی کردووە. فەرموودەیەکی ڕاستە

لە ڕاستیدا نیشانەی باوەڕی ڕاست و دروست ئەوەیە

کە بپاڕێیتەوە لە خوای گەورە...

پاڕانەوە چەکی باوەڕدارە...

باوەڕداریش بە پاڕانەوە دەبێتە

بەهێزترین مرۆڤ...

دەوڵەمەندی و هەژاری
دوای چوونە خزمەت پەروەردگار دەردەکەون

خوای گەورە دەفەرموێ:

(ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴿٢١﴾) الإسراء: ٢١

لەوانەیە ئافرەتێك لەوپەڕی دنیاوە بێت تا لە ماڵێکدا خزمەت بکات...
تا کرێیەکی کەم وەربگرێ و بیکاتە خواردن و دەرخواردی منداڵەکانی بدات...

تۆیش دەربارەی حاڵی دنیا و جیاوازی لەنێوان خەڵکەکەیدا...
پرسیاری زۆرت لا دروست دەبێت و کێشەی زۆرت هەیە.

بەڵام ڕۆژی دوایی تا ئەو کات خوای گەورە بیەوێ ڕۆژی هەتاییە...
لەوانەیە مرۆڤ ژیانی دنیا زەرەر بکات...

دەکرێ ئەو ژیانەشی ژیانێکی ماندووکەر بێت... زبر و قەڵس بێت...
لەوانەیە داهاتی کەمبێت، بەڵام کەسێکی سەرڕاست و پایەدار بێت...
ئەو کەسەش کە ملهوڕە و ستەم دەکات... ئەوا سەرەتا و کۆتاییهاتنی خۆی لە بیر چووەتەوە...

ئەگەری هەیە لە ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانیدا بژی...
بەڵام پەند و وانە لێرەدا بە ڕۆژی دواییە...

پێشەوامان عەلی(ﷺ) دەڵێ:

سەرئەنجامی دەوڵەمەندیی و هەژاریی دوای چوونە خزمەت پەروەردگار دەردەکەوێ...

مرۆڤ چ کات بەختەوەرە

مرۆڤ چ کات بەختەوەرە؟

هەرکات جوولە و هەڵسوکەوتی تەبا بوو لەگەڵ ئامانجیدا...

پرسیار لە بازرگانێك بکە کە هیچ مامەڵەیەکی فرۆشتن و کڕینی نییە...

ئەو بە درێژایی ڕۆژ لە شوێنی کارەکەی دانیشتووە هەر چا و قاوە دەخواتەوە...

گۆڤار و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە...

جا هەرچەندە لە رووی جەستەییەوە کەسێکی ئیسراحەتە...

بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە زۆر ماندووە!

ئەم حەوانەوەیەی ناگونجێ لەگەڵ ئامانجی بازرگانی شوێنی کارەکەیدا...

بەڵام کاتێ بازرگانەکە بەهۆی زۆر کڕین و فرشتنەوە ئەوەندە سەرقاڵ دەبێت کە خواردن و تەنانەت ئاو خواردنەوەشی لە بیر دەچێتەوە...

ئەوا لەو بارەدا بەختەوەرترین مرۆڤە.

یەك خولەك دانانیشێ و لەملاوە دەڕوات بۆ ئەولا

لەم کڕیارەوە دەڕوات بۆ ئەو کڕیار...

ئەو ڕۆژە کە فرۆشتنەکەی نایابە... ئەگەرچی زۆر زۆریش ماندوو دەبێت...

کەچی بازرگانەکە لە بەختەوەرترین ساتەکانی جۆیدایە...

لە حەوانەوەیەکی تەواودایە و خەیاڵی جەمە...

بەڵام کاتێ لەگەڵ هاوەڵان و ڕۆژنامە و گۆڤار و میوانداریی بەردەوامدایە، بەس بێکاسبییە...

دەیبینی کە لە خراپترین حاڵەتدایە...

کەواتە مرۆڤ چ کات بەختەوەرە؟

لە ڕاستیدا کاتێ بەختەوەرە کە جوولە و چالاکییەکانی تەبابن لەگەڵ ئامانجەکەیدا...

پاشانیش کاتێك کە ئامانجەکەی جێبەجێ دەکات، ئەوا بەختەوەرترە.

ئەی مرۆڤ چ کات لە سەختی و بەدبەختیدایە؟

هەرکات جوولەی تەبا نەبوو لەگەڵ ئامانجیدا، ئەوا بەدبەخت و نارەحەتە...

خوای گەورە دەفەرموێ:

(أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ ۝) الشورى: ٥٣

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە!

ئایا شتەکان لە دنیادا بە دەستی کێ بوون تا دواجار بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو زاتە؟

گومانی تێدانییە هەموو کاروبارەکان لە دنیاولەقیامەتداهەربەدەستی خوای گەورەن...

بەڵام...

ئەوانەی لە خوا یاخی بوون...

ئەو بێئاگایانە... ئەو باوەڕ لاوازانە...

ئەوانە وادەبینن کە لە دنیادا جگە لە خوای گەورە خوای تریش هەن...

وا دەبینن (پەنا بە خوا) کە بەهێزەکانیش خوان... ملهوڕەکان خوان...

بەڵام باوەڕداری ڕاستەقینە هەرگیز وا نابینێ کە لە دنیادا جگە لە خوای گەورە خوای تر هەبن...

وا نابینێ جگە لە خوای باڵادەست بکەری تر بوونی هەبێ...

وا نابینێ جگە لە خوای گەورە بەتوانای تر بوونی هەبێ...

وا نابینێ جگە لە خوای گەورە کەسێ تر پشتیوان بێت..

وا نابینێ جگە لە خوای بەخشندە کەسی تر بوونی هەبێت...

وا نابینێ جگە لە خوای گەورە بەرزکەرەوەی تر بوونی هەبێت...

وا نابینێ جگە لە خوای گەورە نزمکەرەوەی تر بوونی هەبێت...

یەکتاپەرستی ئا ئەمەیە...

بەندەکانیش شتێکی تری چاکتر لە یەکتاپەرستی فێر نەبوون...

مرۆڤ لاوازە... بەڵام هەندێ کەس هەر هەڵگری نەخۆشیی (من)ن...
لە ڕاستیدا ژیانی مرۆڤ لەسەر درێژی تیرەی خوێنبەری (تاجی) وەستاوە
کە ئۆکسجین دەگەیەنێتە دڵ...
ئەگەر هاتوو ئەو خوێنبەرە تەسك بوویەوە، مرۆڤ
دەکەوێتە ناڕەحەتی و سەختییەك کە مەگەر هەر
خوا خۆی بزانێ...
لە سەرەتادا پێویستی بە نەشتەرگەریی
قەستەرەیە...
پاشان سەرپشك دەکرێ لەنێوان چاندنی حوێبەر،
یان دانانی شەبەکە...
دۆشدادەمێنێ و پرسیار لە یەکەم پزیشك
دەکات... پاشان دووەم... پاشان سێیەم...
کە ئەو دوو کارە کامیان باشترە؟ کامیان زۆرتر
دەمێنێتەوە؟ کامیان تەندروستترە؟ کامیان
سەلامەتترە؟
ئێستە ئیتر هەموو پێگە و پایە و چالاکی و زرنگی
و هەژموون و کەسایەتی و قەبارەی داراییت...
هەر هەموویان وەستاون لەسەر هاتوچۆکردنی
خوێن بە ئاسانی...
جا ئەگەر حوێن لە هەر شوێنێکی مێشکدا
بەستی... ئەوا شەلەل دروست دەبێت..
لەگەڵ شەلەلیشدا حاڵی متبوون ڕوودەدات...
کەواتە ئەی مرۆڤ هەموو هەژموون و قەبارەی دارایی و پێگە و پایەت
وەستاون لەسەر ڕێکخستنی گەشەی خانەکان...

چونکە ئەگەر هاتوو خانەکان بە شێوەیەکی
هەڕەمەکی گەشەیان کرد...
ئەوا نەخۆشییە مەترسیدارەکە ڕوودەدات
ئەو نەخۆشییە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی ئەبڵەق
و دەستەوسان کردووە...
کەواتە با هەموو پاڵەوانییەکەت هەر ئەوە بێت
هەمیشە لەگەڵ پەروەردگاردا بە...
ئەو زاتە کە تەواوی کار و فەرمانەکانت لە دەستی
ئەودان.

ڕێنماکاری کەسی ژیرمەندە

باوەڕ بە غەیب شتێکی زۆر مەزنە...

پاڵەوانێتی ئەوەیە باوەڕت بە غەیب هەبێت...

(ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣) البقرة: ٣

وا دابنێ تۆ دەڕۆیت بەرەو شارێك...

لەوێ بڕێك پارەی زۆرت هەیە و دەتەوێ وەریبگریت...

دوای ئەوە کە لە شارەکەی خۆت دەرچوویت...

لەسەر ڕێگاکە چاوت بە تابلۆیەك دەکەوێت کە لەسەری نووسراوە...

ڕێگاکە بەهۆی کەڵەکەبوونی بەفرێکی زۆرەوە داخراوە...

گومانی تێدا نییە کە دەگەڕێیتەوە... ئایا چ شتێك تۆی گێڕایەوە؟

لە ڕاستیدا ئەوە دەق بوو کە حوکمی کرد بە سەرتدا...

ئەو دەقە کە پێکهاتووە لە چەند وشەیەك... توانی ئاراستەی جووڵەت بگۆڕێ...

بەڵام ئەگەر ئاژەڵێك بەسەر ڕێگاکەدا بڕوات، ئایا لە کوێدا دەوەستێ؟

بێگومان لای بەفرە کەڵەکەبووەکە دەوەستێت!

ئایا چ شتێك حوکمی کرد لەسەر جووڵەی ئاژەڵەکە؟

مەعلومە کە واقیع حوکمی کرد بە سەریدا...

کاتێکیش دەق جووڵەی کۆنترۆڵ کردی. ئەوە بەڵگەی بوونی باوەڕە بە غەیب...

خوای باڵادەست فەرموویەتی پێمان کە لێپرسینەوە هەیە... بەهەشت و دۆزەخ هەیە...

(فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩٢ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٣) الحجر: ٩٢-٩٣

هیچ دوو پایەیەك لە پایەکانی باوەڕ

بە وێنەی پایەی باوەڕ بە خوا و باوەڕ بە ڕۆژی دوایی...

نەبوونەتە تەواوکاری یەکتری...

مردن گەورەترین ئامۆژگارییە بۆ مرۆڤ

پیاوێك مرد كە ماڵی لە گەڕەكێكی زۆر پێشكەوتوودا بوو...
خزمێكی كە چووبوو بۆ پرسەكەی بۆی گێڕامەوە كاتێ كە لە ماڵەكەیدا
دانیشتووە پرسیویەتی:
كێ ئەم جوانكاریانەی ڕێك خستووە؟
كێ ئەم سورەییا بەنرخانەی كڕیوە؟
كێ ئەم فەرشەی كڕیوە؟
ئایا ئێستە لە كوێیە؟
ئەوكات ئامۆژگارییەكی گەورەی وەرگرتووە...
ئامۆژگاری لەوەش كاریگەرتر ئەوەیە هەر پرسەنامەیەك لەو پرسەنامانە لە
سەریان نووسراوە...
بەڕێ دەكرێ بۆ كۆتا مەنزڵگای...
كەواتە ئەو مەنزڵگایە كە ئێستە تیایدا دەژین كاتییە...
چۆنت دەوێ وا بیڕازێنەرەوە... هەر دەبێ چۆڵی بكەیت...
هەر مرۆڤێك لە هەر ماڵێكدا نیشتەجێ ببێ... ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاسۆیی
بە هەڵگرتن بەجێی دێڵێ...
ئەمەش یەك جارە و ئیتر نایەتەوە...
چۆنت دەوێ وەها گرنگی بە دنیات بدە...
بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵدەگیرێیت و ئیتر نایەیتەوە...
كەواتە گرنگی بەو كاتژمێرە بدە...
سوێند بە خوا لەسەر ڕووی زەوی كەسێكم نەدیوە
ژیرتر و زیرەكتر و سەركەوتووتر و براوەتر و
پێشكەوتووتر بێت...
لە كەسێک كە خۆی ئامادە كردووە بۆ ئەو كۆتا ساتە
كە هەر دەبێ بێتە پێشی...



باوەڕی ڕاستەقینە خەمۆکیی لەگەڵدا نییە...
باوەڕ چۆکدادانی لەگەڵدا نییە...
باوەڕ هەستکردن بە شکستخواردنی لەگەڵدا نییە...
باوەڕ نائومێدیی لەگەڵدا نییە...
باوەڕ پاشەکشەی لەگەڵدا نییە...
چونکە هەموو ئەمانە نیشانەی ڕوو وەرگێڕانن لە خوای گەورە...
بەڵام باوەڕدار زانستی گومانبڕی هەیە کە تەواوی کارەکانی بە دەست خوای گەورەن...
هەموو خێر و چاکەیەك بە دەست خوای گەورەیە...
جگە لە خوا کەس مرۆڤ بەرز ناکات و نزمی ناکاتەوە... شکۆی پێ نادات و سەرشۆڕی ناکات...
جگە لە خوای گەورە کەس بەخشەر و گەورە نییە... کەس دەستفراوان و دەستگرەوە نییە...
ئەم باوەڕە گومانبڕە وای لێ دەکات نائومێد نەبێت، یان ناهێڵێ تەسلیم ببێ...
بەهۆی باوەڕی گومانبڕیەوە مەعنەویاتی بەرزە، چونکە هەموو کارەکان بە دەستی پەروەردگارن...
خوای گەورە بەر لەوە فەرمانت پێ بکات کە بیپەرستی دڵنیایی تەواوەتی لەم بارەیەوە پێ داوی
فەرموویەتی پێت:
(وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ) هود: ١٢٣
ئەو زاتە کاتێ فەرمانت پێ دەکات بیپەرستی و پشتی پێ ببەستی
کە پێشتر دڵنیایی پێ دابێت سەرئەنجامی هەموو کارەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای زاتی خۆی.

هیدایەتی خوا بۆ هەمووانە

هەندێ کەس بۆچوونی وایە کە هیدایەت بەخششی خوایە و تەواو..
هەوڵ و کاری مرۆڤی پێویست نییە...
ئایا کێ ئەمەی بە تۆ وتووە؟
مەعلومە کە خوای گەورە لە ڕێگای بوونەوەر... پێغەمبەران... پەڕاوە
پیرۆزەکانی... قورئانەوە هیدایەتی ئێمەی داوە...
(إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ﴿١٢﴾) الليل: ١٢
ڕاستە هیدایەت لە بنەڕەتدا لەسەر خوایە...
بەڵام پێویست دەکات تۆیش بچیت بە دەمیەوە...
وا دابنێ ڕادیۆیەك پەخش دەکات ئایا ئەرکی تۆ چییە تا ئەو پەخشەت پێ بگات؟
پێویستە ئامێری پەخشوەرگرت هەبێ...
تا ئەو پەخشە وەربگری...



هیچ نیعمەتێك لای خوای گەورە بە ڕادەی نیعمەتی هیدایەت گەورە نییە...

هیدایەت یەکەمین نیعمەتە...

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مانایە دەڵێم:

نیعمەتی هیدایەت نیعمەتی ژمارە یەکە...

نیعمەتی لەشساغی سفرێکە لای ڕاستیەوە...

بەم پێیە ژمارەکە دەبێتە (١٠)...

نیعمەتی هاوسەری چاکەکار سفری دووەمە...

ژمارەکە بووە (١٠٠)...

نیعمەتی منداڵی چاك سفری سێیەمە...

ژمارەکە بوو بە (١٠٠٠)... بۆ نیعمەتەکانی تریش بە هەمان شێوەیە...

بەمجۆرە هەموو ئەم نیعمەتانە و نیعمەتەکانی تریش سفرن و خراونەتە پاڵ ژمارە (١)...

بەڵام ئەگەر هاتوو نیعمەتی ژمارە (١) سڕدرایەوە...

ئەوا هەموو ئەوانی تر چەند سفرێکن و هیچی تر...

لەبەر ئەوە کامڵترین نیعمەت نیعمەتی هیدایەتە...

هیدایەت پێویستی بە هەوڵدان و بە کاتە...
جا بۆ ئەوەی کەسێکی هیدایەتدراو بیت...
پێویستە پابەندی وانەی زانستی بیت...
پێویستە بەردەوام بیت لەسەر فێربوون...
ئەوەش لەنێو پلانی بۆ داڕێژراوتدا بێت، بەشێکی سەرەکی بێت لە ژیانت...
بەڵام ئەگەر تەنها مەسەلەیەکی هەڕەمەکی بێت کە نە وردبوونەوەی تێدا بکەیت و نە بەرنامەڕێژی بۆ بکەیت...
ئەوا کاری لەمجۆرە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و گۆڕانکاری ڕوونادات...
جا هەروەك چۆن تەنها بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی چەند گۆڤارێك نابیتە پزیشك...
ئەوا بە هەمان شێوە تەنها بە خوێندنەوەی چەند کتێبێك نابیتە باوەڕدار...

کەواتە... باوەڕ پێویستی بە هەوڵدانە...



هاوكاریكردنی لانەوازان كەمترین ئەركی سەرشانمانە

ئەی برای مسوڵمانم لە سەرتاسەری زەویدا...

ئایا لایەنداری تۆ بۆ ئەم ئوممەتە كاتێ كە چوو بە دەم بانگەوازی پەروەردگاریەوە و كردیە چاكترین ئوممەتێک كە هاتبێت بۆ مرۆڤایەتی...

ئەو ئوممەتەی كاتێ كەمتەرخەمی نواند لە بەجێگەیاندنی پەیامەكەی و پراكتیزەی نەكرد و بانگەوازی بۆ نەكرد باجی گەورەی ئەو كەمتەرخەمییەی خۆی دا و لەسەردەم كەوت...

ئەو گومڕاییەی بە سەردا هات كە خوای گەورە هەڕەشەی لێ كردبوو پێی.

كاتێك كە وازی لە نزا و پاڕانەوە و پەرستشەكان هێنا و دوای ئارەزوو و هەوا و هەوەس كەوت...

ئایا لایەنداریت بۆ ئەم ئوممەتە كە نازانرێ ئایا سەرەتاكەی خێرتر و چاكترە، یان كۆتاییەكەی...

ئەوەت لێناخوازێ و فەرزی ناكات بە سەرتدا هاوبەشی خەم و پەژارەی ئەو برا لاوازانەت بیت كە تووشی كارەسات بوون و بێیت هاوكاریان بكەیت...

كەچی لەباتی ئەوە دێیت هەموو جۆرەكانی ڕابواردن و زیادە مەسرەف ئەنجام دەدەیت...

جا با مسوڵمانانیش بە گشتی لە باشترین باری خۆیاندا بن كە وایش نییە...

ئەوا هەر ئەم ڕەفتارە تەواو دژ و ناكۆكە لەگەڵ ڕێبازی باوەڕداراندا...

ئایا لە كاتێكدا كە دراوسێ باوەڕدارە نزیكەكانت لە خراپترین باری ژیانیاندان تۆ خەریكی چیت؟

ئەو هەموو ئاهەنگانەی لە هۆڵی ئوتێلەکاندا دەگێردرێن...
لە چێشتخانە زۆر ڕازاوەکاندا... لە باخ و بێستانە گەشتیارییەکاندا...
کە پارە و سامانێکی زۆر تیایاندا بە بێمانا خەرج دەکرێ...
لە ڕاستیدا پێویستە و ئەرکی سەرشانی مسوڵمانانە ئەو پارە و سامانە زەبەلاحانە بدەن بەوانە کە ماڵەکانیان ڕووخاون...
ـ پیاوانیان کوژراون... گەنجانیان بە دیل گیراون...
بدرێ بەوانە کە دەربەدەر کراون و بێ خانە و لانەن و لە چۆڵەوانییەکاندان و کەسێك نییە هاوکاریان بکات و بەزەیی پێیاندا بێتەوە...
ئایا تۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرت(ﷺ) پێنەگەیشتووە کە دەفەرموێ:
((باوەڕداران لە پرسی خۆشەویستیی و بەزەییهاتنەوەیان بە یەکتری و سۆزدارییان بۆ یەکتر وەك یەك جەستە وان، هەر کات پارچەیەکی ئەو جەستەیە ئازاری پێگەیشت ئەوا تەواوی جەستەکە لەگەڵیدا نەخۆش دەکەوێت و خەوی لێ دەزڕێ)) صەحیحی موسلیم



ئەی مسوڵمانان لە سەرتاسەری زەویدا... دەرگایەك لە دەرگاكانی تێكۆشان لە بەردەم هەریەكەماندا كراوەیە...

ئەویش بریتییە لە دەرگای پەناگرتن بە خوای گەورە...

دەرگای لاڵانەوە و گەردنكەچییە بۆ ئەو زاتە...

دەرگای زەلیل وەستانە لە بەردەم بەخشندەیی بێسنووریدا...

ئەبو هورەیرە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:

((پەروەردگاری پاك و بێگەرد و باڵادەستمان هەموو شەوێك لە كۆتا سێیەكی شەودا، دادەبەزێتە ئاسمانی دنیا، دەفەرموێ: كێ دەپاڕێتەوە لێم با وەڵامی بدەمەوە، كێ داوام لێ دەكات با بیدەمێ، كێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەكات با لێی خۆشببم)) بوخاری ڕیوایەتی كردووە

ئەی مسوڵمان تۆ توانات هەیە تەوبەیەكی ڕاستەقینە بكەیت و بچیتە خزمەتی خوای گەورە...

پاشان ڕاستگۆیانە و بە ملكەچیی و دڵسۆزییەوە لێی بپاڕێیتەوە...

بۆ براكانت كە سەریان بخات بەسەر دوژمنانیاندا...

دوژمنانی خوا... دوژمنانی هەق و ڕاستیی... دوژمنانی خێر و چاكە...

دوژمنانی مرۆڤایەتی... دوژمنانی ژیان...

ئەوانەی كە لە وڵاتدا ملهوڕی دەكەن... زەویان پڕ كردووە لە گەندەڵی...



ناڕەوا هەرچەندە زۆر بێت هەر نابێتە ڕەوا

خوای گەورە دەفەرموێ: (قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ) **المائدة: ١٠٠**

شتی پیس هەرچەندە **زۆریش بێت، هەر نابێتە پاك...**

حەرامیش **ناكاتە حەلاڵ...**

ڕۆری ناڕەوا **ناكاتە هەق و ڕاستی...**

نەڵێی: **من لەگەڵ** كۆی خەڵكیم...

خوای **گەورە** دەفەرموێ: (وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ) **الأنعام: ١١٦**

وەرە لەگەڵ كەمینەی باوەڕداردا **بە...**

لەگەڵ كەمینەی پابەندبوو بە **ئایین** بە...

وەرە لەگەڵ ئەو كەمینەیە بە كە دەستی گرتووە بە پەڕاوەكەی **خوای گەورە**

و سوننەتی پێغەمبەرەكەیەوە(ﷺ)

خوای گەورە دەفەرموێ:

(مَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ) آل عمران: ١٧٩

پەروەردگار چەندین تاقیکردنەوەی لایە...

تۆش هەرچی دەڵێی بڵێ... چ شتێك بە خۆت ڕەوا دەبینی ئارەزووتە...

بەڵام دڵنیابە پەروەردگار خستوویەتە ئەستۆی خۆی کە ڕۆژێ بێت بتخاتە بارودۆخێکەوە باوەڕ و کەسایەتی ڕاستەقینەت تیایدا دەربکەوێ...

مرۆڤ تووشی فیتنە دەبێ... ئەمەش حەقیقەتی تاقیکردنەوەیە...

(أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢) العنكبوت: ٢

نموونەیەك: فلانە کەس بە دایکی دەڵێ: دوای هاوسەرگیریم خۆم و هاوسەرەکەم خزمەتکاریت دەکەین...

کەچی دوای ژنهێنان بەرگەی دایکی ناگرێ...

دێت دەڵێ: کەی خوا ڕزگارمان دەکات لێی!

چی دەڵێی بڵێ... چ پلە و پایەیەکت پێخۆشە بە خۆتی بدە...

دواجار خوای گەورە دەتخاتە بارودۆخێکەوە کە کەسایەتی ڕاستەقینەت دەخاتە ڕوو...

بۆت هەیە بچیت بۆ حەج...

ڕەمەزان بەڕۆژوو بیت...

پێنج فەرزە نوێژەکانت بکەیت...

بەڵام ئەگەر بێتو کەسێکی ڕاستگۆ و پایەدار نەبیت، ئەوا بەرهەمی ئەو پەرستشانە وەرناگریت

چونکە خوای گەورە پاکە و تەنها کردەوەی پاك وەردەگرێ...

گومانی تێدا نییە کەسێ کە بە ناڕەوا ماڵی خەڵکی دەخوات..

ئەو کەسەی تریش دەستدرێژی دەکاتە سەر نامووسی خەڵکی...

ئەو کەسەی کە قسەیەك لە زاری دێتە دەر و خوای گەورە ناڕازییە پێی...

ئەوە پاك نییە... لەبەر ئەوە ئەو جۆرە کەسە ناتوانێت شتێك لە بەرهەمی پەرستشەکانی بچنێتەوە...

ئەگەر دەتەوێ نزیك بیت لە خواوە...

ئەگەر دەتەوێ خودا چاوی لێت بێت...

ئەگەر دەتەوێ خودا تەوفیقت بدات...

ئەگەر دەتەوێ خوای گەورە پشتگیر و یارمەتیدەرت بێت...

ئەگەر دەتەوێ خوا سەرت بخات...

ئەگەر دەتەوێ لە ژیانێکی پاك و خۆشدا بژیت...

دەتەوێت لای پەروەردگار سەرکەوتوو بیت...

ئەوا پاك بە...

چونکە خوا پاکە و تەنها کردەوەی پاك وەردەگرێ.

خوای باڵادەست لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێ:
(وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُواْ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾) البقرة: ٢١٦

کێ دەزانێ ئەم بەڵا و تاقیکردنەوە سەختە کە مسوڵمانان پێیدا تێدەپەڕن...

خەڵاتێکی پڕ بەها لە پەروەردگاری جیهانیانەوە بۆیان بەدوایدا نایەت...

کێ دەزانێ ئەم ناڕەحەتی و سەختییە کە بەسەر باوەڕداراندا هات... نابێتە مایەی بەهێزبوون و سەرلەنوێ ڕووکردنە پەروەردگاری جیهانیان...

کێ دەزانێ مەعلوم نییە کە پەروەردگار گەورە تاوانبار و ملهوڕەکانی بێئەوەی بیانەوێ و بێئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن بەکار نەهێنابێت... کە ببنە هۆی یەکگرتنی مسوڵمانان و بەرزکردنەوەی هیممەتیان... گیانی پاڵەوانێتی و قوربانیدان تیایاندا زیندوو ببێتەوە...

خوای گەورە ئەو ستەمکارانەی بەکار هێنابێت بێئەوەی خۆیان بیانەوێ و بێئەوەی هەستی پێ بکەن...

تا ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئایینەکەمان... بگەڕێینەوە بۆ قورئانەکەمان...
بگەڕێینەوە بۆ سوننەتی پێغەمبەرەکەمان(ﷺ)... تا لەدوای بێئاگایی
بێدار ببینەوە... تا دوای چۆکدادان هەستینەوە... تا دوای چوارمشقیدان
بکەوینە جووڵە... تا دوای کێبڕکێی ناپەسەند بکەوینە هاوکاریکردنی
یەکتری... تا دوای ناکۆکی و دووبەرەکی ئاشت ببینەوە...

لە ڕاستیدا باوەڕی مرۆڤ کاتێ پەسەندە کە خاوەنەکەی بێباوەڕی خۆی بۆ
حوکمی غەیری حوکمی خوا ڕاگەیاندبێ

(فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ
لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿﴾) البقرة: ٢٥٦

بەڕاستی دوژمنە دوور و نزیکەکانمان بە تاوانەکانیان چەرمەسەری وەهایان
هێنا بە سەرماندا، ئەوەندە تۆقێنەرن کە منداڵی شیرەخۆرە پیر دەکات...
وایان لێ کردین بەفرەتیان لێ بکەین... نەفرەت لە شارستانییەت و
دەستکەوتەکانیان بکەین...

بێداریان کردینەوە کە باوەش بە ئایینەکەمان و ژیار و ئوممەتەکەماندا
بکەین و لە ئامێزیان بگرین...

گوتەی ئەم شاعیرە زۆر نایابە کە ئەمە مانای کوردییەتی و دەڵێ:
دوژمنانم خاوەنی چاکەن لە سەرم... خوا ئەو دوژمنانەم لێنەسێنێت
ئەوان بۆ عەیبەکانم گەڕان و منیش وازم لێ هێنان... ئەوان کێبڕکێیان لەگەڵ
کردم و منیش پێی بەرز بوومەوە

مرۆڤ ئازادە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە

ئێمە زۆر زۆر پێویستمان بەوەیە باوەڕمان ڕاست و دروست بێت... ساغ و سەلیم بێت...

باوەڕی ڕاستەقینە فێرت دەکات تەواو دڵنیا بیت کە تۆ ئازادیت... ئەوە ئازادبوونە قورسایی بە کارەکەت دەدات...

تۆ ئازادی لە ڕاپەڕاندنی ئەوەی پێت سپێردراوە...

بۆ نموونە: داوات لێ دەکرێ ڕاستگۆ بیت... تۆ ئازادی لەوەی ڕاستگۆ بیت یان نا...

فەرمانت پێ دراوە ئەمانەتپارێز بیت... تۆ ئازادی ئەمانەتپارێز بیت یان نا...

پێتسپێردراوە نوێژ بکەیت... تۆ ئازادی لەوەی نوێژ بکەیت یان نەیکەی...

پێتسپێردراوە ڕۆژوو بگری... تۆ ئازادی بەڕۆژوو بیت یان نا...

تۆ ئازادی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا پێتسپێردراوە، چونکە بەهای ئەرکەکە لەوەدایە کە تۆ ئازادی لەوەی ئەنجامی بدەیت یان نا...

هەر کارێکیش تۆ ئازاد بیت تیایدا...

ئەوا کردنی بەها و قورساییەکی گەورەی هەیە،

چونکە بۆت هەیە ئەنجامی نەدەی.

هەر ڕووداوێك حیكمەتێكی تێدایە

گوتەیەكی نایاب هەیە دەڵێ:

هەرچی ڕووبدات ویستی خوای گەورەی لەسەرە...

هەرچیش خوای گەورە بیەوێت ڕوودەدات...

هەرگیز لەگەڵ گەورەیی و دەسەڵاتی باڵای خوای گەورەدا ناگونجێ شتێك لە گەردوونەكەیدا ڕووبدات و ئەو زاتە نەیەوێت...

هەر ڕووداوێكیش كە ڕوودەدات مادامێ خوای گەورە ڕێگای داوە ڕووبدات، ئەوا حیكمەتێكی تێدایە...

كەواتە ئەوەی ڕوودەدات بێ حیكمەت نییە...

ئیتر ئەو كەسەی خوا دەناسێ پێیدەزانێ...

و ئەوەیش نایناسێ نایزانێ...

كەواتە هەبوونی حیكمەت مەسەلەیەكی حەتمییە.

لە بیروباوەڕدا مەسەلەیەك نییە لە مەسەلەی قەزا و قەدەر مەترسیدارتر و هەستیارتر بێت...

بەڵام بێین هەموو هەڵەکانمان بگێڕینەوە بۆ قەزا و قەدەر!

قەزا و قەدەر بکەینە پاساوی کەمتەرخەمیمان!

قەزا و قەدەر بکەیە پاساوی سەرئەنجامی کارەکانمان...

ئەوە گوتەیەکە نە وەردەگیرێ و نە ئەقڵگیرە...

پاڵەوان کەسێکە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ...

پاڵەوان ئەو کەسەیە هەڵەکەی هەر لە سەرەتاوە دەگێڕێتەوە بۆ خودی خۆی...

ئازایەتی ئەوەیە بەجورئەت بیت... ڕاشکاوانە دانی پێدابنێی کە هەڵەت کردووە...

بەڵام بێیت هەر هەڵە و تاوانێکت بگێڕیتەوە بۆ قەزا و قەدەر.. ئەوە شتێکە ئەقڵ وەرینا گرێ...

پێویستە جیاوازی بخەینە نێوان قەزا و قەدەر و سزای کەمتەرحەمی...

قوتابییەك هیچ کۆششێکی نەکردبێ حەتمەن دەرناچێت...

کەچی هەرکات پرسیاری ئەنجامەکەی لێبکەیت دەڵێت: حوای گەورە تەقدیری نەکردووە دەرچم!

نەخێر وانییە، چونکە قسەکەی ڕاست نییە...

پێویستە بڵێ: من دەرنەچووم، چونکە کۆششم نەکرد...

با قەزا و قەدەر نەخاتە ناو بابەتەکە...

ئەگەر قوتابییەکی تر خوێندنێکی وردی کردبێ و کۆششی زۆری کردبێ.

بەڵام پێش تاقیکردنەوە بە ڕۆژێک تووشی ڕووداوێك ببێ و زیانی بە تەندروستی گەیاندبێ کە ڕێگیریی لێ کردبێت لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەی...

ئەوا ئەو قوتابییە بۆی هەیە بڵێ: خوای گەورە ویستی لەسەر نەبووە من دەرچم...

بە دڵنیاییەوە کە خوای گەورە لەسەر کەمتەرخەمی و تەمبەڵی گلەییت لێ دەکات...

کەواتە کۆشش بکە... بجووڵێ... داواکاری خۆت پێشکەش بکە...
بگەڕێ بەدوای هەر هۆکار و هۆیەکی شەرعیدا...
لە ماڵەکەت وەرە دەرەوە... سەردانی شوێنی ئاگادارییەکانی هەلی کارکردن بکە
نەکەی هەر لە ماڵەوە دەستەوئەژنۆ دابنیشی، نە بجووڵێیت و نە داوای کار بکەیت...
تەنها چوارمشقی دانیشی و چاوەڕێی دەروویەکی خێر بیت... چاوەڕێی موعجیزە بیت...
بەڕاستی ئەوە تەمبەڵی و دەستەوسانییە!
مەخابن... ئەمە حاڵی زۆرێك لە مسوڵمانانی ئەمڕۆیە...
لە هەلومەرجێکدا کە دوژمنانمان خۆیان ساز دەدەن لە دژمان... کەچی ئێمە هەر چاوەڕێی دەروویەکی خێرین کە لە خوای گەورەوە دابارێتە سەرمان...
چاوەڕێی موعجیزەین. چاوەڕێی بوومەلەزەیەکین دوژمنانمان لەناو بەرێ!
لە ڕاستیدا ئەمانە خەیاڵپلاوی کەسە بێئاگا و نەزانەکانە
خوای گەورە دەفەرموێ:
(وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ) الأنفال: ٦٠

کات یان بە بێهوودە... یان **لە شتی** سوودبەخشدا بەسەر دەبرێ...
بەداخەوە زۆربەی بە بێهوودە بەسەر**دەبرێ** هەروەك زۆرینەی خەڵکی ئەمڕۆ...
هەر دەخۆن و دەخۆنەوە و ڕادەبوێرن...
کاتێ دەزانن مردن لەناکاودا هەڵدەکوتێتە سەریان و ئەمانیش هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ نەکردووە...
ئەمجۆرە کەسانە کاتیان لە شتانی بێهوودەدا بەسەر دەبەن...
بەڵام باوەڕداران کاتیان لە شتانی سوودبەخشدا بەسەر دەبەن...
واتە کاتیان لە سەرقاڵبوون بە کاری چاکە بەسەر دەبەن، دوای تێپەڕبوونی کاتەکەش ئەو کارەیان بەسوود دەگەڕێتەوە سەریان...
مانای ئەم چەمکانەی پێشەوە لە سورەتی العصردا هاتووە کە دەفەرموێ:
(وَالْعَصْرِ ۝١ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ۝٣) العصر: ١-٣
خوای گەورە بە ڕەهایی سوێند دەخوات بە کات بۆ ئەو مرۆڤەی کە پلەی یەکەمی هەیە لەنێو بەدیهێنراوەکانی تردا...
چونکە مرۆڤیش لە حەقیقەتدا هەر کاتە... بەوەی کە دۆڕاوە...
چونکە تێپەڕبوونی کات تەمەنی بەکار دەبات...
مەگەر لە کاتێکدا نەبێت ئەو کات و تەمەنەی لە وەبەرهێناندا بەسەر ببات...
واتە باوەڕی هێنابێت و کردەوەی چاك بکات...
بانگەواز بۆ لای خوای گەورە بکات و بگەڕێ بەدوای حەقیقەتدا و ئارامگر بێت لە سەری...
پاشانیش کاری پێ بکات و بانگەوازی بۆ بکات...

حوای گەورە دەفەرموێ:

(رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ) الممتحنة: ٥

کاتێ مرۆڤێکی خۆرئاوایی مسوڵمانێك دەبینێ

کە لێدوانێکی درۆینەی داوە تا دەستکەوتێکی

ماددی بەدەست بێنێت...

ئەوا ئەو باوەڕەی لا دروست دەبێت کە ئایینەکەی

خۆی ڕاستە و ئایینی مسوڵمانەکە هەڵەیە...

چونکە ئەگەر مسوڵمان لە وڵاتی خۆیدا هەڵەیەك بکات ئەوا

ئاماژە تەنها بە ناوەکەی دەکرێ...

دەوترێ: فڵانە کەس هەڵەی کرد...

بەڵام ئەگەر مسوڵمان لە جیهانی خۆرئاوادا هەڵە بکات، ئاماژە بۆ

ئایینەکەی دەکرێ!

برایان و خوشکانی مسوڵمانم، ئەی ئەوانەی نیشتەجێی وڵاتانی

خۆرئاوان...

ئێوە لەسەر کەلێنی سنوورێك لە سوورەکانی ئەم ئایینە وەستاون... با

دوژمن لە لایەن ئێوەوە نەیەتە ژوورەوە...

چونکە هەر هەڵەیەك لە لایەن هەر مسوڵمانێکەوە کە نیشتەجێی وڵاتانی

خۆرئاوا بێت بکرێ..

ئەوا دەدرێتە پاڵ ئایینەکەی...

بەڵام هەڵە لە وڵاتانی خۆماندا... تەنها بە ناوی هەڵەکارەکەوە تۆمار دەکرێ...

بمانەوێ و نەمانەوێ... ئێمە باڵوێز و پەیامبەری ئایینەکەمانین...

پێویستە پەیامێك لە وڵاتانی مسوڵمانەوە هەڵبگرین و بیگەیەنینە وڵاتانی

خۆرئاوا...

پەیامەکەش باس لە پایەداریی و ڕاستڕەوی باوەڕدار و پاکێتی و

پاکیزەیی... ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی بکات...

بڵاوبوونەوەی گوناهەکان هۆکاری لەناوچوونی گەلانە

هەرکات کۆمەڵگەیەکت بینی کە نوقمی سووخۆری بوو... نوقمی زینا بوو... نوقمی درۆکردن بوو... نوقمی دووڕوویی بوو... نوقمی دڵڕەقی و بێبەزەیی بوو... نوقمی ستەم بوو...

دەبێ باوەڕت وابێت ئەو کۆمەڵگایە لای خوای گەورە کۆمەڵگایەکی لەناوچووە...

بەڵام ئەو ڕێکارە کەی دێت ئەو لەناوبردنە بەرجەستە بکات؟

ئەوە لە زانستی خوادایە...

کاتێك مرۆڤ لە خوا یاخی ببێت...

لە ڕێبازی پەروەردگارەکەی دوور بکەوێتەوە...

کاتێك شکۆمەندیی خۆی لەسەر ئێسقان و جەستەی خەڵکی دادەمەزرێنێ...

کاتێ ژیانی خۆی لەسەر مردنی ئەوان بونیات دەنێ... هێزی خۆی لەسەر زەلیلکردنی ئەوان بەرپا دەکات...

کاتێك دەوڵەمەندبوونی خۆی لەسەر هەژاریی ئەوان بونیات دەنێ...

لەخۆبایی دەبێ و دەکەوێتە ناو تاوانەوە...

کاتێك ئامۆژگاری دەکرێ و گوێناگرێ...

ئەوکات پەروەردگار بڕیار دەردەکات بە لەناوبردنی... لەگەڵ وەستانی جێبەجێکردن...

پاشان بە حیکمەتێکی زۆر ورد و دانایانە ڕۆڵی جێبەجێکردن دێتە پێش...

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكَم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا) الأعراف: ٤

لە دوای دەرچوونی بڕیار بە لەناوبردنی... ئیتر بە ماوەیەك میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دێتەپێش...

حەرامکردنی سوو

باوەڕدار لە سنووری دیاریکراوی خوای گەورەدا دەوەستێ...
ڕازی نابێت بە داهاتێکی دارایی کە گومانی حەرامی لەسەر بێت...
خوای گەورە دەفەرموێ: (يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ) البقرة: ٢٧٦
سووخۆریی یەکێکە لە هۆیەکانی لەناوچوونی ئوممەت... لەبەر ئەوە هەڕەشەی توند لەسەر سووخۆریی هاتووە...
(فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾) البقرة: ٢٧٩
خوای گەورە فەڕ و بەرەکەتی خستووەتە ناو قەرزی شەرعی و چاکە...
سزا و خەشم و تووڕەییشی خستووەتە ناو قەرزی سووەوە...
بەڵام مەخابن لەگەڵ لاوازیی مسوڵمانان و لەگەڵ کەمیی چاکەکردن لای خەڵکی...
هەندێ کەس ڕوو دەکەنە قەرزی سوو...
هەر بۆیە کاتێ مسوڵمانان لە پێدانی قەرزی شەرعی و چاك بە یەکتر کەمتەرخەمی دەکەن. .
ئەوا گوناە و تاوانی بڵاوبوونەوەی گرێبەستە سووییەکان لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا دەکەوێتە ئەستۆیان...

چەمكى (لایەنگیریى و پەڕگیریى)
بنەمایەكى سەرەكییە لە ژیانى باوەڕداراندا

ئەم ئایەتە پەیوەندى بە هەردوو چەمكى لایەنگیریى و پەڕگیرییەوە هەیە...
(یَـٰٓأَیُّهَا ٱلَّذِینَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلۡكَـٰفِرِینَ أَوۡلِیَاۤءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِینَۚ أَتُرِیدُونَ أَن تَجۡعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَیۡكُمۡ سُلۡطَـٰنࣰا مُّبِینًا ﴿١٤٤﴾) النساء: ١٤٤

وەك بڵێى خۆت خستووەتە بەر سزاى خواى گەورە...

ئایا لەسەر زەویدا دایك هەیە دڵخۆش بێت بە ئابڕووچوونى كچەكەى؟

ئەگەر دڵخۆش بێت بە ئابڕووچوونى كچەكەى، ئەوا پێى دەڵێین: تۆ دایكى ئەو نیت...

ئەگەر دایكى بوویتایە ئەوا بە ئابڕووچوونى ئێش و ئازارت دەچەشت...

كرۆك و بڕبڕەى باوەڕى تۆى باوەڕدار ئەوەیە دڵخۆش بیت بە سەركەوتنى مسوڵمانان...

هاوكات زۆر زۆر ئیش و ئازارت پێبگات بە بارە نەرێنییەكانى ژیانیان... ناڕەحەت بیت بەو بارەى پێیەوە دەناڵێنن... لە بەتاڵانبردنى سەرووەت و سامانیان... لە دووبەركى نێوانیان... لە ململانێى ناڕەوایان... ئازارت پێ بگات... هەندێك جاریش كە بەرگەى هەواڵە ناخۆشەكان ناگریت دەگریت...

ئەركى سەرشانتە بە لانى كەمەوە داواى دوعاى خێریان بۆ بكەیت...

هاوكارییان بكەیت... پشتگیرییان بكەیت و سەریان بخەیت...

هەندێ بازرگان لەسەر شوێنکاری بازرگانییەکەی تابلۆیەك هەڵدەواسێ ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا (١)) الفتح: ١ لە سەری نووسراوە

کەچی دەیبینی ساختە لە مسوڵمانان دەکات!

لەسەر کەلوپەلەکەی دەنووسێت لە فلان وڵات دروست کراوە...

لە کاتێکدا خراپترین کەلوپەلێکی دروست کراوە...

لەوانەشە شوێنی ڕاستەقینەی دروستکردنی کەلوپەلەکە بشارێتەوە...

کەواتە ڕواڵەت ناکرێتە پێوەر بۆ ڕاستگۆیی...

پێویستە مسوڵمان هەردەم گوتەی دادپەروەرانە لە زاری دەرچێ...

بۆ نموونە: یەکێك لەوان کچەکەی دێتەوە لای کە لەگەڵ مێردەکەیدا ناخۆشی بووە...

ئەویش لای خۆی دەیهێڵێتەوە تا مێردەکەی زەلیل بکات...

ئایا پەیوەندیت بە مێردەکەیەوە کرد و پرسیارت لێ کرد لەوەی کە ڕوویداوە؟

یان قەناعەتت بە قسەی کچەکەت کرد و تەواو!

لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و نابێت ڕووبدات...

خوای گەورە دەفەرموێ:

(إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ) الأنفال: **٧٢**

زیادەڕۆیی ناکەم **گەر** بڵێم: ئەم **ئایەتە چارەسەری تەواوی** کێشەکانی مسوڵمانانی **تێدایە**

چونکە باوەڕداران... هاوکاری یەکترن... **پشتی** یەکتری دەگرن... ڕێنمایی بە **یەکتری** دەکەن... **بەخشندەن** بە **یەکتر**... لێبووردەن بۆ یەکتر...

سوێند بە خوا ئەگەر بێتو ئێمە یەکڕیز نەبین...

ئەگەر بە ئازاری مسوڵمانێك **کە** لەوپەڕی دنیا ئازار بدرێ ئازارمان پێنەگات...

ئەوا باوەڕەکەمان کە**موکوو**ڕیی تێدایە...

ئەگەر دڵخۆش **نەبین بە** سەرکەوتنی **برایەکی باوەڕدار**...

ئەوا باوەڕەکەت **لاوازی** تێدایە...

ئەگەر **برایەکت هاوسەرگیریی کرد و** سەرکەوتوو **بوو لەو هاوسەرگیرییەیدا**...

دەبێت تۆ دڵخۆشبیت پێی...

ئەگەر خانوویەکی نوێی کڕی..

پێویستە دڵخۆش بیت...

ئەگەر کۆمپانیایەکی **کڕی و** سەرکەوتوو **بوو**...

دەبێت دڵ**خۆشبیت** بەو کارەی...

بەڵام ئەگەر بە سەرکەوتن و بە هاوسەرگیریی و **بڕوانامە و بە بازرگانییە** سەرکەوتووەکەی **بە** پێچەوانەوە ئازارت **پێگەیشت**...

ئەوا لە حاڵەتی دووڕوویی خۆت بترسە!



سوێند بەو خودایە کە جگە لەو زاتە خوایەکی تر بووی نییە...
دەتوانی لە هەر خولەکێکدا کارێکی چاك بکەیت...
یان بە ئامۆژگاریکردن یان بە سەرنجپێدان...
یان بە فەرمانکردن بە چاکەیەك یان ڕێگیریکردن لە خراپەیەك...
وەك لابردنی ناڕەحەتییەکی سەر ڕێگا، یان ڕێنیشاندەری نەشارەزایەك بیت بۆ گەیشتن بە مەبەستی، یان دەستبێنی بە سەری بێباوکێکدا، یان سەردانی خوشکەکەت بکەیت لە شوێنێکی تر...
کە لەوانەیە براکانی تری سەردانی نەکەن...
ئەگەر لە ماڵی خۆیدا سەردانت کرد... ئەوا دڵی دەدەیتەوە...
ئەویش لە بەردەم هاوسەرەکەیدا پێشوازیت لێ دەکات... شانازی بە خۆت و بە سەردانەکەتەوە دەکات...
سوێند بەو خوایە کە جگە لەو زاتە خوایەکی تر بوونی نییە...
وێڕای هەموو بارودۆخە سەختەکان...
دەتوانی بە سووك و ئاسانی دەیان کاری چاك بکەیت...
جا ئەگەر هەمووی دنیا دژ بە ئایینەکەت بجەنگن...
تۆ هەر لەتواناتدایە چەندین کاری ئیسلامیی چاك ئەنجام بدەیت...
(يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓاْ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ) المائدة: ٣٥

قورسایی مرۆڤ لای پەروەردگار...
بە ڕادەی قورسایی کردەوە چاکەکانیەتی

ئەگەر بمەوێ ئەو هۆکارانە بژمێرم کە نزیکمان دەکەنەوە لە خوای گەورە...
لە ژمارە نایەن...
ئیبن قەییم دەڵێ:
(شێوازەکانی گەیشتن بە بەدیهێنەر... بە ژمارەی هەناسەکانی هەموو بەدیهێنراوانە)
مرۆڤێك مزگەوتێك دروست دەکات...
یەکێکی تر کەلوپەلە پێویستەکانی مزگەوتەکە دابین دەکات...
مرۆڤێك بانگەواز بۆ لای خوای گەورە دەکات...
مرۆڤێك خانەی بێباوکان دروست دەکات... یەکێکی تر سەرپەرشتی بێوەژنان دەکات...
مرۆڤێك پەیمانگایەکی شەرعی دادەمەزرێنێ...
مرۆڤێکی تر نەخۆشخانەیەك دروست دەکات...
مرۆڤێك قسەی ڕاستگۆیانە دەکات... یەکێکی تر ئامۆژگاری دەکات و هەروەها.
(وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ) التوبة: ١٠٥



ئافرەتێك لە جوانترین شێوەی خۆڕازاندنەوەدا دەڕوات بە ڕێگایەکدا...
شێوەی ڕێکردنی سەرنجڕاکێشە... جەستەی جوانی لە بەرچاودایە...
لەسەر زەویشدا یاسایەك نییە ڕێگری لە تۆ بکات سەیری نەکەیت...
ئایا چۆن نزیك دەبیتەوە لە پەروەردگار؟
تۆ لەبەر خۆشەویستی خوای گەورە... لەبەر گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی... بە مەبەستی نزیککەوتنەوە لەو زاتە... چاوت دادەخەیت و سەیری ناکەیت...
پاشتر ئافرەتێکی چاکەخواز دەخوازی و پڕ بە پڕی
چاوانت سەیری دەکەیت و سوپاسی خوای
گەورە دەکەیت...
کەواتە لێرەدا تۆ بە حەز و ئارەزووەکان دوو
جار بەرز بوویتەوە...
جارێکیان ئارامگر بوویت...
جارێکیشیان سوپاسگوزار بوویت...
واتە: ئەگەر چاو داحەیت لە ئاست
ئافرەتێکدا کە نامەحرەمە پێت...
ئەوا بەو ئارامگرییە بەرر دەبیتەوە
بۆ لای خوای گەورە...
ئەگەر سەیری ئەو ئافرەتەت
کرد کە حەڵاڵی خۆتە، ئەوا بە
سوپاسگوزاریی بەرز دەبیتەوە بۆ لای
پەروەردگار...

ئەگەر دەستت هەڵگرت لە گرێدانی گرێبەستێکی بازرگانی گومانلێکراو...
کە شمەکەکەی حەرام بێت.
یان شێوازی کاسبیەکەت حەرام بێت...
ئەوا بە ئارامگریی بەرز دەبیتەوە بۆ لای خوای گەورە...

ئەگەر پارەیەکی حەڵاڵیشت دەست کەوت...
ئینجا بێیت خواردن و خواردنەوەی پێ بکڕیت و بیدەیتە دەرخواردی ماڵ
و خێزانت و ڕێزیان لێ بگری ..
ئەوا بەو سوپاسگوزارییە بەردەبیتەوە بۆ لای پەروەردگار...
کەواتە کاتێ چاو لە ئاست حەرامدا دادەخەیت بەرز دەبیتەوە...
کاتێ سەیری هاوسەرەکەت دەکەیت بەرز دەبیتەوە...
کاتێ وازدێنێ لە پارەیەکی حەرام، بەرز دەبیتەوە...
کاتێکیش پارەیەکی حەڵاڵ دەبەخشیت، بەرز دەبیتەوە...
بۆ کردەوە چاکەکانی تریش هەر بە هەمان شێوەیە...
کەواتە ئازایەتی ئەوەیە بتوانی بە حەز و ئارەزووەکان باڵا بکەیت

پیشە و پیشەوەریی... ئەمانەتە لە گەردنی
پیشەسازدا...
ئایا جوان فێری ئەو پیشەیە بووە؟ ئایا
جوانکاری تێدا کردووە؟ ئایا پەرەی پێ داوە؟
یان پشتگوێی خستووە... تا بووەتە عەیبە
و کەموکوڕیی... ئینجا لەکارکەوتن و
گەندەڵی...
هەروا درەخت و تۆو ئەمانەتن لە گەردنی
کشتیاردا...
شمەکی وەبەربەر ئەمانەتە لە گەردنی
فرۆشیاردا... ئایا دڵسۆزیی تێدا کردووە؟
یان ساختەی کردووە لە جۆری یان لە چەندێتیدا
یان لە سەرچاوەی دروستکردن، یان لە نرخەکەیدا؟
کڕین و فرۆشتن ئەمانەتە... قەرزەکان ئەمانەتن...
میراتی ئەمانەتە... ئایا میراتییەکەت بەپێی شەرعی پەروەردگار دابەش
کردووە؟
یان کچەکانت بێبەش کرد و خیانەتت لە ئەمانەت کرد؟
ئەی پارێزەر: ئەگەر ڕاستگۆ نەبیت لەگەڵ بریگرتەکەتدا، ئەوا ناپاکیت لە
ئەمانەت کردووە...
ئەی مامۆستا: ئەگەر قوتابی فێر نەکەیت، ئەوا ناپاکیت لە ئەمانەت کردووە...
ئەی پزیشك: ئەگەر گوێ نەدەیت بە نەخۆش... خیانەتت لە ئەمانەت کردووە...
(۞إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا) النساء: ٥٨
لە ڕاستیدا بە هەزاران ئەمانەت هەڵواسراون بە گەردنی مرۆڤەوە...
ئەویش بەرپرسە لە هەموویان...
(فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾) الحجر: ٩٢-٩٣

ڕكوع نواندنی ملكەچییە بۆ پەروەردگار...
سوژدەش داواكردنی یارمەتییە لێی

چەمینەوە (ڕكوع) ملكەچییە: ئەی پەروەردگار من گوێبیست و گوێڕایەڵم...

نە ناڕەزایی و نە خۆپارێزی و نە هەڵاوێردكردن... فەرمان هەمووی بە دەستی خۆتە. ئەمەش تەواوی ملكەچییە...

لەبەر ئەوە وتراوە: خواپەرستیی ئەوەیە ئەوپەڕی ملكەچیی و ئەوپەڕی خۆشەویستیی تێدابێت...

چونكە چەمینەوە واتە... ئەی پەروەردگارم من ملكەچی تۆم...

سوژدەش (سجدە) واتە... ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە لەسەر گوێڕایەڵیكردنت...

چەمینەوە ملكەچییە. سوژدەش داواكردنی یارمەتییە لە حوای گەورە...

لە ماناكانی (لا حول ولا قوە إلا بالله)...

ئەمەیە كە: هیچ هێزێك نییە بتوانێ بە دوورم بگرێ لە سەرپێچیكردن و یارمەتیم بدات لەسەر گوێڕایەڵی جگە لە زاتی پەروەردگار خۆی نەبێت... هیچ هێز و توانایەكم نییە لەسەر پەرستنی مەگەر هەر زاتی خۆی یارمەتیم بدات...

كۆتا ئامانجی خواپەرستی ئەوەیە گەردنكەچ بیت...

بۆ گوێڕایەڵیكردنیشی داوای یارمەتی تەنها لە زاتی خۆی بكرێ...

(وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ ﴿٣٣﴾) یوسف: ٣٣

(وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعْبُدَ الْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾) إبراهیم: ٣٥

(رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي) إبراهیم. ٤٠

چەمینەوە و سوژدەبردن بەرانبەرن بە (إياك نعبد وإياك نستعين)
الفاتحة: ٥

وتراوە: قورئانی پیرۆز لە سورەتی فاتیحەدا کۆ کراوەتەوە...
سورەتی فاتیحەش لە (إياك نعبد وإياك نستعين ٥)دا کۆ کراوەتەوە
ئەم ئایەتە پیرۆزەش بە خستنەڕووی دیارترین دوو هەڵوێست کە وان تیایدا
گوزارشتی لە نوێژ کردووە...
(يا أيها الذين آمنوا اركعوا واسجدوا واعبدوا ربكم وافعلوا الخير لعلكم
تفلحون) الحج: ٧٧

ئایین، خواییە (توقیفی)یە...
ناچێتە ژێر هیچ هەموارکردن و پەرەپێدانێك

لە ڕاستیدا ئەم ئایینە لە خواوەیە...
نە بەرهەمی سەر زەوییە و نە کەلەپوورە و نە کەلتوورە...
ئایین شتێك نییە بکەوێتە ژێر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەموارکردن و پەرەپێدان و نوێکردنەوە و زیادکردن و لابردن و ڕەخنەوە...
چونکە ئەم بابەتانە تەنها بۆ بەرهەمی سەر زەوی گونجاون...
ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بۆ شتانێکە دەستکردی مرۆڤ بێت...

سەیری ئۆتۆمبێل بکە
ئایا لە ماوەی سەد ساڵدا تا ئێستە چەندە پەرەی پێ دراوە.
دەستکردی مرۆڤ پەرەی پێ دەدرێ و گەشە دەکات...
مرۆڤیش لە هەڵەکانی خۆیەوە فێر دەبێت...
هەر دروستکراوێکی مرۆڤ ببینی دوای ماوەیەك دروستکراوێکی تر دێت کە لەوی پێشووتر باشترە...
هەر دروستراوێکی مرۆڤ ببینی دوای ماوەیەك دەبیبی ئەو دروستکراوەی کە دوای ئەو هاتووە هەڵە پێشووەکانی ئەوی چاك کردووە...
ئەمەش ئیشی مرۆڤە...

بەڵام ئەگەر مرۆڤ گومانی وابێت کە ئایینیش دەکەوێتە ژێر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەموارکردن و پەرەپێدان و زیادکرد و لابردن و ئەمجۆرە گۆڕانکارییانەوە...
ئەوا کەوتووەتە ناو هەڵەیەکی سامناکەوە...
چونکە ئایین لە خوای گەورەوەیە...
لە لایەن بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەوەیە...

ئایین کاملە و کاملێکی ڕەهایە...
بەڵگەش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ:
(ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ) المائدة: ٣

واتە: کەماڵە لە جۆردا و کەماڵە لە ژمارەدا...
واتە کۆی ئەو مەسەلانەی کە ئایین چارەسەری کردوون لە ڕووی ژمارەوە کاملن...
شێوازی چارەسەرکردنیشی لە ڕووی جۆرییەوە هەر کاملە...
کەواتە ئایین ناکەوێتە ژێر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن...
ناکەوێتە بەر ڕەخنە و زیادکردن و لابردن...
ئایین خواییە (توقیفی)یە و لە خوای گەورەوەیە...

خوێنەری بەڕێز: لە کاتی خوێندنەوەی ئەم وتە نایابانەدا، دەبینی لە جێگایەکدا تیشک خراوەتە سەر ئایەتێک، یان فەرموودەیەک، ئینجا دەگوێزیتەوە بۆ ڕەوشتێکی بەرزیی ئیسلامی، بۆ سەرگوزەشتەیەکی کاریگەر، بۆ بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی گەورەیی خوای گەورە لە مرۆڤ و لە گەردووندا، بۆ زیاتر ناسینی فەرماندەری باڵادەست، یان بۆ شارەزابوون بە فەرمانێک لە فەرمانەکانی، ئینجا دەڕوات بەرەو بابەتێکی هاوچەرخ کە پەیوەندی بە ئایین و ئوممەتەکەمانەوە هەیە، ئەم کتێبە لە بابەت و شێوازیدا کتێبێکی هەمەڕەنگە، هاوکات بە جۆرێکە کە خوێنەر لە توانایدا بێت لە حاڵەتی نیشتەنی و سەفەردا هەڵیبگرێ، تیایدا لە هەر باخێک گوڵێک بۆن دەکات، لە هەر لاپەڕەیەکدا سوودمەند دەبێت لە زانیارییەکی نوێ، ئینجا ئەو زانیارییانە لای خۆی دەپارێزێ تا هەرکات کە بیەوێ بتوانێ لە ڕێگای هۆکارە سەردەمییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییەوە بیگوێزێتەوە بۆ هەر کەسێک کە خۆی پێی خۆشە.

٧٠٠٠ دینار

ISBN:978_9922_626_86_4

9 789922 626864

07501269689
07511408868

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)